# هەتاوی نیوەشەو

***رامانە، لێکۆڵینەوەیە، رەخنەیە لە شیعری نوێی کوردی***

فوئاد سدیق

**زنجیرەی کتێبی گیرفان: (٣)**

**لە چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری**


– *ناوی کتێب: هەتاوی نیوەشەو*

– *ناوی نووسەر: فوئاد سدیق*

– *بابەت: لێکۆڵینەوە*

– *پیتچنین: نیشتمان لەتیف– رزگار حەساری*

– *نەخشەسازی: رزگار حەساری*

– *نەخشەسازی بەرگ: جەلیل محەمەد*

– *ساڵی چاپ: ٢٠٠٥*

– *ژمارەی سپاردن: ١٣٤*

***ئەم چەند لاپەڕەیەی لەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە، هەر بابەتەو لە سەردەمێکی جودا لە ئەوی دیکە نووسراوە، بەڵام بەگشتی یەک میتۆدی بەخۆوە گرتووە کە تا رادەیەک خوێنەر وا هەست دەکات هەموو بابەتەکان لە یەک کات و ساتدا نووسراون.***

***وەنەبێت نووسینە ئەدەبییەکانم تەنها ئەوەندە بن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو نووسینەکانی خۆم بە ڕێکوپێکی هەڵنەگرتوون، هەندێک لە نووسینەکانم کە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبین و هەروەها هەندێک دیمانەی ئەدەبین کە دەربارەی شیعری نوێی کوردی، لەگەڵم کراوە لێرە جێگایان نەبۆوەو ئەگەر بوار رەخسا لە دووتوێی کتێبێکی دیکەی گیرفان چاپیان دەکەم.***



***زۆربەی ئەو نووسینانەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە، تیشک خستنە سەر نیوەی دووەمی هەشتاکانی شیعری نوێی کوردییە، کە ئەو کاتە بەیاننامەو بڵاوکراوەی شیعری جۆراوجۆر زۆر هەبوون و لێدوان و لێکۆڵینەوەش لەسەر ئەو سەردەمەی شیعری کوردی هەر زۆر کەم بوو، بۆیە ئەگەرچی لە کاتی خۆیدا بڵاوم کردوونەتەوە، بەڵام بۆ ئێستاکەیش تاموچێژی خۆی هەر لە دەست نەداوەو ئاوڕدانەوەیەکە لە ئەوکات.***

**کوردستان- هەولێر**

**ئاداری ٢٠٠٥**



# ئەدەب و سیاسەت

ئای شیعر! دونیای تێکچرژاوی پڕ سیحر، لە رووخسارتدا، جیهانێکی تراژیدی بەدی دەکەم، جیهانێک هەروا لە چاوەڕوانی (کۆلۆمبس)ێکدایە. بەڵام کێ بێت (کۆلۆمبس)ئاسا پەی بەم جیهانە نەدۆزراوە ببات.
شیعر بووکێکی چاوکاڵی قژ زێڕینی باڵا بڵندی بە ئاستەم گۆشتنەو سەدان ساڵە لە کوڕە لاوێکی رۆح سووک مارەکراوە، بەڵام جلکی بووکێنی گەچراوەو شاجاغەکەیشی ژەنگی هەڵهێناوە!
ئێمرۆ شیعر وەک ئافرەتێکی ڤرتۆنی لێ هاتووە، چی جوانی سرووشتیی خۆی هەیە، لە دەستی داوە! ئافرەتێکی فەهۆ ببردرێتە ساڵۆنێک بەتیف تیفەی تازەترین مۆدیلو نوێترین جۆرە دەرمان ئارایشت بکرێتو دەستکارییەکەی بەڕادەیەک کرابێت کە کاری لە بەرزیو نزمیو لاوازیو قەڵەوی بەژنو باڵاکەیشی کردبێت!، جا توخوا خەڵکینە هەر کچۆڵەیەک بەم دەردە ببردرێ، دەسگیرانەکەی خۆیشی دەیناسێتەوە؟!، گەنجێکی دیسکۆی تازە لاو بکرێ بە پیرەمێردێکی جووتیاری ریش سپیدار دەناسرێتەوە...؟!.



گوناهم نەکردووە، ئەگەر بڵێم شیعریش عەیامێکی زۆر دوورو درێژە بەم دەردە کوشندەیە چووەو سیفاتی بنەڕەتی خۆی لە دەست داوە، ئەگینا شیعر لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە نەهاتووە، خەڵکی بۆ کۆڕی راپەڕینو.. و.. و.. پێ هان بدرێ! ئەمە کاری بنەڕەتی شیعر نەبووە. لە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی (مشاعیە بدائیە) شیعر (بە ماناکەی) لە ئارادا نەبووەو، وردە وردەش بە شێوە ساکارە سەرەتاییەکەی خۆی، هەر بە تەنها بریتی بووە لە ململانێی سروشتو وەسفی جوانی ئافرەت، ئەگەرچی لە شێوەی گۆرانیو رووکەشانەش بووبێت، بەڵام، وردە وردە لەگەڵ دروستبوونی کۆیلەو کۆیلەداریو چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە شیعریش وردە وردە ئەرکو سیفاتی بنەڕەتی خۆی لە دەستداو، بۆ هەڵمەتی پاڵەوانانەو هوشیارکردنەوەی خەڵک لە سیاسەتو.. و..، بەکار هێنرا، کە ئەمەیان کاری بنەڕەتی شیعر نییەو هەر بابەتێکیش قافیەدارو مۆسیقادارو بڕگەدارو.. دارو.. داربێت، مانای ئەوە نییە شیعرە، ئەگەرچی بە زۆری زۆردارەکی ناوی شیعریشی لێ نرابێت، کەی وانەی وەرگێڕان دەکرێتە شیعر!؟

***هنا لێرە هناک لەوێ***
***ماذا ترید چیت دەوێ***

بەپێی بۆچوونی گوناهبارانی شیعر ئەمەشیان هەر شیعرە..! وانەی ماتماتیکو ئەلەکترۆنیکو کۆمپیوتەریش بەم شێوەیەی سەرەوە بوترێ هەر شیعرە...!، بەڵام، ئەمانە هەمووی تاوانە دەرهەق بە شیعر دەکرێ،

تاوانێک وەک لە مانگی رەمەزاناو لە نوێژی خوتبەداو لەناوماڵی خودا بێیت شەریک بۆ خودا دروست بکەیت، یاخود زینایەک بکەیت!، بەڵێ ئەم تاوانە بەپێی شەریعەتی ئیسلامەتیی چەند گەورەیە (کە لە دین وەردەگەڕێی) هەر بە قەد ئەو تاوانە وایە کە بەرامبەر بە شیعر کراوە!.

جاران نە (هونەر بۆ هونەر)و نە (بابەت بۆ بابەت)و نە دەیان زاراوەی دیکەی لەم بابەتە لە ئارادا هەبوون.

(ستالین) نەبووایە، رەنگە زاراوەی (رۆمانسی کۆنەپەرست)و (رۆمانسی شۆڕشگێڕ) دروست نەبوونایە، (ریالیزمی سۆشیالیست)یش ئەگەرچی (ئیڤان گرۆنسکی)و دەستەی نووسەرانی (رۆژنامەی ئەدەبی لە ١٩٣٢/٥/٢٩دا بەکاریان هێنا)، بەڵام (ستالین) نەیقۆزتبایەوەو، لەو چاوپێکەوتنەی کە لە دێی (گورتی) لەگەڵ هەندێ لە نووسەراندا سازیدا، پێی لەم زاراوەیە دانەگرتبایەو دووپاتی نەکردابایەوە، هەڵبەتە ئەم زەمینەی وەرنەدەگرت...!!، ئەوەتا چەند ساڵێکە لە وڵاتی سۆڤیەتی پیرۆسترۆیکاو گلاسنۆستدا، چەند جارە ئەدیبان کۆ دەبنەوە، بۆ ئەوەی (ریالیزمی سۆشیالیست) بگۆڕن!، چونکە بەتێکەڵەیەکی کۆمەڵایەتی کزو لاوازی دەزانن. بەڵام لەبەر نەبوونی جێگرێک، زاراوەکە هێشتا وەکو خۆی ماوەتەوە!!.

گوناهە ئەدیب مەدالیای (ستالین) یا (لینین) یا هەر کەڵە مرۆیەکی دیکەی سیاسی... سەربازی...هتد پێ ببەخشرێ، وەک هەندێ نووسەری کەم توانای وەکو (ئەلکسەندەر سۆرۆف)و (میخائیل بوبینوف)و (سیمیون بابایێفسکی) خەڵاتی (ستالین)و!!، (ئۆسکار



کورگاکوف)و..و..و.. خەڵاتی (لینین)یان پێ دراوە!، نازانم چ پێوەندییەک لە نێوان ئەدیبو بەخشینی ئەم جۆرە مەدالیایانەدا هەیە ؟!!.

شیعر هەر بۆ ئەوە هاتووە کە (پۆشکین)و (لێرمەنتۆف)و (کیتس)و (ییتس)و (ئەراگۆن)و (نالی)و (مەولەوی)و (کوردی)و (هەردی)و (گۆران)و (هێمن)و.. و.. و.. دەزانن چۆنی بهۆنەوە. لە خۆڕایی نەبوو (لینین) شیعرەکانی (پۆشکین)ی لە هی (مایاکۆفسکی) لەلا دڵگیرتربوو، ئەگەر چیش (لینین) داوای دروست بوونی ئەدەبێکی حیزبی دەکردو، (مایاکۆفسکی)ش بەدیار یەکتاکە شیعری وەکو (پەڵە هەورێک لە شەڕواڵدا) دوو ساڵ زیاتر مێشکی بەفرینی بەدیارییەوە دەکرۆشتو شەونخوونی بەدیارییەوە دەچەشت!!.

(گۆران)ی خۆشمان شیعرە رۆمانسیەکانی (ئافرەتو جوانی)و (جوانی بێناو)و (لەدرزی پەچەوە)و (پایز)و... زۆر بەهێزترو بەپێزترو پڕ هونەرییانەترن لە ئاست ئەو شیعرانەی کە لە دوای دەیان ساڵیدا (بۆ سەربازی جمهوریمان)ی نووسی.

(بێکەس) ئەو شیعرەی کە لە رووی هونەرییەوە، دەنگی پێدایەوە، شیعری (ئەی مانگ)بوو، نەک (داری ئازادی)و.. و...، (دڵدار) شیعری (خەندەکەی بایی) پۆپەی هونەری شیعرێتی، کەچی حوکمی ژیان وای سەپاندووە کە (ئەی رەقیب) ببێتە سەرزاری خەڵکە ئازارکێشەکەو (خەندەکەی بایی) پەردە پۆش بکرێت (کە ناکرێت)!، (شێرکۆ)ش ئەو شیعرانەی کە لە خانەی (ئەدەبی بەرەنگاری)دان،



لاوازتر خۆ دەنوێنن، لەئاستی ئەو شیعرە تەڕو پڕانەی کە بە جوانی ئافرەت و سرووشتا وتوویەتی. شیعری «گینگل» لە رووی هونەرییەوە زۆر زۆر بەهێزترە لەو شیعرانەی کە پاش (١٥- ٢٠) ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی (گینگل) نووسیویەتی. شیعری (سەرتاش) لەو شیعرانەیەتی کە هەتا هەتایە مردن دەرۆستی نایە.

(چای حەلیب)ی (قوبادی جەلی زادە)ش لەو شیعرانەیە کە مردن زەفەری پێ نابات، کەچی لای خەڵکی شیعری (تەمتومان) دڵگیرترە! «هەر چەندە (تەمتومان)یش ئافرەتو سروشت بە چاکی تێیدا بەرجەستە کراوە، بە هەر حاڵ ئەم بابەتە بۆ باسێکی تر دەهێڵینەوە». ئەمانە حوکمی ژیان سەپاندوویەتی ئەگینا (ئازادی خوای....) (هەردی)و (کوردم ئەمن)ی (هێمن)و... خۆ لە شیعرە رۆمانسیەکانیان پڕ هونەر تر نین.

بەگشتی لەبەر ئەوەی شیعر لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نەهاتووە بۆ هەموو مەبەستێک بەکار بهێنرێت، دەبینین زۆربەی ئەو شاعیرانەی کە شیعری سیاسیان نووسیوە، شیعرە سیاسیەکانیان کەم هونەری ترین لە ئاست ئەو شیعرانەیاندا کە بەناخی سروشتدا چوونەتە خوارەوە.

سروشتو جوانی بۆ ناو شیعر بوارێکی گەلێک بەرفراوانیان هەیە، ئەگەر جاران کامێرائاسا وێنەیان دەگیرا..

**پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر**
**چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر**



***کانیەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو***
***لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخو چەو***

ئەوا ئەمرۆ شاعیری باڵا دەست دەتوانێ پڕ هونەرییانە تر بە ناخیدا قووڵ ببێتەوەو سەدان رەمزی گونجاوی جۆراوجۆری بۆ بەکاربهێنی. دەریامەنگو رووباری بەهاژەو مانگی چواردەو سترانی کێشکەو شایلۆغانو شەرمگاو! شاشوپەڕو چاوی کاڵی کچۆڵەیەکی قژ زێڕینی تەمەن ١٤ ساڵی (گۆران) وتەنی نەباریکی نە گۆشتن... هتد، ئەمانە هەر هەموویان کەرەستەی جوانی شیعرن، هەر یەکێکیان بگریت، دەیان دیوی نەدۆزراوەو داپۆشراوی هەیە، شاعیرم دەوێ وەدیاری بخات.

شیعر هەر بۆ ئەوە هاتووە، شاعیرێکی دڵتەڕی وەکو (هێمن) دەزانێ چۆنی بڵێت...

**شیعرت دەوێ شیعرێک**
**لە گوشینی دەستی دۆ خۆشتر**
**لە مەکەو ئەیەڕۆ خۆشتر**
**وەک شەراب بگەڕێ لە خوێن**
**خەم رەوێن بێو نەشئەبزوێن**
**شیعرێک وەکو دەریای بێ بن**
**گەرمتر لە باوەشی ژن**

بەڵام، کاتێ لە پڕ ڤەتیرەکان دێنە بەرچاوی، ڤەتلینێک بۆ دەوروبەری خۆی دەداتەوەو دەبینێ وڵات نەک هەر پێخوستی زۆردارانە، بەڵکو

تەواو شەواتەیەو گوری ئاگرەکە خەریکە ئەمانیش بخاتە مەترسییەکەوە، ئیتر ڤێگابیری فەلات لە کەللەی دەچەقێنێتو ناچار دەبێت هەوڵ بدات بە ڤەخەپراندن ئاگرەکە خامۆش بکات! بۆیە لە ژوانەکەیداو، لەو کاتەی شاماکی هێناوەتە خوارەوەو دەستێکی خستۆتە سەر مەمکی شەمەندیو دەستێکیشی لەناو شەڕە پۆپانی دایە، ئەم خەیاڵە برووسک ئاسایەی کەللەی تەزاند، وای لێ دەکات دەستی برستی بە قەد منداڵێکی شیرە خۆرەش نەمێنێ رای گووشێو! ئەو لێوانەی وەکو هەنگێکی تینوو تامەزرۆی مژینی شیلەی لێوی خۆشەویستەکەی بووە، تاقەتی ئەوەی نەمێنێ هەر ماچێکی سادەی لێ بکات!!!. بەڵێ لە کانگای مەکەو ئەیەڕۆو زاوێربوونی هەردووکیاندا، بە هەزارویەک ئاخو ئەسەفی قووڵو هەناسە ساردییەوە دەڵێت:

**ئاشقی چاوی کەژاڵو گەردنی پڕ خاڵ نیم**
**ئاشقی کێوو تەلانو بەندەنو بەردم ئەمن**

و داوای لێ دەکات (کە باوەڕی وایە خواش هێندە بێ رەحم نییە تا بیسووتێنی) پێی دەڵێت با پێکەوە بڕۆین بۆ کۆری هەڵمەتو رێگای شەرەفو ئاوارەیی دەگرێتە بەرو تەمەننا دەکات گوللەیەکی وێڵ جەرگی بسمێ!! دەنا (هێمن)یش پەی بەوە بردووە کە تاوان دەرهەق بە شیعر کراوەو، شیعر لە بنەڕەتدا هەر بۆ ئەوەیە کە خۆی دەیزانێ چۆنی بڵێت. بەڵام ئەم تاوانانە بۆ رۆژگارێکی نووتەکی وەکو ئەمڕۆ، بۆتە کارێکی تەواو رەواو پێویستو پیرۆزو زۆریش پیرۆز. ئەگەرچی بەزۆر



سەپێنراوەو حوکمی ژیان سەپاندوویەتی. بۆیە بۆ ئەمڕۆ هەڵەو تاوانو گوناهە لەم رۆژە تووشەدا ئەم مافە لە شیعر بسەنرێتەوە (کە ناسەنرێتەوە) تا ئەو رۆژەی هەموو میللەتانی دونیا دەبنە یەکو پێویستیان بەوە نامێنێ دەوڵەت فەرمانڕەوایەتییان بکات. ئەوسا هەموو شاعیرانی دونیاش جارێکی تر دێنەوە سەر مافی بنەڕەتی شیعر ، بەڵام زۆر بە قووڵی. شیعر هەر تەنها بۆ قژی زەردو چاوی شین (رەنگە هی وا هەبێت شیعر بۆ ئافرەتی چاو رەشیش بنووسێ!)و بەژنی زرافو بەرکۆژەو باڵندەی دەریاو درەختو لوتکەو زنارو قژی پەرشی شەپۆلو چاوی مەنگی دەریاو..و..و.. دەنووسن. بەڵام، بەو شێوە ئاساییە رووتە لێی نادوێن کە هەنووکە لێی دەدوێن. لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان، دیوە شاراوەکان دەدۆزرێنەوە. چاوو مەنگی دەریاو قژی زێڕین، دونیایەک رەمزی جۆراو جۆر هەڵدەگرن. عەیامێکە (ئەراگۆن) لە چاوەکانی (ئەلیزا)دا هەموو پاریس و فەرەنساو دنیای دەبینی.
لە ژێر رۆشنایی ئەم بۆچوونەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین سیاسەت رۆڵێکی کاریگەرو کوشندەی لە وشککردنەوەو لە سێدارەدانی داهێنانی ئەدەبیدا بینیوە هەڵبەتە ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە سەر کەمی ئەزموونو رۆشنبیرییەکی ئاپۆرەو بەرفراوانیی ئەدیبەکە، واتە دەتوانم بڵێم ئەدیبی کورد بەگشتی لە پەراوێزی رۆشنبیریدا دەژین، چونکە هەر چەندی داهێنەر بێت کە کەوتە ناو ئایدیۆلۆژیایەکی دیارو، هەوڵێکی فرەی بۆدا، ئەدەبەکەی بە ئارەزووی خۆی، وردە وردە دەپووکێتەوە. ئەوەتا ئەگەر چاوێک بەو گۆڤارو رۆژنامانەدا بخشێنین کە لە شاخو لە ژێر



چاودێری هێزی پێشمەرگەدا بڵاوکراونەتەوە، دەبینین سیاسەت بە شێوەیەک بەسەر بەرهەمەکاندا، زاڵ بووە، مرۆ لە ئاستیاندا نەک هەر بەزەیی پیایاندا دێتەوە، بەڵکو کزە لە جەرگییەوە هەڵدەستێ!! زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکان لە یەک چوارچێوەی تەسکدا خول دەخۆنەوە، ئەویش ژیانی پێشمەرگایەتییە (ژیانی پێشمەرگایەتی بەمانا رووکەشو فرە ساکارەکەی). لە ناو ئەو هەموو وتارە ئەدەبییانەدا، وتارێک نابینرێ بەشێوەیەکی بابەتیانە لەسەر رێبازێکی فەلسەفیو مەعریفی نووسرابێ قەناعەتم وایە، ئەرکی سەرشانی ئەدیب، نابێ وەکو سیاسەتمەدارێک بێتو خۆی تەواو بخزێنێتە ناو باوەشی سیاسەتەوە. چونکە تا ئەمڕۆش سیاسەت لەلای ئێمەی رۆژهەڵاتیی یا روونتر بڵێم ئێمەی کوردستانیی بۆتە کاری هەمیشەیی رۆژانەو شەوانەمانو تەنانەت کاتی پشوودانیشمان هەر تایبەتە بە دەمەتەقێی سیاسی. جا لەبەر ئەوە ئەدیب کە کەوتە ناو سیاسەتەوە، ئەوا لەبەر کاروباری رۆژانەی رۆژنامەییو ئێزگەو بەشی راگەیاندنی ئەو حیزبەی کە ئەدیبەکە باوەڕێکی چڕوپڕی پێیەتیو پڕوپاگەندەی بۆ دەکات، هەڵبەتە بەهای ئیستاتیکیو نوێکاری، بەبۆچوونی ئەمڕۆ ئەوەندە برەوی نابێ. چونکە ئەمڕۆ ئیستاتیکیو نوێکاری کەم کەس دەتوانن راوی بکەن. جا ئەدیبە سیاسیەکەش لەبەردەم ئەم سەرقاڵبوونەیدا بەم کاروبارەی راگەیاندنو.. و.. هتد، ئەگەر بەرهەمی ئەدەبیشی چک نەکات، ئەوا بێ پێچو پەنا دەڵێم بەرهەمێکی سواوو کرچو کاڵ دێنێتەبەر. چونکە داهێنان دوور لە چێژی گشتییەو، ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک بەدڵیانە،



بەرهەمێکی سواوەو لە رووی داهێنانو جوانکارییەوە، دەست کورتە.
بە کورتیو بە پوختی، ئەدیب ئەگەر سیاسیش بێ، کە ئەومافە رەوایەی هەیە، بچێتە ناو سیاسەتەوە، بەڵام، نابێت ئەدەبەکەی بە قوربانی سیاسەتەکەی بکات. ئەدەب شتێکەو سیاسەت شتێکی دی. (سیاسەتیش لە وڵاتی ئێمەدا، زۆر جیایە لەگەڵ سیاسەت کردن لە وڵاتانی ئەوروپادا).
جا لەبەر ئەوەی ئەدیبانی کوردیش بەگشتی خاوەنی رۆشنبیرییەکی بەرفراوان نین، بۆیە وەک بەو حەماسەتو قووڵییەی کە دەچنە ناو سیاسەتەوە، ناتوانن بە هەمان قووڵییەوە بچنە ناو ئەدەبەکەوە.
بە خۆشحاڵییەوە، چەند شاعیرێکمان هەن، هەر چەندە لە پەنجەی دەستێک تێ ناپەڕن، بەڵام ، ئەوانە نوقڵانەی داهێنانێکی گەورە لەداهاتوویەکی نزیکدا لێ دەدەن. لە شیعرەکانیشیانا ، هەست بە گەلێ ڤەتیرو کارەساتی جەرگبڕو...هتد دەکرێ، بەڵام نەهاتوونە بەزمانی کەسێکی سیاسی بدوێنو نەشهاتوونە خەڵک بۆ کۆڕی تێکۆشان بەمانا ساکارەکەی هان بدەن، بەڵکو وا لە خوێنەر دەکەن، بەرامبەربەو کەونە ئاڵۆزو تێکچرژاوە تەئەمول بکەنو بکەونە ناو دنیای قووڵو بەربڵاوی لێکدانەوە. وایشی بۆ دەچم پاش چەند ساڵێکی دی لە سەرجەم جیهاندا ئەدەب لە سیاسەت جیا دەکرێتەوەو، ئەدەب زیاتر بەرەو فەرهەنگو کولتووری گەلەکەیو جوانی تەکنیکی تازەی هونەری دەچێ، وەک دوا هەواڵی شیعر لە جیهاندا ئەوەیە، نەک هەر ئیقاعی ناوەوەش زۆرکز کراوەتەوە، بەڵکو خوێنەر خۆی دەبێ مۆسیقا، یاخود باشتر بڵێین

ئیقاعی ناوەوە بدۆزێتەوە. واتە ئەركی خوێنەریش لە جاران گرانتر بووە. دیارە هەر هەوڵێكی ئیبداعیش لە سەرەتادا ئەركی وەرگرتنی تامو چێژ لەلای خوێنەر كەمێك گرانتر دەكات. زاراوەی (ئەدەب)یش هەنوكەو لەناو ئەدەبیاتیی تازەی جیهانیدا، بە زاراوەیەكی كلاسیكی دەزانن‌و، بەڵكو لە جیاتی ئەدەب (هونەری ئەدەب) هاتۆتە ئاراوە.
(مایاكۆفسكی) لەگەڵ ئەو هەموو سۆزو خۆشەویستییەی كە بۆ كرێكاری هەبوو، لەگەڵ ئەو گیانە شۆڕشگێڕییەیدا كە لە (١٥) ساڵییەوە واتە لە (١٩٠٨)ەوە چووە ناو حیزبی بەلشەفی‌و لە ساڵانی ١٩٠٨و ١٩٠٩ چەند جارێك گیراوەو دواجار بە كۆمەكیماڵەوەیان لێ نەگەڕان حوكم بدرێت، بەو هەنجەتەی كە هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە «١٨» ساڵ (لعدم بلوغه سن الرشد). مایاكۆفسكی دوای ئازادكردنی كەوتە نێوان دوو جۆرە بۆچوونەوە، ئایا درێژەی بە خەباتی سیاسی خۆی بدات، جا بە هەر شێوەیەك بێت، ئەمە ئەگەر وا بكات، هەستی دەكرد، ناتوانێ بەرهەمێكی گەییوو و داهێنەرانە پێشكەش بكات. بۆیە وتی: (ئەگەر بمێنمەوە لەناو حیزبدا دەبێ شاراوە بم، شاراوەییش واتە هیچ فێر نەبوونم.. كاری حیزبیم رادەوەستێنم‌و خۆم بۆ خوێندنەوەی لێكۆڵینەوە دادەنێم. ئەوە بوو وازی لە حیزب هێناو، لەساڵی ١٩١١شدا بە هاوبەشی یەك دوو شاعیری تری نوێكار بەیاننامەیەكیان لە ژێر ناوی (شەپازللەیەك لە رووی چێژی گشتی)دا بڵاوكردەوەو لە ساڵانی ١٩١٢، ١٩١٣، ١٩١٤شدا، بە دیار یەك پارچە شیعری وەكو (پەڵە هەورێك لە شەرواڵدا) كە لە سەرەتاوە ناوی شیعرەكە (پێغەمبەری



سێزدەهەم) بوو، مێشكی خۆی بەدیارییەوە دەكرۆشت. كە زیاتر وێڵی وشەی نوێ‌و بۆچوونی نوێ‌و شێوازی نوێ بوو تا بێئاخنێتە ناو شیعرەكانییەوە. هەڵبەتە ئەم هەموو شتە تازەو نوێیانە، لەلایەن سەرجەم جەماوەرەوە كارێكی ئاسان نەبوو. وەك دەبینین مایاكۆفسكی چاو ئاسمانی، گیان پەپوولەیی، چەند رۆژێك بەر لەخۆ كوشتنی كە لەبەردەم جەماوەرێكی زۆردا كۆڕێكی فراوانی بەناوی (شیعرو جەماوەر) بەست، لەوێ باسی ئەوە دەكات كە شیعر تایبەتمەندییەكی خۆی هەیەو دەبێت رێز لە هونەرەكەی بگیرێت. ئەو شیعرانەی زۆربەی خەڵك پێی رازین‌و بە دڵیانە، تەمەن كورتن، هەر ئەو كاتە دەڵێت من لێرە نامەوێ تووڕەییتان بورووژێنم، پێتان دەڵێم، نووسینی ئەم جۆرە شیعرانە سانایە...
یەكسەر پارچە شیعرێك (كە خۆیشی بە شیعری نازانێ) دەخوێنێتەوە. كە بەم دێڕەی خوارەوە دەست پێ دەكات..
**بڕۆ، بۆ پێشەوە ئەی گەلی كرێكار**... هتد.
ئینجا دەڵێت من دڵنیام‌و زۆریش ئاشكرایە، ئەم شیعرە زۆر چێژ بەخشە، بەڵام هەر ئەمڕۆ زیندووە، سبەینێ مردووە، بەڵێ مایاكۆفسكی گیان پەپوولەیی.. قژهەنگوینی.. چاو ئاسمانی.. بەزەردە خەنەیەكەوە دەڵێت، ئەمەی خوێندمەوە شیعر نەبوو!!!.
لێرە نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ، «مایاكۆفسكی» تا خۆی كوشت، بیروباوەڕێكی پێشكەوتنخوازانەی هەبوو.. دۆستێكی زۆر نزیكی حیزبەكەی «لینین» بوو. وەك خۆی دەڵێت (من ناسنامەی حیزبی بەلشەفیم هەڵنەگرتووە، بەڵام لەو باوەڕەدام كەلێی دوور



نەكەوتوومەتەوە).
تا دەڵێت كاغەزێكم لە پێشە، لەسەری نووسراوە «ئایا تۆ ئامادەی لە پێناوی شۆڕش شیعر بنووسی؟» یەكسەر دەڵێت «بەڵێ، من ئامادەم بۆ ئەوە....» تا دەڵێت «راستە من ئێستا لە ریزی هیچ رێكخستنێكی حیزبیدا نیم، بەڵام بێ هیوانیم لەوەی رۆژێك لە رۆژان بچمەوە ناو ریزی ئەو حیزبەوە».
بەڵێ ئەو كاتە لە كاری رێكخستن (العمل التنظيمي)دا نەبوو، بەڵام گیانە پڕ شۆڕشگێڕییەكەی رێی پێ نەدەدا، لەتەنگوچەڵەمەو كێشەی گەل‌و وڵاتەكەیداخۆی دوورە پەرێز بگرێت، بۆیە تا ئەو رۆژەی خۆیشی كوشت، هەر لە پێناوی خزمەتكردنی كرێكاراندا تێ دەكۆشا.
پوختەی مەبەستم ئەوەیە، «مایاكۆفسكی» لەگەڵ ئەو تەقینەوە شیعرییەیدا، خەریكە رۆژ لە دوای رۆژ بایەخی كەمتر دەبێتەوە، بەڵام شاعیرێكی وەكو «رامبۆ» كە كرێكاری رەنگە بە خەیاڵیشدا نەهاتبێ، «ئەندریە پریتۆن» بە پێغەمبەری سوریالییەكانی دادەنێت‌و زۆربەی لێكۆڵەرەوەكانی جیهانیش بە موعجیزەی دەزانن‌و، تا دەشبێت «رامبۆ» شوێن پێگەی لەناو ئەدەبی جیهانیی فراوانتر دەبێت‌و، زیاتر شوێن بایەخی لێكۆڵینەوەی ئەكادیمیانەیە.

**بەهاری ١٩٩١**



# مامۆستا (هەردی)و شۆڕبوونەوەی بە ناخی رۆمانتیكدا

***«هەردی قوتابخانەیەكی تایبەتییە لە شیعری كوردیداو شوێن پەنجەی لە هەڵبەستەكانیدا دیارە»***

**گۆران**

قۆناغی رۆمانتیك دوا بەدوای قۆناغی كلاسیك‌و لە كۆتایی سەدەی هەژدەیەم‌و سەرەتای نۆزدەیەم لە وڵاتانی جیاجیای گۆڕەپانی ئەدەبی نوێی جیهانیدا سەری هەڵدا.
ئەوە بوو یەكەمجار لە وڵاتی فەڕەنساو لەسەر دەستی (جان جاك رۆسۆ ١٧١٢- ١٧٧٨)داو ئینجا (فیكتور هۆگۆ ١٨٠٢- ١٨٨٥)و ئینجا ئەمیل زولاو بودلیرو... سەریان هەڵداو زەمینە خۆش كرا، هەر لەوێوەش بەرەو وڵاتی ئینگلتەرا كەوتە رێ‌و (لۆرد بایرون) قۆزتیەوە. هەندەی نەبرد لەوێوەش بەرەو ئەڵمانیا خزی‌و ئەم قۆناغە لە نووسینەكانی گۆتەو

شیللردا زۆر بە باشی دیار دەکەوێ.
لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا لە وڵاتی رووسیاو لەسەر دەستی پۆشکینو لیرمنتوفو یلیینداا سەری هەڵداو هەر لە ماوەیەکی کەم خایەنیشدا ئیتالیاو ئیسپانیاو چەندین وڵاتی تری جیاجیای گرتەوە.
لە تورکیاشدا، هەر لە هەمان سەدەو لە ناوەڕاستی شەستەکاندا بنجی کوتاو دیارترینیان (ئیبراهیم شوناسی ١٨٢٦- ١٨٧١)ە.
شاعیرو نووسەرانی کوردیش ئاگادارییەکی چاکیان لە ئەدەبی تورکی هەبوو، بۆیە لەگەڵ کۆتایی پێهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لەو ڕێگایەوە لەلایەن شاعیرە بەناوبانگەکانی سەر بەم ڕێبازە ئەدەبییەی تورک وەک (توفیق فیکرەت)و (جەلال سابیر)و (عەبدولحەق حامید)و (کمال نامق)و... تەشەنەی کردو، مامۆستایانی وەک (شێخ نووری)و (گۆران)و (رەشید نەجیب)و (ئەوڕەحمان بەگی نفوس)، (پیرەمێر)و (رەفیق حیلمی)و... گەیاندیانە ناو ئەدەبی کوردی.
وەک گۆران خۆیشی دەڵێ:نووسەرو شاعیرانی ئەوسا، بە تایبەتی شێخ نووریو رەشید نەجیبو من پێکەوە بە ئەدەبی تورکی موتەئەسیر بووینو پێکەوە دەمان نووسی، بەڵام تەنها شێخ نووری شیعرەکانی بڵاوئەکردەوەو من بڵاوم نەکردەوە، ئەو لەم بارەیەوە نەشاتی دەرکەوتو دەتوانرێت بە شێخ نووری بگوترێت سەرۆک.
کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕێبازی ئەدەبی کلاسیکی لە ئەدەبی کوردیدا بڕبڕەی پشتی شکاو بەرەو لەناوچوون غلۆر دەبۆوە، بەڵام تا (بێخود)و (عەلی باپیر ئاغا)و



(فانی) مابوون ئەم ڕێبازە هەر مابوو.
بەڵام لەو کاتە ئەدەبی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدا بەتایبەتی لەلایەن شێخ نووریو گۆرانو رەفیق حیلمیو یا بڵێین پیرەمێردو شاعیری وامان بەرچاو ناکەوێ کە بە تەواویو پڕاوپڕی نووسینەکەی رەنگدانەوەی ئەم ڕێبازە تازە (ڕۆمانتیک)یە بێت، بە تایبەتی پێشڕەوی تازەکەرەوەی ئەم قۆناغە، وەک شێخ نووریو گۆران.
کەواتە گۆران لە تازە کەرەوەی شیعری ڕۆمانتیک بە دووەم کەسو لە دوای شێخ نووریو لە قۆناغی ئەدەبی ریالیزمیش بە دووەم کەس لە دوای (بێ کەس)ی هۆنراوە ئاگرو لە شیعری ئازادیش دەتوانین بڵێین بە یەکەم دادەنرێت، کەواتە شێخ نووریو بێکەسو گۆران بە پێشڕەوی تازەکەرەوەی شیعری کوردی دادەنرێن، بەڵام، وەک لە سەرەوە وتم دەبینین نە لە لای شێخ نووریو نە لەلای گۆراندا بە تەواوی لە هەموو بەرهەمەکانیاندا سەر بەم ڕێبازە تازەیە نەڕۆیشتوونە، ئەگەرچی ئەم دوو شاعیرەش بە پێشڕەوی تازەکەرەوەی سەر بەم ڕێبازە تازەیە دادەنرێن- بۆ نموونە خوێنەر کاتێ چاو بە هەردوو دیوانەکەی شێخ نووریو گۆراندا دەهێنێ بە روونی بۆی دەردەکەوێ.
بەڵام ئەگەر تەماشای دیوانی بێکەس بکەین دەبینین مامۆستای شۆڕشگێڕ هەر سەرەتای دەست پێکردنی شیعریو تاسپاردنی ڕۆحە بەفرینەکەشی بە گردی سەیوان، واتە لەسەرجەمی شیعرەکانیداو زۆر بە چاکی دەبینین شیعرەکانی رەنگدانەوەی ریالیزمو بە تایبەتی ریالیزمی نەتەوەییە، داخەکەم لێرە لەبەر ئەوەی باسەکەمان لەسەر قۆناغی



ڕۆمانتیکە، ماوەی درێژەپێدانو نموونە هێنانەوەی شیعرەکانی (بێ کەس)ی خەباتگێڕمان نییە.
با هەر لێرەوە لە کورتی بیبڕینەوەو بڵێین ئەدی لە بەرهەمی کام شاعیردا پڕاوپڕی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە واتە ڕێبازی ئەدەبی ڕۆمانتیک لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە؟! لێرە بێ ئەوەی تۆزقاڵێک دۆش دابمێنینو بەبێ هیچ گومانو هەڵوەستەیەک دەڵێین ئەوا لە بەرهەمە خنجیلانەکەی مامۆستا (هەردی)ی شاعیردا ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بە تەواوی رەنگی داوەتەوە کورد گوتەنی کاڵای پڕ بە باڵایە.
بۆیە حەز دەکەم لێرەوە تیشکێک بخەمە سەر دیوانەکەی (رازی تەنیایی) مامۆستا (هەردی) شاعیرو بزانین تا کوێ توانیویەتی بە ناخی ڕۆمانسیەتدا شۆڕبێتەوە.
بەپێی هێندێ سەرچاوە سەرەتای دەستپێکردنی تەمەنی شیعری (هەردی) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٣٦- ١٩٣٨، بەڵام، وابزانم لەو شیعرانەی کە لە سەرەتاوە دەینووسی شیعری (بێ ئارامی) یەکەم شیعرەکە لەکیس نەچووبێ، ئەویش لە ساڵی ١٩٣٨ نووسیویەتی. بەڵام شیعری (دواییت لە بیربێ) یەکەم شیعری مامۆستا (هەردی)یەکە لە رۆژنامەی ژیندا بڵاوکراوەتەوە.
دیارە ئەو شیعرەی کاتی سەرەتای تەمەنی شیعر نووسینی بووە، ئەو کاتەش مامۆستا (هەردی) تەمەنی (١٧) ساڵ بووەو تازە پێی ناوەتە قۆناغی لاوێتی.. بۆیە دەتوانم بڵێم مامۆستای شاعیر هەر لە سەرەتای تەمەنی شیعر نووسینییەوە تامەزرۆی بابەتێکی ڕۆمانسیانەی وەهابووە.



**ئەی دیدە پەری! بەو دەمە بەو کوڵمە گوڵینە.**
**بۆ کەس نییە تا سەر ئەوەرێ ئەم گوڵی ژینە**
**ئەو زولفە کە ئێستاکە دوو توێی عەنبەری چینە**
**ڕۆژێکی کە دێ تێکەڵی خاکی زەمینە**
**ئەمڕۆ دڵی بێچارە ئەبەی ئەیخەیە ناوداو**
**نایزانی سبەینێ ئەکەی سەرکزو داماو**
**ئەو جوانییە ئەڕواتو لە چاو گوم ئەبێ وەک ئاو**
**ئەو ڕۆژە دەبێ دائیمەن هەر بێنیەوە بەرچاو.**

جگە لەوەش هەر لەو قۆناغەیەیدا، ئەو ڕێبازە ئەدەبییە ڕۆمانسییە وای لە مامۆستا (هەردی) کرد، شیعرێکی (شیلی) بکاتە کوردی.
بەشێوەیەک کاتێ ئەو شیعرە وەرگێڕاوە دەخوێنینەوە وا دەزانین مامۆستا (هەردی) هەر خۆی دایناوە... من هەر ئەوشیعرە وەرگێڕدراوەم لە گۆڤارێکی تری کوردیدا بینیوە، کە داخەکەم ئێستا ئەو سەرچاوەیەم لەبەر دەست دانییە، هەتا بزانم کوێیە وەریگێڕاوە بۆ سەر کوردی..
بەڵام ئەو کاتەی کە خوێندمەوە یەکسەر ئەو شیعرەی (هەردی)م بە بیردا هاتەوە کە ئەو چۆنی وەرگێڕاوەو ئەمیش چۆنی وەرگێڕاوە، بە شێوەیەک ئەگەر هەردوو پارچە شیعرە وەرگێردراوەکە بخەینە ژێر پشکنینو هەڵسەنگاندنەوە، ئەوا یەکسەر دەڵێین ئەو وەرگێڕانە لە بەرامبەر وەرگێڕانەکەی مامۆستا (هەردی هەر وشە ریزکردنیش نییە!)
دەبا تۆزێک گوێی خۆمان بۆ ئەو پارچە شیعرە وەرگێڕدراوەی مامۆستا

(هەردی) شل بکەین‌و بزانین چ جوانکارییەکی تیا نواندووە.

**کە جۆگا تێکەڵی چەم بێ‌و چەمیش تێکەڵ بە دەریابێ**
**شەماڵیش پڕ لە هەستی بێ، نییە، شت تاک‌و تەنیا بێ**
**بە قانوونی خودا ئەشیا ئەبێ تێکەڵ بە یەکتر بێ**
**ئیتر، بۆچی من‌و تۆ تێکەڵی یەکتر بین نابێ**
**ئەوا مانگیش دەکا ماچی بەحر، گەر تۆش نەکەی ماچم**
**هەمووی بێ کەڵکە ئەم ماچانە بێ تۆ فائیدەی نابێ.**

مامۆستا هەردی شاعیر کاتێ بۆ یەکەمجار شیعرەکانی بە چاپ گەیاند لە پێشەکی نامیلکەکەیدا وتبووی: ئەو دەنگ‌و ئاوازەی لەتەلی ئەم هەڵبەستانەوە بەرز ئەبێتەوە، ئاوازێکی گریاناوی‌و پڕ لە نائومێدییە، کە حەز ناکەم، بە من بێ گوێی هیچ گەنجێکی کورد بەو چەشنە ئاوازانە بئاخنرێ، کە سەرتاپا بۆ ئافرەت‌و دڵداری ئەلاوێنێتەوە.
ئیتر چ ئەوانەی لەمەبەستەکەی (هەردی) باش نەگەیشتوون‌و چ ئەوانەی بە ئەنقەست خۆیان لێی گێل دەکردو دەیانویست خەڵکی ساویلکە چەواشە بکەن‌و ئەم چەند قسەیەیان لە ئاسمانەوە دەقۆزتەوەو بە ئارەزووی خۆیان گاشە بەردێکیان بەتەنگەی شاعیردا دەدا.. هەمووشیان وەک تفەنگ نان بەتاریکە شەوەوە وا بێ وابوو، چونکە بە بەڵگەی نا راستەوخۆیانە دەهاتنە ناو بابەتەکەوە.
ئیتر (هەردی) لەلایەن چەند کەسانێکەوە بە شاعیرێکی رۆمانسی کۆنەپەرست‌و... لە قەڵەم درا.



بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمان‌و وتنە ئەم رەخنەگرانە!! هیچ لە مێژووی ژیانی ئەم کەڵە مرۆیە ورد نەدەبوونەوە تا بزانن کەسێتی ئەم شاعیرە چۆنەو بە چ موناسەبەیەکەوە ئەم شیعرە رەش بینانەی نووسیوە.
ئایا خۆشی حەز لەم جۆرە شیعرانە دەکات یا هەر ئاوا هەڵچوونێکی کاتی بووەو ئەویش بە نا ئومێدی دەستی بۆ خامەکەی بردووەو خستوویەتیە سەر پەڕەی کاغەزێک‌و ئاوا لە فەوتاندن رزگاری کردووە.
لەبەر ئەوە نووسەر کاتێ رەخنە لە نووسەرێک یا شاعیرێک دەگرێ دەبێ بزانێ، دەقە ئەدەبییەکە چییە؟ چۆن دروست بووە؟ ئامانجی هونەری نووسەرەکە، نووسەرەکە ویستوویەتی چی وەدەست بهێنێ؟و ئایا توانیویەتی ئەوەی ویستوویەتی وەدەستی بهێنێ یا ناو چۆن؟؟.
وەک تۆڵستۆی دەڵێ: زۆر جار شاعیر، هونەرمەندێکە ئەیەوێ هەست‌و نەستی ناخ‌و دەروونی‌و بیرو سۆزی دەربڕێ‌و بە خەڵکی تری بگەیەنێ، بەڵام، شێوازێکی وای بۆ نایەت یاخود دەسگیر نابێ کە پڕ بە پێستی بابەت‌و کەرەسەکە بێت.
لەبەر ئەوە بڕیاردان بۆ سەر شاعیر یا نووسەر کارێکی ئەوەندە سووک‌وسانا نییەو لێکۆڵەر ناتوانێ هەروا بە ئاسانی بڕیارێکی خێرا بداو بڵێ فلان شاعیر کۆنەپەرستەو فلان نووسەر ئازادیخوازە، لێکۆڵەر دەبێ ئاگاداری هەموو لقەکانی ئەدەبی‌و باری ژیانی ئەو شاعیرەو واتە کەسێتی شاعیرەکەو بەستنەوەی بە بەرهەمەکە خۆی هەبێ، ئەگینا ئەکەوێتە هەڵەی قەبە قەبەوەو ناتوانێ کارەکەی بە چاکی بە ئاکام بگەیەنێ‌و ئاکامەکەشی شەرمەزاری دەبێ!



راستە شیعرەکانی (رازی تەنیایی) مامۆستا (هەردی) سەرتاپا بۆ ئافرەت‌و دڵداری ئەلاوێنێتەوە، بەڵام، چاو بە هەموو مێژووی رێبازی ئەدەبی رۆمانسی کوردی بگێڕین بەڕای من لە شیعرەکانی (هەردی) رۆمانسیانەتر نادۆزینەوە، بۆ نموونە پارچە شیعری (دڵێکی تێکشکاو) کە سەرتاپا لاواندنەوەو ورە بەردان‌و هەڵاتنە لە جەنگ‌و واقیع. بەڵام پسپۆریەکی زۆر چاکی لە شۆڕبوونەوەی بە ناخی خەیاڵدا نوواندووە.
خوێنەر کاتێ ئەم شیعرەی (دڵێکی تێکشکاو) دەخوێنێتەوە، یەکسەر شریتی عومری دەبێتەوە خەیاڵ‌و وەک رۆمانێکی دوورو درێژ سەر گوزەشتەی ژیانەکەی دێتە بەرچاوو وردە وردە هێزو توانا لە لەشیدا نامێنێ‌و دەیەوێ سەرتاپای ژیانە رەنجەڕۆیەکەی وەکوو فیلمێک کە لەسەرشاشەی تەلەفزیۆنا پیشان دەدرێ، تەواو بخاتە بەر چاوی خۆی‌و وردە وردە بۆ ناخی شۆڕبێتەوەو قوڕی بنی دەربێنێ.
ئەوەش بێگومان مانای دوورکەوتنەوە یاخود راکردنە لە چنگ ریالیزمی شۆڕشگێڕی‌و شاعیر دەیەوێ بۆ خۆی لە ژوورێکی تەنگا یا لە دووڕیانێکا بە تەنیایی بیر لە تەمەنی پەرگەندەیی رابردووی خۆی بکاتەوەو ئاخی بۆ هەڵکێشێ.
من وای بۆ دەچم هەر کەسێ کە ئەم شیعرەی (دڵێکی تێکشکاو) دەخوێنێتەوە تاقەت چییە لە لەشیا نامێنێ‌و وردەوردە فرمێسکی گەرمی بە رومەتیدا دێتە خوارەوەو ئەم زەمینە فراوانەی لەلا ئەوەندە تەسک دەبێتەوە هۆش چییە لە مێشکیا نامێنێ، رەنگە مردنیش بخوازێ.



**بەسەر سامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم**
**شریتی عومری رابوردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم**
**شریتی چی؟ سەراپا سەرگوروشتەی نا ئومێدیمە**
**فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە**
**بەڵێ ئەوا دڵێکم بوو، کە سەرچاوەی ژیانم بوو**
**دڵێ مەڵبەندی ئاوات‌و تەوژم‌و تینی گیانم بوو**

شاعیری ناوبراو زۆرجار مەسەلەی ئافرەتی بە مەسەلەی چینایەتی بەستۆتەوە، باشترین نموونەش پارچە شیعری (ست فاتیمە)یە. شاعیر لە چاوی ست فاتیمەدا ناگزووری تەمەنی ژیانی خۆی دەبینێ (ئەمەیە شاعیری رەسەن)... لە چاوی ست فاتیمەدا جۆرە چەوسانەوەیەکی چینایەتی دەبینێ کە چۆن ئەو ئافرەتە دڵڕەقە بە جوانییەکەی دەنازێ، لە چاوی ست فاتیمەدا!! بۆیە دەتوانم بڵێم شیعری (ست فاتیمە) جۆرە زۆرانبازییەکی کەوتۆتە ناو، لە نێوان ریالیزم‌و رۆمانتیکدا.
شیعری (دڵداری کچی تازە)ش کە لە راستیدا بابەتی دووچەشن دڵداری دەگرێتە خۆو شاعیر لە ساڵی ١٩٥٠دا نووسیویەتی هەنگاوێکی بۆ ئەم مەسەلەیە هاویشتووەو بە نا ئومێدی پێی دەڵێ تۆ خاوەن کۆشک‌و تەلاری‌و لە شوێنێکی بڵندتر لە من ژیان دەبەیتە سەر، بۆیە چاوت لە ئاستی ئێمەی پلیشاوە کوێرەو گوێشت بۆ بیستنی ناڵەمان کەڕە، راستە کورد دەڵێ (زگی تێر ئاگای لە زگی برسی نییە).

**چونکە ئەیزانم تەلاری یارە خوا پێداوەکەت**
**مەستی کردووی بۆیە نایبینێ لە عاستم چاوەکەت..**

پارچە شیعرێکی تری مامۆستا (هەردی) (رازی تەنایی)یە کە دیوانەکەشی هەر بەو شیعرە ناو ناوە، دیارە لای شاعیریش لە هەمووان دڵگیرترو ئازیزترە بۆیە دیوانەکەشی بەو ناوە رازاندۆتەوەو توانەوەی بەهرەو چێژی شاعیر لەو ژیانە کولەمەرگییەی زۆر بە جوانی دارشتووە، بە دەنگە زولاڵەکەی دەچریکێنێ.

**ژیانو ئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارەزووی کوشتم**
**شەرابی جامی دڵداری لە تافی لاویا رشتم**

ئەگەر ئەوشوێنە سەخت ترین ئاژاوەی تێدا بێ یەکسەر لەگەڵ دەنگی زیرەکدا هێمنی باڵ بەسەر شوێنەکە دەگرێو مرۆڤ وادەزانێ وردە وردە لەشی دەتوێتەوەو تاقەت چییە؟ لە لەشیدا نامێنێ... بە شێوەیەک حەز دەکا خەنجەرێک لەسەر دڵی خۆی دابنێ؟ (من خۆم وەهامە).
لەبەر ئەوەی زۆر کەس دەڵێ (هەردی) شاعیرێکی کۆنەپەرستەو لە هەنگاونانی کوێرانە بەرەو تاریکی شەوا هیچی تری دیار نییە، منیش هێندێ جار کە چاو بەدیوانی (رازی تەنیایی)دادەخشێنم وای بۆ دەچم، کەچی هەر دوای کەمێک رووبەڕووی رایەکەیان دەبمەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی شیعرەکان ئەوەندە لام خۆشەویستن بەشێوەیەک بۆ هەر کوێ بچم



ناتوانم خۆیانی لێ بشارمەوەو تخوبێک لە نێوان خۆمو شیعرەکانی (هەردی) دابنێم وەک تێکەڵی خوێنو دەمارەکانم بووبێ وایە، بەتایبەتی تاکە بەیتێکی هەیە کە دەیخوێنمەوە وا دەزانم شیعرێکم نووسیوە شاعیر لە چاوەڕوانی یارە خۆشەویستەکەی دایە بۆ ئەوەی چاوی پێ بکەوێو پێی شادبێتەوە، بەڵام یارەکەی هەر دەناکەوێ بۆیە ئەویش بە ناچاری لەو رێگایە رادەمێنێ کە بڕیار وایە یارەکەی پێدا گوزەر بکا..
بەڵام، کاتێ دەبینێ یارەکە دەرنەکەوتووەو رێگا لەبەر چاوی دەبێتە شێوەی ئەو ئافرەتە جوانە کە شاعیر چاوەڕوانێتی بەڵێ شاعیر لە تەماشاکردنی رێگاکەدا هەیکەلی بێ وێنەی خۆشەویستەکەی دەبینێ چونکە خۆشەویستی ئەو ئافرەتە تێکەڵ بە خوێنو رەگی دەمارەکانی بووە، بۆیە ناهەقی نییە گەر بڵێ:

**سەرنجی رێ ئەدەم رێگا هەمووی شێوەی ئەوی تیایە**
**وەکو دنیا لە ناو جوانی ئەوا توابێتەوە.. وایە**

ئەم بەیتەو دوو بەیتی سەرەوەی‌و شیعری (دڵێکی تێکشکاو) ئەوەندە لەناو رۆمانسیەتدا تواونەتەوە کە لەلایەن هیچ شاعیرێکی کوردی سەر بەم رێبازەیەمان لادەست ناکەوێ.
شیعرەکانی مامۆستا (هەردی) (ناڵێم زۆربەی زۆری بگرە سەراپای شیعرەکانی مۆسیقینە، گومانیشی تێدانییە ئاوازو مۆسیقا رۆڵێکی گەورەو کاریگەر ئەگێڕن بۆ فراوان بوونی واتای شیعرەکە. بۆیە بەبێ



پێچو پەنا دەتوانین بڵێین هەردی یەکەم شاعیرە کە شیعرەکانی مۆسیقی بنو کەوتبنە بەر دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.
جگە لەوەش مامۆستا (هەردی) ئەگەر لە قۆناغێکی وەها ناسکداو وەها زوو کتوپڕ لە شیعر نووسین نەکەوتبایە، ئێستا دەمانتوانی بڵێین هەردی سەر قافڵەی کاروانی شیعری نوێیە.
بەڵام ئێستاش دەبینین بە دڵنیاییەوە بڵێین ئەگەر (گۆران) باڵی راستی کاروانی شیعری نوێ کوردی بێت، ئەوا مامۆستا (هەردی)ش توانی بەم چەند ساڵەو بەو چەند شیعرە نەمرانەی (کە دەتوانم بڵێم بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت) بیبێتە باڵی چەپی ئەم کاروانە پڕ لە شکۆمەندەیە، بەڵام داخەکەم بەوەستانی مامۆستا (هەردی) کەلێنێکی ئێجگار گەورە کەوتە ناو ئەم کاروانە شکۆدارە.
(هەردی) تازە کەڵکی ئەوەی نەماوە دووبارە داوای شیعر نووسینی لێ بکەین، بەڵام، خۆ ئەو شیعرانەی بۆ ئێمەی جێهێشتووە ئێستاو هەتا هەتایە دەتوانن تینوێتی خواو ئەم خەڵکەش بشکێنن.
دەکەواتە هەتا وەکو (بێ کەس)و (گۆران)و (قانع)و... لە کیسمان نەچووەو رێزی لێ بنێینو بڵێین تۆ هەموو دەم لە بیرمانی لەگەڵمانی..
ئەی شاعیرە سەوداسەر بووەکە.

***پەراوێزو سەرچاوەکان:***
١- گۆڤاری بەیان -ژ- ٢.
٢- ئێستاشی لەگەڵدابێ هەر بێخودو فانیو عەلی کەمال باپیر بەدوا شاعیری



قۆناغی کلاسیکی کوردی دادەنرێن
٣- رەنگە خوێنەران زۆربەیان تووشی دڵەڕاوکێو نامۆیی بنو بڵێن ئەمە یەکەمجارە ئەم قسەیەمان بە گوێدا بچرێ، بێکەس دەبێ ئەم رۆڵەی بینیبێ؟!
من بەش بە حاڵی خۆم ناهەقی ئەم خوێنەرانە ناگرم، چونکە تائێستا نووسراوی لەم بابەتیان نەبینیوە، بەڵام، جێی رەخنەگرتنە لە نووسەران کە سەر پێچیان لەم باسە کردووە. بە هەر حاڵ ئێستا خەریکی ئەو لێکۆڵینەوەیەمو بەم زووانە بە چاکی بۆتان روون دەبێتەوە.
٤- ئەو کۆڕەی لە ١٩٨٦/٤/٢ لە ژێر ناوی (نەورۆزو بێ کەسو بیست و حەوت ساڵە)م پێشکەش کرد لە هەولێر بە کورتی پەنجەم بۆ ئەم مەسەلەیە برد، بەڵام ئێستا کتێبێکم لە ژێر دەستایە، بەناوی (بێکەس) شاعیری بزووتنەوەی نەتەوەیی وا خەریکە تەواو دەبێ بە درێژی لەم مەسەلەیە دواوم.

## داهێنان لە چاوەڕوانی
## ئێوارەیەکی زەردەپەڕدا

سترانی کێشکە، سەمفۆنیای کەو، هەنسکی هەور، بزەی تیشک، سووتانی رۆح برژانی فیکر، بەرەژانی سەردەم، جەستەی دێو، مرۆی بێ گەروو، ئەمانە مەگەر لە چاوەڕوانی ئێوارەیەکی زەردەپەڕی مەرگەسات ئاسادا بە خەیاڵی شاعیردا بێن‌و رەشبەڵەکێکی قووڵ دابمەزرێنن، مرۆم دەوێ خۆی پێ رابگیرێ‌و پریشکی ئەم رەشبەڵەکەی بۆ نەچێ‌و دوو پێچان هەڵنەپەڕێ، دەتۆ دوو پێچی موستەحەق لێدە ئینجا بە ساغی وەرە دەرێ؟!! جارێ واز لەوانە بێنە کە سەرچۆپی دەگرن، وام دەزانی تەنها کاتێ گەورەبم، دەتوانم لە خەوندا پێی شادبم!! وەلێ وا بەلاوی دوو پێچەکەم تەواو کرد.. زۆر شیرین‌و رۆح سووکە، بە شێوەیەک تێکەڵی رۆحم بوو، ئەمجارە سەرچۆپیشم پێ نەگیرێ هەر دەبێ دوو پێچ‌و.. چوار پێچ‌و.. شەش.. سەد.. هەزا پێچی تر لێ بدەم چیم لێ دێ!! نایێمەدەر لەو رەشبەڵەکە تا رۆژێ بەپێوە بەردەبمەوە! چەند خۆشە



لە رۆژگارێکی پڕ جەنجاڵی ئەمڕۆمان مرۆ لە ناو رەشبەڵەکێکی وا فراوان‌و ئاپۆرەدا، کە نەسەری دیارە نەبن، لە گەرمەی هەڵپەڕین‌و شاباش.. شاباش کردنیدا، گەرووی بنووسێ‌و پارچە ئاگرێک جەرگی بسمێ..!! سەیرە، ئەم رەشبەڵەکە چەندی چڕتر دەبێتەوە هەندێک هەن بەناخیا قووڵتر دەبنەوەو لە چاوە ئاسمانییەکانیشیاندا هەست بە ماندوویێتی ناکەی.. ئەفسانە ئاسا وان وەلێ هەزار حەیف‌و مخابن خەڵکانێک هەن وا تێ دەگەن، هەموو پەنایەک هەر خەونە.. هەر لە خەون ئەو رەشبەڵەکە سوورە دەبینرێ.. نازانن ئێمەومانان ئەوەی بە رۆژیش ببینین بەشەو دێتە خەونمان کێ گومان لە پیرۆزی خەون دەکا.. ئەو خەونەی گۆڕان لە کەون دەکا..

ئەوڕۆ حەزم لێیە لە دونیای تەسک‌و بەرینی دوو شاعیری خۆمانە نزیک ببمەوە، دوو شاعیری نوێخوازو ئەزموونداری، شیعر لە واقیع هەڵدەهێنجن، وەلێ کامێرا ئاسا دەقاودەق وەکو خۆی نیشانی نادەن... نوێخوازن، ئەم واقیعە تفت‌و تاڵە هەڵدەوەشێننەوەو سەر لە نوێ دایدەڕێژنەوە. گۆڕانێک لە واقیع دەکەن کە لەگەڵ رەوتی دونیا تازەکەی گەرەکمانە کەمێک خۆ دەگونجێنن. چی تێدایە؟ با جار جارەش هەست بە نامۆبوون بکەن، ئەم نامۆبوونەش بە ئارەزووی خۆی‌و وردەوردە بەرەو نەمان دەچێ تا رۆژێک لەلای نەوەکانمان کەلەپوور ئاسا دەمێنێتەوەو بەس(١).

دوو شاعیرەکە، کاک (کەریم دەشتی)و کاک (نەوزاد رەفعەت)ن، شیعرەکانیشیان (چاوەڕوانی) (ئێوارە وەختێکی درەنگ)ن(٢)، ئەم



دوو شیعرە لە دوو منداڵی جمک ئاسا دەچن، لە رووخساردا کتومت یەکن، تەنها لە زاتی خۆیاندا نەبێ نەختێک جیاوازیان تێدا دەبینرێ منداڵی یەکەم نامۆیەو لە حەسرەت زەمانە تاقەتی نەماوە وەلێ منداڵی دووەم سەرەڕای بێ تاقەتیەکەی، وزەیەک نیشان دەدات، نامەوێ هەردوو شیعرەکە بە درێژی بگێڕمەوە، چونکە خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر هەردوو سەرچاوەکان، وەلێ خاڵە هاوبەشەکان، کابرایەکی خەمناک، لە رێیەکی لاچەپدا لەگەڵ تەنهایی خۆی دەدوێ -واتە مۆنۆدرامین- لە میانی خۆدواندنەکە واتە لە میانی مۆنۆلۆجی ناوەوەیاندا بیرەوەرییەکانی رابردووی خۆیان دێتەوە یاد- واتە لە هەردووکیاندا مۆنۆلۆجی ناوەوەو گێڕانەوە (سرد) خۆ دەردەخەن، تەداعیەکە لە (چاوەڕوانی)دا بەشێوەیەکی هەمەلایەنی -شمولی- خۆی نیشان دەدات.

**چەند جاران کۆرەومان گرتووە بۆ لوتکەی دوور**
**بەفرمان بەسەر باریوە**
**هەر لێرەش بوو دوا گۆرانی ماڵئاواییمان دەچڕی**
**ئیدی دەستمان لێک بەردەدا**

وەلێ لە ئێوارە وەختێکی درەنگدا بەشێوەیەکی مۆنۆدرامی لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆی دەدوێ، واتە لە ناو مۆنۆلۆجی ناوەوەی پاڵەوانەکە پاڵەوانێکی تر دروست دەبێ کە خۆشەویستەکەیەتی.

**- بەس ئەوەندە شەو درەنگان بچۆرەوە**
**- هەر ناشتوانی لە ماڵەوە بخۆرەوە**



**- بۆچی ئەوەندەت خۆشدەوێم؟!!**
**- تۆ نەبوای کوا ئەم ژیانە دەگوزەرا!**

هەروەها شوێن -مکان- هەمان جێگایە، بەدەم ئازارەوەو بە کۆمەکۆم لە لارێییەکدا پیاسە دەکا، کاتیش -زەمەن- لە هەردوو شیعردا ئێوارەیەکی زەردەپەڕە، واتە بەر لە ئاوابوون دەست پێدەکات تا تاریکی بەسەر زەویدا دەکشێ، پاڵەوانەکانی ناو هەردوو شیعرەکەش ململانێیان لەگەڵ سروشتدا هەیە. ئەوەتا لە -چاوەڕوانی-دا

**نۆبەرەی خۆم بە خاک سپارد**
**بیرم هاتەوە چەند هەورو مەلی ئەو ناوەم دەبینی..**
**بەفرمان بەسەر باریوە.. هتد**

لە (ئێوارە وەختێکی درەنگ)یشدا:

**هەمان شەقامی جارانەو تەرم ئاسا**
**راکشاوە**
**هەمان دارتەل..**
**ئێرە کونە ئەشکەفتێ بوو**
**ئێمەش دوو نێچیری تەنگاو**
**هەر سایەو پەنا دەوەنەو لە ناخەوەم**
**دەهەژێنێ.**
**کوانێ؟! خۆ هێلێکی ئاسنین**

**لێرەوە بەرەو خوار دەکشا**
**گوڵە حاجیلەکان نابزوون**
**بۆ کوێ هەڵێم**
**هێلانەیێ لە کوێ دانێم**

لەژێر تیشکی ئەو خاڵانەی سەرەوەشدا، کە شوێنو کات -المکان والزمان-و ململانێ لەگەڵ سروشتدا سەرباری خاڵەکانی دیکەی ناو شیعرەکان دەتوانین بڵێین شیعرێکی درامی بەهێزەو لەسەر هێڵێکی بیانی زەمینەی خۆی زۆر بە چاکی رەخساندووە. هەروەها هەردوو شاعیرەکەش سوودیان لە لەقتەی سینەمایی یان بە شێوەیەکی فراوانتر بڵێین لە فلیمی سینەمایی وەرگرتووە. وەک هەردووکیان دەڵێن. ئێرە.. ئێرە.. ئێرە هتد ئەمانە دەتوانین بەلەقتاتی سینەمایی دابنێین یاخود هەر هیچ نەبێ دەڵێین لە لەقتاتی سینەمایی نزیکن.
وردە جیاوازیەکانی نێوان دوو شیعرەکە: لە (چاوەڕوانی)دا کابرایەکە بە تاقی تەنیایەو، لەسەر گردێک هاتووچۆ دەکات، تەنیا ئەوەندەیە گردەکە دەڕوانێتە ئاوەدانی.. ئینجا بەخەیاڵ لە چەند کەسانێکی ئاشنای خۆی نزیک دەبێتەوە.
**لەدوندێکی دوور ئاوایی بە تەنها خۆی دەبینیەوە**
**لەم ئاوەدانییە دادە برا**

بەڵام، لە ئێوارە وەختێکی درەنگدا، کابرایەکە لەگەڵ خۆشەویستەکەی



خۆی بە شێوەیەکی دایلەکتیکیانە دەدوێ کە دوایی ئاماژەی بۆ دەکەین.
**ئێرە کونە ئەشکەفتێ بوو**
**ئێمەیش دوو نێچیری تەنگاو..**
**خۆمانمان تیا حەشار دەدا**
**وەک دوو مەلی لە ڕەوی کوێستان دابڕاو**
**- بەس ئەوەندە شەو درەنگان بچۆرەوە**
**هەر ناشتوانی لە ماڵەوە بخۆرەوە**
**- بۆچی ئەوەندەت خۆش دەوێم؟!**
**- تۆ نەبوای کوا ئەم ژیانە دەگوزەرا!**

دوو نێچیری تەنگو وەک دوو مەلی.. پرسیارو وەڵامەکە لەگەڵ خۆشەویستەکەی گەواهی بۆچوونەکەمە، هەروەها ڕەنگە لە شەقامێکی ناو شاردا بەڵام لا چەپ، واتە وەکو شیعری (چاوەڕوانی) کاک کەریم دەشتی نەچۆتە دوور ئاوایی، چونکە لە نزیکەوە دەڵێ:
**ئێرە کونە ئەشکەفتێ بوو**
**ئێمەش دوو نێچیری تەنگاو....**

تا دەڵێ
**کوانێ؟! خۆ هێڵێکی ئاسنین**
**لێرەوە بەرەو خوار دەکشا**



لە چاوەڕوانیدا هەموو دەمەو ئێوارەیەک ئەم ڕووداوە دووبارە بۆتەوە.
**هەموو دەمەو ئێوارەیەک**
**سەری پڕ هزری هەڵدەگرت**
**گەرمو رووخۆش بە دڵی پڕ حەزو بریا**
**کە تاریکیش دادەبەزیو دەهاتەوە**
**هەناسە ساردو خەمزەدە**
کەچی لەلای کاک (نەوزاد رەفعەت)ی شاعیرو لە شیعری (ئێوارە وەختێکی درەنگ)دا، ڕووداوەکە تەنها لە ئێوارەیەکی زەردەپەڕدا- یا وەک خۆی دەڵێ، لە ئێوارە وەختێکی درەنگدا بووەو، نەبووە بە ئێوارە وەختان بەڵکو ئێوارە وەختێکەو بەس.

**ئێوارە وەختێکی درەنگ**
**مرۆڤێکی دڵ بەقەد زیندانی تار تەنگ**
**بە کۆمەکۆم دەڕۆیشتو...هتد**
پاڵەوانەکە لە شیعری (چاوەڕوانی)دا پاش ئەو هەموو رەنجەی داویەتی، دەتوانین بڵێین رووخاوە! چونکە بەلای پاڵەوانەکەوە هیچی لە جێ شین نەبووە!!.
بەڵام، لە (ئێوارە وەختێکی درەنگ)دا، سەرباری ئەم هەموو ژانو لێو کرۆشتنو حەسرەتەی چێژتوویەتیو ڕۆژانەش بەردەوام لە حەزمەتان لێوی خۆی بۆ دەکرۆژێ کەچی هەر کۆڵ ناداو لەبەر چاوان گوم دەبێو لە دڵان گەورە دەبێ!!



**کەس نازانێ بۆ کوێ هەنگاوی نا**
**لە دواشیەوە**
**تک**
**تک**
**تک**
**تک**
**خوێنی دەتکا!**
بەتێکڕایی: هەردوو شیعرەکە گیانی داهێنانیان بەزەقی پێوەیەو شیعری هاوچەرخن، هەر چەندە لای خوێنەر زۆر سانایەو ئاڵۆزیان تێدا نیە، وەلێ زۆر هونەریانە دەربڕاون. بە تایبەتی لە ئێوارە وەختێکی درەنگدا پاڵەوانەکە لەبەر خۆیەوە قسەدەکاو پاڵەوانێکی دیکەی بیر دەکەوێتەوە کە هەر خۆیەتیو سەردەمی رابردوویێتیو، لەمیانەی بیرهاتنەوەی پاڵەوانەکە- کە وتمان هەر خۆیەتی- پاڵەوانێکی دیکەش دروست دەکا کە دەزگیرانەکەیەتیو جارجار رووی تێ وەردەسوڕێنێو دەیدوێنێ واتە لە ناو مۆنۆلۆجی ناوەوەدا پاڵەوانێکی دی دروست دەکات.
.. لە (چاوەڕوانی)و لای کاک کەریم دەشتی شاعیریش هەروایە، تەنها ئەوەندە هەیە لە جیاتی ئەوەی پاڵەوانەکە -ئەمیش هەر ڕەنگە لەگەڵ خۆی بێ- لەگەڵ دەزگیرانەکەی بدوێ، بە کۆمەڵ قسە دەکا.. جا نازانین ئەمان ئافرەتیان لەگەڵە یان نا لە شیعرەکەدا هیچ جۆرە ئاماژەیەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە.

هەردوو شاعیرەکە داهێنانیان پاراستووە، بایەخێکی هاوچەرخانەیان بە هونەری شیعر داوە تا هەنووکەو لەناو ئەو شیعرانەی کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە زۆر دەگمەن بەرچاو دەکەونو لە پاڵ ئەم زۆر دەگمەنیە دەتوانین زیاتر پێ دابگرینو بڵێین هەر نیمانە ئەمەیە داهێنان، هیچ کامێک لەو دوو شاعیرە نەچوونە وشەیەک لە ڕۆژهەڵات بهێننو پەیڤێکیش لە ڕۆژئاواو بە زۆری زۆردارەکی هەرزە کوڕێ! تێکهەڵکێشی بکەن (کە ناکرێ)و وشەی پێشەنگیشی لە پاڵ هەڵپەسێری!!!
خاڵێکی.. گرنگ ماوە، کە نابێ دیزە بە دەرخۆنەی لێ بکەم، ئەویش ئەوەیە کاک (نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیر لە گۆڤاری کاروانی ژمارە -٥٦-ی حوزەیرانی ١٩٨٧داو بۆ یەکەمجاری هەولێکی لەم بوارە داوەو شیعرێکیشی بەناوی (لوتکە) بڵاوکردۆتەوە.. لە شیعری -لوتکە-شدا شەوانە کابرایەکی خەفەتبار لەم شەقام بۆ ئەو شەقام دەگەڕێو **دەسووڕێ.. بەڵام ئەوەندە غەمبارە.**

**ناڵەو نرکەی مامزی بریندار ئاسا**
**ئاگری لە گیان بەردەدا**
**کێوی ببوو. کوور ببۆوە، لێوی دەکرۆشت**
**خۆزگەی بە سەدان شت دەخواست**

لەم پارچە شیعرەیشیدا هەمدیسان پاڵەوانەکە لەبەر خۆیەوە قسە دەکات، واتە شیعرێکی مۆنۆدرامیەو بیرەوەریەکانی ڕابردووی دێتە پێش چاو، کە مەبەست تەداعیەکەیە. واتە مۆنۆلۆجی ناوەوەو (تەداعی)



گێڕانەوەی ڕابردوو لەلای پاڵەوانەکە دەخولقێن.

**لەوەتی پێم بۆ خولقاوە**
**من هەر بەرەو خۆرەتاوی ئەو لوتکەیە**
**هەنگاوی مردنم ناوە**
**ڕێوبان نەما ئارەقی منی لێنەتکێ**
**بەرد نەما سەرمی پێ نەکرێ**
**لەو هەورازە بەفر لێی دام**
**بە خەون بەردی ئازاری ئەم ڕۆژگارە**
**سەر دەخەینە سەر ئەو کێوەی**
**کە لوتکەی دیارو نادیارە**
**ئەوەتانێ سێکوچکەی چام، ئاگردانم**
**بەژیلەمۆ داپۆشراوەو دانەپۆشراوە**
**ئەوەتانێ چرای دڵم**
**شەوگار بە شەوقی وێراوەو نەوێراوە.**

دراما وەک چۆن لەو دوو شیعرەی پێشوودا نەپچڕاو بوو، لێرەش هەروایە.. کاتو شوێنو ململانێ لەگەڵ سروشتو.. و.. و.. لەم شیعرەشدا خۆ دەنوێنن. هەروەها لە نێوان ئەم شیعرەو شیعری - چاوەڕوانی-دا وێنەیەکی زۆر لێکچوو دەبینرێ کە لەسەر زمانی هەردوو پاڵەوانی دووەمە کە دەبیسترێن، ئەوەتا کاک نەوزاد ڕەفعەت لە شیعری -لوتکە-دا دەڵێت.



**بەرد نەما سەرمی پێنەکرێ**
**لەو هەورازە بەفر لێی دام**

کاک کەریم دەشتی شاعیریش دەڵێت:

**چەند جاران کۆڕەومان گرتووە بۆ**
**لوتکەی دوور**
**بەفرمان بەسەر باریوە**

ئەمیان لە هەوراز بەفر لێی داوە ئەوی دیشیان لە لوتکەدا بەفری بەسەر باریوە. کە هەردووکیان دەتوانین بڵێین هەریەکن.
هەروەها کاک نەوزادی شاعیر پسپۆڕانە باسی بەفر بارینەکە دەکات.

**ڕێوبان نەما ئارەقی منی لێنەتکێ**
**بەرد نەما سەرمی پێنەکرێ**
**- لەو هەورازە بەفر لێی دام**
**ئیدی لە سەری من نەبێ**
**لە هەموو بەرزاییان چۆوە**
**لە هەموو شوێنێ ڕەشبۆوە.**

ئیدی لەسەری من نەبێ، لە هەموو بەرزاییان چۆوە، لە هەموو شوێنێ ڕەشبۆوە، بەڕای من باڵادەستی شاعیر لەم سێ چوار دێڕەدا زۆر جوان خۆ دەردەخەن ئەمیش بەدوو خاڵ: یەکەمیان کاکی شاعیر هەر خۆی سەری



سپییە، واتە قژی سپییە لە واقیعدا، لێرەشدا کە دەڵێ ئیدی لەسەر من نەبێ لە هەموو بەرزاییان چۆوە لە هەموو شوێنێ ڕەشبۆوە، سەری مرۆڤ بەرزە واتە بەرزترین ئەندامی لەشی مرۆڤە، وەک باسیشم کرد خۆیشی قژی سپییە ئیتر زۆر جوان هاتووە بەفربارین لە دوندو بەرزاییان بە سپیاتی سەری خۆی شوبهاندووە. خاڵی دووهەمیش ئەوا بارینی بەفرو ڕەشبوونەوەکەی لە بەرزاییان تەنها لەسەر ئەو نەبێ واتە سەری ئەو کە هۆشو بیرکردنەوەو.. و.. و.. لە ئامێزدەگرێ. پاکەو بەردەوام پاکەو قەت ڕەش نابێ ئەگەرچی هی زۆران ئەمڕۆ تەنیمۆکە!
نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ لە شیعری (لوتکە)شدا کاک نەوزاد سوودی لە لەقتاتی سینەمایی وەرگرتووە، بەڵام نەک وەکو ئەو سوود وەرگرتنەی کە لە (ئێوارە وەختێکی درەنگ)دا بینیویەتی.. لەشیعری لوتکە کەمترە سوود وەرگرتنەکە.
دەبێ ئەوەش بڵێم لە کۆتایی ئەم نووسینەدا بووم، پارچە شیعرێکی تری کاک نەوزاد ڕەفعەت لە پاشکۆی عێراقی ژمارەی ١٠٨و لە ژێر ناونیشانی (زیندەخەون)دا بڵاوبۆوە، ئەم شیعرەش -زیندەخەون- هەر لەسەر هەمان ڕەوتە شیعریەکەی (لوتکە)و (ئێوارە وەختێکی درەنگ) دایەو بە شێوەیەک دەتوانین بڵێین -لوتکە- یەکەم هەوڵی شاعیرەو (ئێوارە وەختێکی..) هەوڵی دووەمیتیو، (زیندەخەون)یش هەوڵی سێیەمیتی.
بۆیەش گومان لەوە ناکرێ پارچە شیعری دووهەمی زۆر بەهێزترو ئاپۆرەترو پێشکەوتنخوازانە تریشە لە هی یەکەمی. ئەوەتانێ کە

ئافرەتەکە لێی دەپرسێ.

**- بۆچی ئەوەندەت خۆش دەوێم؟!**

**- تۆ نەبوای کوا ئەم ژیانە دەگوزەرا!**

کە دەڵێت کوا ئەم ژیانە دەگوزەرا، بەلای منەوە پۆپەی داهێنانو پێشکەوتنخوازیشە، چونکە رۆحێکی دایلەکتیکیانەی بەهۆی ئەم دێرەوە بە شیعرەکە بەخشیوە، تۆ بڕوانە ژیان بێ خۆشەویستی نەزۆک دەبێ، کە نەزۆکیش بوو زاوزێ کردنو بەردەوامی ژیان نابێو رادەوەستێ، کە راوەستاش ژیانەکە وردە وردە وشک دەبێو، لە جووڵە دەکەوێ... ئیتر ژیان دەگوزەرێ؟، کاک نەوزاد بەم دێرە شیعرە توانیویەتی شتێکی زۆر گەورە بە روحێکی دایلەکتیکی -الجدلی- باس بکا. یان کە دەڵێت.

**بۆ کوێ هەڵێم**
**هێلانەیێ لە کوێ دانێم**
**دنیام پێ ناسووتێ دەبا جگەرەیێ داگیرسێنم**

لەم کۆپلەیەشیدا، شاعیر لە کاتی مێشک کرۆشتنیدا دڵی خۆی بە داگیرسانی جگەرەیەک ئاسوودە دەکا، جگەرەکە دوو هێمای هەیە، یەکەمیان داگیرسانی جگەرە بە مانای لابردنی خەمو پەژارە دێ، دووەمیشیان، بڵاوەی دووکەڵ بە هەر چوار لای خۆیداو ئەو ئاگرە بچکۆلەیەی لە نێو پەنجەکانی جارجار مژی لێ دەداو گەشی دەکاتەوەو، نوقڵانە گەورەکەی شاعیر لێ دەدەن!



***سەرچاوەو پەراوێزەکان:***

١- بۆ باشتر روونکردنەوە! بڕوانە رۆژنامەی هاوکاری -ژ ١١٠٢- فوئاد سدیق سابیر- شیعری سیاسی لە نێوان هەڵچوونو پووکانەوەدا- ١٩٨٩/٨/٢١.

٢- پاشکۆی عێراق- ژ ١٥- ئەیلوولی ١٩٨٨.

٣- گۆڤاری کاروان ژ ٧٨ ئابی ١٩٨٩.



# زەقبوونەوەی خود لەناو وەهمێکدا...!!!

هەر لێکۆڵینەوەیەکی شیعری ئەگەر بەچاوێکی وردو بەدیقەتێکی زۆرەوە، مێژووی شیعری کوردی لەبەرچاو نەگرتبێ و لێکۆڵەر ئەو مێژووەی جوان نەخوێندبێتەوەو هەموو قۆناخە جیاجیاکانیشی بەباشی هەزم نەکردبێ، ئەوا ناتوانێ دوو دێڕی بابەتیانە لەسەر بچووکترین شیعری تازەی کوردی بنووسێ، خۆ ئەگەر هاتوو نووسیشی ئەوا بێ کۆت و مەرج نووسینێکی ئیفلیج و پووکاوەو توێکڵدارو... دەردەچێت بەشێوەیەک کە نەچێتە نێوخانەی لێکۆڵینەوەی شیعری کوردی یان رەخنەی شیعری کوردییەوە.

ئەگەر باسی قۆناخی سەردەمی سەدەی بیست بکەین ئەوا دەبینین، هەنگاوەکانی(جزیری و مەحوی و خانی و حاجی و مەولەوی و نالی و کوردی و.... هتد)، کاریگەرترو قووڵترو بەرفراوانترو بەتین و گوڕتر خۆدەنوێنن.



ئەوەی بیەوێ بەلێواری لێکۆڵینەوەی شیعری کوردی دا هەڵبگەڕێ، دەبێت بە باشی لەم جیهانە شەنگ و دڵگیرو بەرفراوانەی شیعری کلاسیکی و نوێی کوردی دا ئاگادار بێ.

نازانم ئەمە چ پێودانگەیەکە بێیت، بەناوی لێکۆڵینەوەی شیعری، شیعرێک یا چەند شیعرێک هەڵبسەنگێنی کە نەزانێت، وێنە شیعرییەکانی... زمانی شیعری... ئیقاعی ناوەوەی... دایەلۆگی شیعری... تەکنیکی شیعری(بەمانا فراوانەکەی)...هتد لە کوێ وەرگیراون، یا کارتێکردنی شاعیرانی چەند بەسەرەوەیە...هتد.

لەم روانگەیەوە، لەم چەند رۆژانەی رابردوودا، نامیلکەیەکی کاک نەجات حەمیدم بەناوی(مێژووی خود لەناو لەنگەرییەک دا) بەرچاو کەوت کە لە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر درشت لەسەر سێ شیعر، دوای خوێندنەوەی بۆم دەرکەوت کە ئەو برادەرە ئاگاداری قۆناخەکانی شیعری کوردی نییەو، هەرگیز لە ڕەوت و ئاستی شیعری کوردیش نەگەیشتووە؟!

ئەو برادەرە هاتووە جارێ پێشەکییەکی بۆ ئەو سێ شیعرە رازاندۆتەوە کە لە بنەڕەت دا ئەو پێشەکییە بۆ هیچ کام لەو سێ شیعرەو تێکڕای شیعرەکانی(سەباح ڕەنجدەر) نابێ بەکاربهێنرێن، چونکە زمان لە شیعرەکانی سەباح بریتییە لە گەڕانێکی ورد بەنێو شیعری شاعیرانی کورد بۆ دۆزینەوەی وشەو زاراوەو... بۆ فۆتۆکۆپی کردنێکی ڕەنگاو ڕەنگی شیعری شاعیرانی تر لە بەرجەستەکردنی شیعرەکانی خۆی دا، بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیەم ئێکجار زۆرە، ئەگەر بە پێویستی زانی دەیان

بەڵگەی زەق و زیندووی حاشا هەڵنەگر دەهێنمەوە.

وا دیارە کاک(نەجات) بێ ئاگایە لە شیعری کوردی، برا گیان ئەمڕۆ ئەمڕۆکەیەو سەردەمی ٤٠٠-٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر نییە،(کوردی) شاعیر کە ئەو شیعرە ناسکانەی دەنووسی، پێویستی بەوە نەبوو لە نێو جیهانی قووڵی فەلسەفەو رۆشنبیری دا قاڵ ببێتەوە، بەڵکو دەهات برۆی بە کەوان و تیرو، قژی بە شەوی تاریک .....هتد دەچواند.

واتە تەنها دەهات هێندێ کاری هونەری لە جێگۆڕکێی وشەکان و هەروەها هێندێ جوانکاری لە تەعبیریش دا دەکرد، بەم چواندن و جێگۆڕکێی وشانە، وێنەیەکی شیعری جوانیشی لێ دروست دەکرد، زۆریش سەرکەوتوو دەبوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەم جۆرە شیعرانە شتێک نین گرنگیان پێ بدرێ، چونکە شاعیری ئەمڕۆ پێویستە لەناو رۆشنبیرییەکی بەرفراوان دا قووڵ ببێتەوەو هەموو فەلسەفە نوێ و کۆنەکانی جیهانی ئەدەب و دەروونناسی و مرۆڤناسی و ئەفسانەو ئابووری و.....هتد، هەزم کردبێ، یا هەر هیچ نەبێت شتێکی باش و گشتی لە بارەیانەوە بزانێت.

من قەناعەتم وایە(ئەلیوت)ی شاعیر رۆشنبیرییەکەی لە شاعیرێتییەکەی بەهێزتر بوو، بۆیە ئەگەر ئەو رۆشنبیرییە بەرفراوانەی نەبوایە هەرگیز نەدەبوو بەم شاعیرە گەورەیە لە تواناشی دا نەدەبوو (وێرانە خاک) بنووسێ، بێگومان نموونەی لەم بابەتە زۆرە ئەگەر باسیان بکەین، هەڵبەت بە لەبەرچاو گرتنی قۆناخ و سەردەمیش، چونکە شاعیر ئەگەر جارانیش ئەوەندە پێویستی بە رۆشنبیرییەکی قووڵ نەبوایەو،



عاتیفەو بەهرە رۆڵی خۆی بینیبایە، ئەوا ئەمڕۆ هەرگیزو هەرگیز عاتیفەو بەهرە ناتوانن هیچ بە هیچ بکەن، ئەگەر رۆشنبیرییەکی گەورە لە پشت ئەو بەهرە عاتیفەیەوە نەبێت.

کاک نەجات وەک ئەوەی هەنگوینی لە داری کلۆردا دۆزیبێتەوە، پێمان دەڵێت شیعر دەبێت لە قاوخی گوتار ئامێزو زۆرجار رۆژنامەگەر ئامێزیش دا دەربچێت، چونکە زمانی شیعر جیاوازە لەگەڵ ئەو دەربڕینانەی رۆژانە دەبیستین لە رۆژنامەو رادیۆو تەنانەت لە قسە کردنیشمان دا، نازانم کەس هەیەو بڵێ زمانی شیعر دەبێ زمانی بازاڕ بێ!! زمانی مەحوی زمانی بازاڕ بوو؟! زمانی نالی زمانی بازاڕ بوو؟!

گۆران و دیلان و هەردی تا دەگاتە شاعیرانی ئەمڕۆ زمانەکانیان زمانی بازاڕ بوون؟! ئەگەر نموونە شیعری مەحویو نالی و گۆران و دیلان و....هتد بهێنمەوە، هەر کۆتایی نایەت، خۆ ئەگەر باسی شیعری ئێستای کوردیشمان بکەین، ئەوە هەر زۆر بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیرانی هەشتاکان و نەوەدەکان چ زمانێکی شیعرییان هەیە.

نموونەش گەلێک زۆرە بۆیە پێویست بە هێنانەوەی نموونە ناکات و ئەوەی تۆزقاڵێک لەجیهانی ئەدەبی کوردی بەگشتی ئاگادار بێت، دەزانێ شیعری نوێی کوردی لە چ ئاستێک دایە، ئینجا دەپرسم ئەرێ کامەیە ئەو تازەترین(بخوێنی بەرێز لە وشەی تازەترین وردبەرەوە) هەوڵە شیعرییەکەی کاک سەباح کە نەجات دەڵێت زمان لەلای سەباح رەنگدانەوەی تواناو دەسەڵاتە لە نواندنی واقیعێکی تایبەت دا؟! یاخود کامە هەوڵە بۆ بەرزترین ئاستی چڕکردنەوەو بە هێماکردنی رستە؟!



لەکاتێکدا چڕکردنەوەی زمان لەلای شاعیران ئەنوەر مەسیفی، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، محەمەد باوەکر، هاشم سەراج، کەریم دەشتی...هتد، زۆر بە ڕاشکاوی خۆ دەنوێنن و فۆتۆی کەسیشیان نەکردۆتەوە، بەڵکو هەریەکەو لە رێگەی شەونخوونی خۆیان دا بۆ دۆزینەوەی رێچکەیەکی نوێ یاخود زمانێکی نوێ و شێوازێکی نوێ دابووە.

ئەمە لە کاتێک دا ئەو زمانە شیعرییەی کاک نەجات ئاوەها بەشان و باڵی دا هەڵگوتووە، مۆرکی دەیان شاعیری دیکەی کوردی پێوەیەو، بەشێوەیەک وای لێهاتووە پێی بڵێم تەنها ئەو مۆرکە شیعرییەی کە پێوەی نەبێت، هی خودی شاعیر خۆیەتی!!! دەفەرموو هەر دیوانی(زێوان) کە سەرتاپای ئەو دیوانەی بەوەرگێڕاوی و گۆڕانکاری و دەسکارییەوە خستە بەرچاوی خوێنەران گوێ بۆ ئەم چەند نموونە بچووکە بگرن، تاڕاستی قسەکان باشتر دەربکەون، سەباح دەڵێت:

١-

**گۆڕمان لێدا**
**گەیی بە هێسک.**
**گۆڕێکی تر**
**هێسک، هێسک**

(زێوان،ل٢٥-٢٦)

*جەلال بەرزنجی شاعیریش دەڵێت:*



**ئەو گۆڕەش، گەیشتە شاخ**
**دەبێ گۆڕێکی تری بۆ هەڵکەنین**

(گەرم نەبوونەوە)

**٢- سەباح دەڵێت:**

**والێرەدا من سپیاتیم**
**لەناو تەمی تۆدا دەژیم**

*جەلال بەرزنجی دەڵێت:*

**تارمایی با**
**لە سپیاتی مانگەشەو جێ ما...**

تەماشای چەند فێڵبازە!! تارمایی کردووە بەتەم؛ وادەزانێ بەمە خوێنەری شیعر چاو بەست دەبێ!.

٣- سەباح دەڵێت:

**ئەو هەورەشی تێپەڕاند**

**محەمەد باوەکریش دەڵێت:**

**هەورەکان ڕامدەماڵن**

٤- کاک سەباح دەڵێت:

**دووبرادەر جغارەیان بەچلێسی پێ دەکرد**

**هاشم سەراجیش دەڵێ:**

**بەدوان جگەرەیەک**

(دوکەڵ)

٥- یان لەم وێنەیە وردبینەوە، کاک سەباح دەڵێت:

**له مشتەخۆڵی سەرگۆڕم باران بۆن کەن خۆڵیش بۆنی باران بگرێ**

بەڵام کاک ڕەفیق سابیری شاعیر لە ناوەڕاستی حەفتاکان واتە(٢٠) ساڵ زیاترە باسی ئەوە دەکات و دەڵێت( لە بارانی ناوەخت دا بۆنی خاک دێت).

٦- یاخود با کەمێک لەو تەکنیکە شیعرییەی سەباح وردبینەوە.

**قوڕ لە شۆڕەکە زیان خووس**
**گیا لە نسرمان دیل**
**یاخود:**
**تای بەفرێ**
**سۆبەی باران**
**پەنگری با**
**ڕەژوو**
**دانیشتوان**
**بۆشایی بازنەییێک**
**بوون نسرمێکە خۆ بەدەستەوە نادا**

*یاخود:*

**بەردێک تەماشای زەرد بوو**
**نە گونجانی چولاییێ....هتد**

من تەنها ئەوەندە دەپرسم ئەم تەکنیکە شیعرییە، هی کوێیە؟! باشتر وایە کاک نەجات پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بچێت نامیلکەی جلوبەرگ و چمکەکانی ئەنوەر مەسیفی بخوێنێتەوە، ئینجا



وەڵامێکی دروستی دەست دەکەوێ، چونکە دڵنیام ئەم دیوانەی کاک ئەنوەری نەخوێندۆتەوە، دەنا هەرگیز هەڵەی وای نەدەکرد!!! ئەمەجگە لەوەی کۆمەڵێک زاراوەی وەکو حەمامۆکی منداڵان و.....هتد، لەلایەن بەکر خۆشناو....هتد بەکارهێنراوە کە بەپێویستم نەزانی هەموویان بخەمەڕوو، تەنها ئەوەندە دەڵێم کاک نەجات ئەمەیە کە دەڵێت ئەو سیماو خاسیەتە تایبەتیەی بابەت لەلای شاعیر بەرای من هەوڵێکی نوێیە؟! ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە بە هیچ شێوەیەک ئاگای لە شیعری کوردی نییە؟! یا دەڵێت«شتێکی سەیر نییە گەر بڵێین شاعیر هەوڵی داوە شێوازێکی تایبەت بەخۆی جودا لەهەندێک شێوازی تری دەربڕینی شیعری بنیات بنێت شێوازێک کە لە هەندێک ڕەگەزی جوداو تایبەتییەوە لە زۆربەی کاریگەرییەکانی شێوازی شیعری قۆناخە جوداکانی شیعری کوردی دەردەچێت و چەند سیمایەکی تایبەتی بەخۆی دەبەخشێت...هتد»

ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە بەپێی ئەو چەند دێڕەی نەجات نووسیوویەتی دەیسەلمێنێ کە ئاگاداری ئەو تەقینەوە شیعرییە کوردییە نەبووەو نییە کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە دروست بووەو و تا ئەمڕۆش هەر بەرێگاوەیەوە دەیان پارچە شیعری جوانیشی لێ دروست بووە.

پێش ئەوەیش کە بێمە سەر قۆناخی ناوەڕاسی هەشتاکان بەدواوە، دەمەوێ بەکاک نەجات بڵێم مادامەکی ئەوەندە تەئکیدت لە زمانی شیعر کردۆتەوە، کوفرێکی گەورەت کردووە کە بەچاوێکی وردبینانە



شیعرەکانی(عەباس عەبدوڵڵا یوسف)ت نەخوێندۆتەوە، چونکە دەتوانم بڵێم ئەم گەرموگوڕییەی زمانی شیعر کە ئەمڕۆ شاعیران و لێکۆڵینەرەوان لێی دەدوێن، عەباس عەبدوڵڵا یوسف هەر لە حەفتاکانەوە بەردی بناخەکەی زۆر بە جورئەتەوە داناوە دە ساڵێکیشە ڕێک شاعیرانی تر لە سەرووی هەموویانەوە ئەنوەر مەسیفی بەشێوازێکی فرە چڕترو بەزمانێکی چڕترو بەتەکنیکێکی نوێترو چڕبووە وە تر بینای ئەم ڕێچکە شیعرییە دەکات کە عەباس بەردی بناخەکەی دانا، بۆیە پێویستە بوترێ کارتێکردنی زۆری ئەنوەر مەسیفی بەسەر شیعرەکانی سەباحەو، لەوەش زیاتر هەرلاسایی کردنەوەیەکی دەقاو دەقی شیعرەکانی ئەو(١٠) ساڵەی ئەنوەر مەسیفی یە، بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی سەباح کردوویەتی هیچ مۆرکێکی خۆی بەسەرەوە نامێنێ، لەبەر ئەوە نەدەبوو نەجات، باسی هەردوو شاعیری نوێخواز(عەباس عەبدوڵڵا یوسف)و(ئەنوەر مەسیفی) نەکات، لەکاتێک دا دوو شۆڕە سواری ماندووی شیعری نوێی کوردین، هیچ مەرجیش نییە کاکی بەناو لێکۆڵەر پەسەندیان بکات یان نا، بەڵکو ئەمەی گرنگە ئەوەیە کە هەوڵی نوێخوازی ئەم دوو شاعیرە لەگەڵ چەند شاعیرێکی تری وەکو هاشم سەراج و کەریم دەشتی و....و... لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دیارو بەرچاوە، بۆیە ئەوەی نەجات نووسیوویەتی بەش بەحاڵی خۆم بەکوفرنامەیەکی دەزانم دەرهەق بە شیعری نوێی کوردی، چۆن کوفرنامەنییە، کاکی لێکۆڵەر جارێک شیعرەکانی سەباح بەتازەترین هەوڵ دادەنێت لە بواری شیعری کوردیداو جارێکیش



دەڵێت«ئەم هەوڵانەی شاعیر لە زمان دا لە بەرەوپێکەوەنان و سەرەتای دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی نوێ دەچێت لە شیعردا» کوفرێکە وەک ئەوەی موسڵمانێک لە مانگی ڕەمەزان و لە نوێژی خوتبەداو لەناو مەککەدا زینایەک بکات یا شەریک بۆ خودا دروست بکات، ئەم کوفرە لە شەریعەتی ئیسلامی چەندە گەورەیە، بەڕای من ئەم جۆرە(تصریحات)انەش لە بواری شیعردا ئەوەندە گەورەن، سەیرەکە لێرەدایە نەجات باسی ڕێچکەیەک دەکات کە لە سەرەتای دۆزینەوەی دایە، کەچی بێ ئاگایە ئەم ڕێچکەیە تەمەنێکی لەنێو شیعری کوردی دا بەسەر بردووەو ئێستاش هەر بەردەوامەو سەباحیش پاشماوەی ئەم ڕێچکەیەیە.

باشە ئێستا نەجات، دەبێ چی بەخۆی بڵێت کە نووسیویەتی ئەم شیعرانە بەهیچ جۆرێک ناچنەوە سەر ئەو قاڵبە شیعری و زمانەوانیانەی کە بۆیان هەبێ بچنەوە سەر زمانێکی تر؟! ڕاستییەکەی ئەم نووسینە وەک وتم کوفرنامەیەکە بەرانبەر بەڕەوتی شیعری نوێی کوردی بەگشتی و بەرانبەر بەهەندێک شاعیری نوێخوازو داهێنەر بەتایبەتی دە(١٠) ساڵی ڕێک لەمەوبەر دەیان وتاری جۆراوجۆر لەرووپەڕی ڕۆژنامەکانی هاوکاری، پاشکۆی عێراق، بڵاوکراونەوە کە ئەنوەر باسی داماڵێن و یەکگرتنەوەی وشەو ڕستەی دەکرد، هەندێک وتاری بەیاننامە ئامێزیش لەم بارەیەوە بڵاوکراونەتەوە، کەچی کاک نەجات تازە بەتازە هاتووە ئەم باسە دەکوتێتەوەو بە دەسپێشخەریشی دادەنێ لە شیعری نوێی کوردی دا!!!.

عەباس عەبدوڵڵا یوسف٢٣ ساڵ لەمەوبەر لە دیوانی(ئاو) دانووسیویەتی:

**دەگەینە یەک**
**وەک ئاسمان و خاک**
**یا دەڵێت: ئاخ**
**چەند بێعاری ئەی چاوی سینەمایی**

یا لە شوێنێکی تردا نووسیویەتی:

**چاوەکانم**
**چ داستانێک دەگێڕنەوە**
**سەرەتاو بنەتای ئازارە**
**بە ئاوی چاوانم هەویری پێکەنین دەشێلم**

ئەم وێنە شیعرییانە(دەگەینە یەک وەک ئاسمان و خاک، چاوی سینەمایی، بە ئاوی چاوانم هەویری پێکەنین دەشێلم) لە واقیع دا نین، بەڵام بەکارهێنانیان لەشیعردا، هونەرێکە لە هەندێ حاڵەت دا ئیستاتیکاو فەنتازیای شیعریشی پێ دەوڵەمەند دەبێ، بۆیە ئەمڕۆ دەیان شاعیری دیکەی کوردی، سەدان وێنەی لە واقیع دا نەبووی لەم جۆرە دەترنجێننە نیو شیعرەکانیان،بەڵام بەلامەوە سەیرە نەجات چۆن لەم هەموو کەین و بەینەی شیعری نوێی کوردی بێ ئاگایە. کە سەرەتای تەمەنی ئەم کەین و بەینانە خەریکە چارەگە سەدەیەک تەواو دەکا، گرێ سەدەیەکی تەواویش دەبێ واتە(١٠ ساڵە) بە توندی هاتۆتە مەیدان.



شیعر نووسین هەر تەنها ئەوە نییە زمانێکی ئاڵۆزو تێکچڕژاوی وەها بەکاربهێنێ کە کەس تێی نەگات و تەنانەت خودی شاعیرەکەش نەزانی چی نووسیوە، زمانی چڕکراوەی شیعری وەنەبێت کارێکی نوێ بێت، بەڵکو ماوەیەکە شیعری کوردی بەزمانێکی چڕو شێوازێکی تازە برەوی پێ دەدرێ لەلایەن هێندێک شاعیری کوردەوە کە خاوەنی زەخیرەیەکی رۆشنبیرین و دەشزانن چی دەڵێن، سوودی زۆر لە ئەفسانەی کوردی، فۆلکلۆری کوردی و...و... وەردەگرن، دەتۆ بڕوانە ئەم دوو دێڕە:

**مووی ناو کونە دیواران**

*یاخود:*

**کێشکەی ناو بزنان**

لە هەمووشی سەیرتر ئەوە بوو، برادەرێک گاڵتەی بەوە دەکرد کە ئەم جۆرە شیعرانە بێ ماناو هیچن!!

تومەز ئەو برادەرە ئاگای لە فۆلکلۆری کوردی نەبووەو نییە، ئەگینا بەچ هەقێک دەڵێ نازانم مانای چی یە، ئەوەی یەک جار ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەوێزی دیبێ، دەزانێت کێشکە چۆن لەناو هەوێزێ دوای دەنکێ دان دا دەگەڕێت، هەوێزیش شوێنی مەڕو بزنە، دێمەوە سەر بنچینەی بابەتەکەو دەڵێم، ئەلیۆت و ئەزرا پاوەندو سان جۆن پێرس و مایاکۆفسکی و..و...و... چەندانی دیکە کاتێ کە بایەخیان بە تەکنیکی شیعری و شێوازی نوێی شیعری دەدا، دەیانزانی چی دەڵێن و چی دەنووسن و داهێنانیش چۆن کەوی و ماڵی دەکەن، ئەوەی



نامیلکەی(الليله الأخيره)ی مایاکۆفسکی بخوێنێتەوە، تێ دەگات مایکۆفسکی چ تەقینەوەیەکی شیعری لەناخەوەی هەژاندبوو، کە لە ڕێبازی دوا ڕۆژ خوازی- المستقبليه-دا هەڵی ڕشتبوو، هەڵبەت نابێ ئەوەشمان لە بیربچێ کەجاک بریڤەرو نیرۆداو، یەفتەشینکۆو نەزار قەبانی و...هتد شاعیری جیهانین و کەچی شیعری ئاڵۆزیشیان نەنووسیوەو مرۆ بە ئاسانی هەزمیان دەکات، ڕاستیەکەی ئەوەندەی من لە نەجات گەیشتبم هێشتا شیعری کۆن و نوێی کوردی نەخوێندۆتەوە، هەر شیعرێک سووتانێکی قووڵ و گەورەی ناخەوەی شاعیری تێدا نەبێ و نەی هەژاندبێ بۆ لە دایکبوونی شیعرەکە، دەبێ ئەم شیعرە چی بێت؟

کەی بووەو دەکرێ سووتان و برژانی خودی شاعیران بکەیت بە موڵکی خۆت!! دەبا کەمێک گوێ لەم سووتانە شیعرییە بگرین

**ڕەشبەڵەکی ئاگرو ئێسقانم دەبینی**
**چۆن تێکەڵی یەکتر دەبوون**
**مەرگ و ڕۆحی سپی فریشتەم دەبینی**
**سەرو کۆکلی یەکتریان دەڕنیەوە**
**گرانە... گرانە**
**وەک پاییزو زریان و تۆف**
**سووکە وەک ئاڵتونی خوێن و**
**مەرجانی ناو چاوی مرۆڤ**

*(تەمە سپییەکانی ڕۆح)*

یاخود کە دەڵێت:



دەتوانم بڵێم ئەو سووتانە قووڵ و بەرفراوانەی لەشیعرەکانی کەریم دەشتی دا دەبینرێ، بەم قووڵی و بەرفراوانییە لە شیعری هیچ شاعیرێکی دیکەی کوردی دا نابینم، بەڵگەشم بۆ ئەمە دەتوانم بڵێم هەر خودی ئەو شیعرانەی کەریم دەشتییە کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان تا ئەمڕۆ بڵاوی کردوونەتەوە، سووتانێکی هێندە قووڵ و کاریگەرو بەسوێیە، خوێنەریش لەگەڵ خۆی دا دەسوتێنی!! توانیویەتی ئێش و ئازاری هەموو خەڵکی کورد لەنێو شیعرەکانی خۆی دا بەوپەڕی زمان و پاراوی و ئیستاتیکی شیعری و هونەری شیعرییەوە دەستەبەر بکات.

هەڵبەت لێرەدا کە باسی چەند شاعیرێکمان کردووە، ژمارەیان ئێجگار کەمەو مانای ئەوە نییە، ئیتر تەواو شاعیری دیکەی داهێنەرو نوێکارمان نین، هەر بۆ نموونە ئەوەی شیعری(تاوسی سپی)و(یەشمەکانی چۆمسکی) هاشم سەراجی خوێندبێتەوە، هەست بە ئاستی بەرزی شیعری نوێی کوردی دەکات و تێدەگات کە چۆن ئەفسانەو رۆشنبیری شاعیر ئاوێتەی شیعرەکانی بووە.

**چ ئاگرێکە؟**
**ئەو گەرماییە کحولییە دۆزەخییە یاقوتیە غوربەتیە**
**بەردەسپاتەکانی ئۆرفیۆس دەرەقسێنێ و**
**مەززە هەندەسییە سینەماییەکان**
**مشتومڕە سەفسەتاوییەکان**
**پێخەنینە سیامەستاوییەکان جلیوەدار دەکا**

شیعری نوێی کوردی بەتایبەتی لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە تا

ئەمرۆ، پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی وردو پوخت هەیە، بۆ ئەوەی بزانین کارتێکردنی شیعری هاوچەرخی جیهانی و شیعری هاوزەمانی عەرەبی چی بووە بەسەر شیعری کوردی داو هەروەهاش کارتێکردنی خودی شاعیرانی کورد بەسەر شاعیرانی هەشتاکانەوە، چونکە هەندێک شاعیر هەن کارتێکردنیان هەبووە، بەسەر شاعیرانی هەشتاکان تا ئەمڕۆ لەڕووی شێوازو زمان و تەکنیک دا، بەڵام تائێستا سەربازی ونن، عەباس عەبدوڵلا یوسف تاڕادەیەک لەو سەربازە ونانەیە کە لەسەرەوەش ئاماژەم بۆی کردووە، ئەم نووسینەی منیش تەنها سەرە قەڵەمێک یاخود لە دەرگادانێکە بۆچوونە ناو گفتوگۆو لێکۆڵینەوەیەکی تێرو پڕتر دەربارەی شیعری کوردی، چونکە شیعری کوردی زۆر تامەزرۆی لێکۆڵینەوەو هەڵسانگاندنە، زۆر شیعری نوێ و جوان و داهێنەرانەمان هەن و بێ ناز کەوتوون.



# ئەوەی پەندو عیبرەت
# لە رابردووی خۆی وەرنەگرێت،
# تەقە لە ئایندەی خۆی دەکات

***قسە گەر عیقدی گەوهەربێ، غەرەض دەیکا بەخەرموهرە***
***چ تەئسیرێ لە وەعظتدایە، واعظ وا پڕ ئەغراضی***

**مەحوی**

بەر لەوەی هەر دەقێک بخوێنمەوە، حەز دەکەم بزانم نووسەرەکە کێیەو ئەزموونی لەم بارەیەوە چەندەو شتێکیش لەرووی سایکۆلۆژی ئەو کەسەوە بزانم و ئینجا دەقەکە هەڵدەسەنگێنم، هەروەک(بلیخانوف) گوتەنی(دەستنیشانکردنی سایکۆلۆژیاو باری دەروونی نووسەرەکان گرنگییەکی ئێکجار گەورەی لە لێکۆڵینەوە دا هەیە). لەم روانگەوە من لە پاشکۆی ئەدەبی(ژ٤٣)ی برایەتی دا، وتارێکم بەناونیشانی(زەقبوونەوەی خود لەناو وەهمێکدا) بڵاوکردەوە، هەموو مەبەستم لە وتارەکە ئەوە بوو(نەجات) ئەو نامیلکۆکەی(مێژووی خود لە



ناو لەنگەرییەک دا) نووسیویەتی، لە جێگای خۆی دا نییە، چونکە(سەباح) سەرەتاییترین بنەمای رۆشنبیری نییەو، لە شیعریش دا لاساییکردنەوەیەکی دەقاودەقی شاعیرانی سەردەمی خۆی دەکاتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەنوەر مەسیفی. کەچی ناوبراو لە(ژ٤٥)ی ئەدەب و هونەری برایەتی دا، بەهاوکاری و بە بەرەکەتی چەند کەسێکی دی. هاتووە بەرق و کینەیەکی زۆرەوە، بەکۆمەڵێک دەستەواژەی زۆر دزێوو و نائەدەبییەوە دۆو دۆشاوی تێکەڵ کردووە و لێی بووەتە کوردە غیرەتی و بەرگرییەکی توندی لە شاعیری ناوبراو کردوە ئەمە لە کاتێک دا چاپکردنی نامیلکۆکەکەش سەربردەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەرە، بەڵام نامەوێ وەکو نووسەری ناوبراو تووشی قسەی بازاڕی ببم. دیزە بەدەرخونەی لێدەکەم و هەوڵم داوە دەستی ئەو نووسەرە بگرم کە کەم ئەزموونە، بۆ ئەوەی جارێکی تر بەو دەردەی پێشوو نەچێت و هەرچی بشفرێ بزن نییەو، بگەڕێتەوە سەردەمەتەقێ ی زانستیانە. ئەمڕۆ مەیدانی ئەدەب وەکو جاران نەماوەو کەس ناتوانێ بە سۆزو عاتیفەی رووت، یابەقسەی بازاڕی و بە هەڵچوون و داچوون و...هتد لەم مەیدانەدا بەردەوام بێت، مەیدانی ئەدەب ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر مەیدانێکی مەعریفی و فەلسەفی و ئیستاتیکییە. ئەوەی بونیادێکی فیکری و تێڕوانینێکی دوارۆژ خوازی نەبێت، ئەدەبێکی پووکاوەی لێ دێتەبەر، بۆیە من پڕ بەدڵ حەزم دەکرد نەجات لەم روانگە مەعریفی و فەلسەفییەوە منی بدواندبا نەک بەم هەموو قسە ساردو سڕانە کە من شەرم دەکەم لێرە بیاننوسمەوە. جگە لەوانەش کۆمەڵێک



قسەی بێ بنچینەی بۆ من دروست کردووە، کە زۆر دوورن لە راستی. من لەوەتەی(بلوغی سن الرشد)م تەواو کردوە پێم وایە ژیان هەمیشەلە گۆڕاندانو پەرەسەندندایە، فیکریش رەنگدانەوەی ئەم واقیعەیە، بۆیە هیچ تیئۆرێکیش نییە تاسەرو زیندوویەتی خۆی بپارێزێ، چونکە(ژیان سەوزەو تیئۆر خۆڵەمێشی یە) لەم روانگەیەوە، لە وتارەکەی پێشووم دا، ویستم ئەوە بە نەجات بڵێم کە نووسینەکەی بەهیچ شێوەیەک شیعری کوردی لەبەرچاو نەگرتووەو بەوردیش ئاگای لە شیعری ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان نییە... نەجات لەجیاتی ئەوەی بە عەقڵی(ژیان باشترین ئەزموونە) مامەڵەی لەگەڵ وتارەکەم دا بکردایە، کەچی هاتووە بە عەقڵیەتی سواربوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب مامەڵەی کردووە، بۆیە تازە بشفرێ بزنە!!! وەک بە ئاشکرا نووسیویەتی(من لەو کەسانە نیم بەر پەرچی خۆم بدەمەوە) واتە پەندو عیبرەت وەرگرتن لە رابردووی خۆی بە بەرپەرچدانەوەی خۆی دەزانێت! ئیتر بەم عەقڵەوە هاتووە، وەڵامێکی پڕ لە تانەو تەشەری بۆ من نووسیوە، کە ماوەیەکە ئەم جۆرە نووسینانە لە ناو ئەدەبی کوردی دا نابینرێن و بەسەرچوون، چونکە ئەم جۆرە نووسینانە لەنەبوونی فیکرو رۆشنبیرییەوە دروست دەبن، ئاخر نووسینی ئەدەبی لە کوێ و قسەی بازاڕی لە کوێ؟! دەمەوێ ئەوەش بڵێم تا ئەوکاتەی نامیلکۆکەکە لەسەر سەباح نووسرا، دوورو نزیک من نەجاتم نەناسیوە، کاتێ لەو نامیلکۆکەیشی تێبینیم لەلا گەڵاڵە بوو، تەنها مەبەستم گفتوگۆی ئەدەبی بوو لەپێناوی زیاتر دەرکەوتنی راستییەکان، چونکە نەجات ئەگەرچی بەتەمەنیشە، بەڵام تەمەنی

نووسینی کەمەو تا ئەو چەند مانگەی دوایی شتێکی نییە دیارو بەرچاو بێت، بۆیە ئەگەر لەبەر ئەو بوختانە و قسە بێ بنچینانەی نەبوایە، راستییەکەی هەر وەڵامیشم نەدەدایەوە. بەتایبەتی کە سەباح هی ئەوە نییە مشتومڕی ئەدەبی لەسەر دروست بکرێ! لێرەوە دێمە سەر وەڵام و وەڵامکارییەکان

سەیرە! من باسی چیم کردووەو، ناوبراو خوێنەر بەرەو کوێ هەرەتە دەکات، بەمازوو کەوتووەو دەیەوێ بەسیچکە هەڵبستێتەوە. بەکورتی ناوەڕۆکی وتارەکەی پێشووم لەسەر نارۆشنبیری سەباح و تواناو بەهرەمەندی هێندێ شاعیری دیکەو لاساییکردنەوەی سەباح بوو... کەچی زۆر سەیرە ناوبراو بەهیچ شێوەیەک خۆی لە قەرەی ئاستی رۆشنبیری ئەو برادەرە نەداوە، کەمن لە نووسینەکەم دا بەشی شێرم داوەتێ!! بۆیە دووپاتی دەکەمەوە، ئەگەر ناوبراو نیازی وەڵام دانەوەی منی هەیە، با هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم خاڵە گرنگە بکات، چونکە ئەمڕۆ زەمانی(وەلی دێوانە) نییە لە بیابان شیعر بنووسیت، زەمانی(کوردی) شاعیریش نییە، تەنها بە ئیلهام و عاتیفەی رووت شیعر بڵێیت، ئەمڕۆ سەردەمی پێشبڕکێی تەکنۆلۆژیاو مەعریفەیە، ئەگەر جاران شاعیر هەر پێویستی بە بەهرەو عاتیفەی رووت هەبوو، ئەوا ئەمڕۆ پێویستی بە مێژووناسی و زمانو هزرو ئیستاتیکاو فانتازیاو رۆشنبیرییەوە هەیە، ئەمڕۆ دەیان(ئەگەر نەڵێم سەدان) شاعیرمان هەن، بەڵام ئەوانەی شوێن پەنجەیان دیارەو هەنگاوەکانیان دیارن لە پەنجەی دەست تێناپەڕن، هەموو ئەوانی تر لە پەراوێزدان. لێرەوە دەچمە سەر دۆو



دۆشاوەکەی نووسەر.

نووسەر دەیەوێت دەستەچەورەکەی خۆی بە من بسڕێتەوەو دەڵێت(وا پێدەچێت ئەو- واتە نووسەری ئەم چەند دێڕە- بەهیچ جۆرێک شارەزایی نەبێت نە لە رێگەکانی شیکردنەوەی رەخنەی نوێ دا کە شیکردنەوەی دەق هەر لە پەنجاکانەوە گۆڕانکارییەکی گەورەو بەرفراوانی بەخۆوە بینیوە)

کەچی ئەوەی تۆزێک لە دونیای ئەدەب نزیک بێت، ئەوە دەزانێ کە رەخنەی نوێ کە لەکلاو رۆژنەی زمانەوە دەڕوانێتە بەرهەمی ئەدەبی، سەرەتاکەی بۆ گرێی سێهەمی ئەم سەدەیە دەگەڕێتەوە، کاتێک(ریچاردس) کتێبە بەناوبانگەکەی(بنەماکانی رەخنەی ئەدەبی) لە ساڵی ١٩٢٤دا بڵاوکردەوە، واتە ئەم کتێبە بە بەردی بناخەی ئەم قوتابخانەیە(رەخنەی نوێ) دادەنرێت. دوای بەدوای ئەمە(ت.س.ئیلیۆت) راستەوخۆ زنجیرە وتارێکی رەخنەیی بڵاوکردەوە کەرەتکردنەوەی بیروڕاکانی ئەو رەخنەگرانە بوو کە لەکاری رەخنە سازی داگرنگییەکی زۆریان بە باری کۆمەڵایەتی و پێوەندی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵ و قۆناخی مێژووی لە دایکبوونی بەرهەمەکەو مێژووی ئەدەب بەگشتی و باری دەروونی هەریەکە لە نووسەرو کارەکتەرەکانی دەدا. ئەم دوو گەورە رەخنەگرە(ریچاردس و ئیلیۆت) یەکەمین چینی دیواری ئەم تەرزە رەخنەیەیان دانا، کە گرنگیان تەنها بەزمان دەدا، واتە ئەدەب وەک بابەتێکی زمانەوانی سەیر دەکراو لێیدەکۆڵدرایەوە. ئینجا(رۆبەرت بێن)و(کلیانث برۆکس)و(ئالان تیت)و



تەنانەت رەخنەگری بەناوبانگی ئینگلیزی(ف.ر.لیڤز) سەرەڕای ناکۆکیی و ناتەبایی لەگەڵ بیروڕاکانی(ئیلیۆت)دا، بەشداری ئەو تەوژمە رەخنەییەی کرد. (جۆن کرۆرانسۆم)یش کە بەیەکێک لە رابەرەکانی ئەم قوتابخانەیە دادەنرێ، لە ساڵی ١٩٤١دا کتێبێکی هەر بەم ناوە(رەخنەی نوێ) چاپ کردو، ئەم کتێبە بە یەکەمین کتێبی تێرو تەسەل و گشتی و بۆ هەموو لایەنەکانی ئەم تەرزە رەخنەییە دادەنرێت لێرە من لە نووسەر ناپرسم، چونکە ئەو مادامەکی بە عەقڵییەتی سواربوون عەیبێک و دابەزین دووعەیب بیەوێ گفتوگۆم لەگەڵ دابکات و پێی وابێت ئەگەر دان بەراستییەکان دابنێت، ئەوە بەرپەرچی خۆی دەداتەوە. ئا لەبەر ئەوە لە خوێنەری بەڕێز دەپرسم. ئێستا من ئاگاداری رەخنەی نوێ نیم یا ناوبراو؟! بەدرێژایی مێژوو،. نەبووە یەکێک دۆگمابێت، لە یەکێک رۆشنبیرتربێت کە باوەڕی بە دیالەکتیک هەبێت، ئینجا نووسیویەتی(دەمەوێ ئەوە بسەلمێنم کە نەک تەنها شارەزایی لە رەخنەی نوێ نییە، بەڵکو لەو نووسینەش نەگەیشتووە کە من بۆ شیکردنەوەی زمانم تەرخان کردووە) لەسەرەوە دەرکەوت کە کامەیان شارەزاییمان لە رەخنەی نوێ دانییە، بۆ مەسەلەی(شیکردنەوەی زمانی شیعر)ش، دەڵێم لە هەموو دونیادا شاعیرێک نادۆزیتەوە زمانێکی چڕو نوێی لە شیعردا بەسەرکەوتوویی بەکارهێنابێت، ئەگەر رۆشنبیرییەکی گەورە لە پشت ئەو دەست کاری کردنەی زمان نەبێت.مالارمێ، ئیلیۆت، سان جۆن پێرس، تارادەیەک بەگژ زمان دا چوون بەڵام بەرۆشنبیرییەکی بەرفراوان و گەورەوە، چونکە یەکێ لە کەرەستە هەرە گرنگەکانی شیعرو



کۆڵەگەی بوونی شیعرو سەرچاوەی ئەدەبێکی رەسەن و نوێ، زمانە. لە هەموو دونیادا دەقێکی شیعری گەورەو زیندوو نابینی ئەگەر بەزمانێکی یەک پارچەو تیشک هاوێژو تریسکەدار نەنووسرابێتەوە. ئەو زمانە رەونەقدارەش بەبێ بوونی رۆشنبیرییەکی گەورە دروست نابێت. هەر لەم روانگەوە ئەنوەر مەسیفی لە هاوکاری-ژ١٠٦٣ نوسیویەتی(شاعیر- مەبەستی سەباح- ئەگەر بەتێری بەرۆشنبیری شیعر نەبێت. گومانی تێدا نییە شیعرەکەی لەرووی فۆرمەوە پچرپچڕ دەبێت و هەست دەکەیت شیعرەکەی وەکو ئەو تەنەکەیە دێتە بەرچاو کە بەرگەی ئەو هەموو هێزانەی نەگرتبێت لە هەموو لایەکەوە بۆی هاتبێت) ئیتر نازانم تەنەکەی قۆپاو لە کوێ، مەدح و سەنای نووسەر لە کوێ؟!

ئەمڕۆ زمانی شیعر دەبێت لە بابەتێک زیاتری نێوان بابەتەکانی تربێت، چونکە لە گۆڕین و وەرگێڕانی هەست و ویژدان دوور دەکەوێتەوە، زمان جێگای ماناو عاتیفەو مۆسیقا... دەگرێتەوە بۆیە شاعیر(ئەگەر شاعیر بێ!) دەبێت بەخششی تیئۆری هەبێت و پێویستی بە تەتبیقە لە مومارەسەی شیعرا. ئەمڕۆ تەنگژەی شیعری نوێێ کوردی و تەنانەت هی جیهانیش بەر لە هەموو شتێک تەنگژەی زمانە. ئەو زمانەی کە لەناو منداڵدانی رۆشنبیرییەکی گەورەوە دروست دەبێت، بەرۆشنبیرییەکی ناتەواو. زمانەکەش لاڵ دەبێت.

(سان جۆن پێرس) بە تەورات و تراژیدیای یۆنانی و هۆمیرۆس و دەقە پیرۆزەکانی هیندی و چینی و رۆژ هەڵاتی و میسرو...هتد تێرو پڕبووبوو، بۆیە(پێرس) توانی شیعری فەرەنسی لەسەر

شارستانییەتەکانی رۆژهەلات و باشووری ئەمریکا بکاتەوەو هەمــوو ئەو فــەرهەنگە جۆراوجـۆرانەی زانیـاری و تەکنیکی و جـوگرافی و مـێـژوویی و ناوی دارودرەختی نەبیستراو و ناوی مەعادن و... لە شــیــعــردا بەرجـەســتــە بکات، کـــە هەر لە شیعری(صور کروزوی) تا دوا شیعری(جفاف) ئەم راستیانە خۆیان دووبارە دەکەنەوە.

(هنری مـیـشـۆ) لە سـەردەمی لاوییـەوە، بەناو ئەکوادۆرو پیرۆو بەرازیل و ئەرژەنتین دا گەڕاوەو، دواییش بەنیــــو ولاتی ژاپۆن و چین و هیـنـدو مـالیـزیاو نیـپـال و سـیـلان و بەلژیکاو مـیـسـرو مەغریب و تورکیاو.... سوڕاوەتەوە(میشۆ) ئەگەر ولاتـی چین و هـیـنـدی نـەدیـبـــــــایـە، چۆن دەیتوانی(بەربەریەت لە ئاسیا ) بنووسێت؟! ئەگەر مـــاوەی یەکـــســـاڵ لە(ئەکــوادۆر) نەژیابایە، نەیدەتوانی بەوپەڕی هوشـیـاریـیـەوە(ئەکــوادۆر) بنووســێت.(مــیــشـــۆ) بە وردی هەمـــوو نووسینەکانی(مۆنتسکیۆو سویفت و لوتریامون و دیستۆڤیسکی و فـرۆیدو رویسیـرۆک و کـافکاو ڤـۆلـتـیـرو هیلو و هتــد...) هەڵگـێـڕو وەرگـێـڕ کردووەو بە(کافکا)ش زۆر موتەئەسیر بوو. من لەم






ڕوانگەیەوە، ســەباح بە نارۆشنبــیــرو نەشــارەزا لە ئەدەب و مــێــژوو جوگرافیاو میتۆلۆژیاو فیکرو سیاسەت دەزانم.

هەر وشەیەک کە زمانی شیعر پێکدەهێنێت، دەبێت بوعدو زاراوەو کاریگەرێتی تایبەتی خۆی هەبێت لەکاتی بەکارهێنانی دا، چونکە وشە سـیــحری تایبــەتی خـۆی هەیە، کـەچی جگە لە تەقلید، زاراوە هیچ سیحرێک لە وشەکانی شعری ئەم برادەرە نابینی، باسی چیا وشاخی هەزار بە هەزار(رەوەز)ت بۆ دەکــات، بەڵام لە ژیانی دا بەســەر یەک چیــاش نەکـەوتووە(باسی ڕەوەز هەر مــەکــە!!) دڵنیــاشم چاوی پێ ناکەوێت!! ئەفسانە، سەرچاوەیەکی ئێجگار مەزنە بۆ پەرەپێدانی زمان، چونکە ســەرەتای پەی بردنی عــەقــڵـی مـرۆڤــە ســەبارەت بە بوون و دۆزینەوەی دەوروبەری خۆی. بۆ ناو شیعریش شاعیر هەمیشە پێویستی بەمــیــتــۆلۆژیا هەیە، بۆ ئەوەی شـێــوازێکی جـیــا بۆ ئایدیای خـۆی بەرخسێنێت. (ییتس) بۆ ئەفسانەی ئیرلەندی کۆن گەڕایەوە، (ئیلیۆت) گەڕایەوە ناو دونیای ئەنثرۆپۆلۆژیاو ئەفسـانەی کۆن، (کاڤـاڤی) بەناو رابردووی هیللینی دا شۆڕبوەو... کـەچی شاعـیـری ناوبراو جگە لەوەی سەری لە مـیـتـۆلۆژیاو ئەنثرۆپۆلۆژیا دەرناچێت، نازانێت سوریالیزمیش چیـیــەو کــەی دروست بـووە!! ئەوەتا بە ڕاشکاوی کـاتی وەڵامی ئەنوەر مەسیفی داوەتەوە، نووسیوبەتی سوریالیزم لە سەدەی نۆزدەهەمەوە هاتە دروست بوون!! لە کــاتێک دا ســوریالیــزم، بۆ یەکــەم جــار لە ســاڵی ١٩١٧(ئەبولینـیـر) ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە. (ئەندریە بریتـۆن)یش دامەزرێنەر(مۆسس)ی ئەو بزووتنەوەیە(بریتۆن) کردیە قوتابخانەو ڕێکی



خست و ڕێبازێکی فەلسەفی پێ دا. ئێرە شوێنی ئەوە نییـە تا بەدرێژی باسی سـوریالیـزم بکەم، بەڵام دەڵێم کێ بێت خۆی بە ئەدەب دۆستـیش دابنێت، کـەچی نەزانێت سوریالیزم کـەی دروست بووە! وەک(بریتـۆن) دەڵێت ڕەگی سوریالیزم لە نێو شیعرەکانی(ڕامبۆ، بۆدلێر، لوتریامون)دا هەبووە، بەڵام بێ ئەوەی زانیبـێـتـیـان سوریالیـزم وەک فـیکرو فـەلسـەفە چییە.

بۆیە(ڕامـبـۆ) بە باوکی سـوریالـیــەکـان ناو دەبات. بەڵام وادیارە شــاعــیـــر لەبەر لاوازی زمـانـەکــەی نەپەڕژاوەتە ســەر(عـصـــر السـریالیـە)و(بـیـانـات السـریالیـە)و(المعطیـات الاساسیـە للحرکـە السـریالیـە)و، دەیان کـتـێـبی دیکەی لەم بابەتە، کــە دەیان ســاڵە چاپکراون!!

ڕۆشنبــیـریی ئەوکـاتە دروست دەبێت کـە عــەقڵ لە ســەرنج دان لە دونیاوە بپەڕێتەوە بۆ سەرنج دان لە خۆی، عەقڵێک نەتوانێت سروشت و میکانیزمی ئیشکردنی خۆی ببینێت، ناتوانێت لە میکانیزمی مێژووش بگات. چونکە عەقڵیەتی ئیفلیج و دۆگما ئەو عەقڵیەتەیە کە ناتوانێت دەرەنجامە وەرگیراوەکان بکاتە دەرەنجامی نوێ.

ناتوانێت لەناو دەرەنجامە وەبەرهەمهێنراوەکان دا، پرۆسـێـسێکی زانستی ئەنجام بدات. بۆیە ئەم جـۆرە عــەقـڵـە، عــەقــڵـێـکی نەزۆک و مردووە. هەردوو ناوبراویش نەیانتوانیوە پرسیاری گەورە لە مێژوو بکەن و نەشیان توانیـوە مـیـتـۆدی بیرکردنەوە لە ئازارەکان بدۆزنەوە. چونکە بنەمـای تێرامانی زانستـیـانەیان لە شیعرو نووسین دا نییە. ئەمە لە



کــاتێک دا ئەدەبیش لقـێکە لە لقـەکــانی مــەعــریفی ئینسـانی، واتە شـێــوازێکی تایبــەتی دەربڕینی تێگەیشــتنی مـرۆڤــە لە مـادەو فـیکرو کۆمەڵ. بەم پێیـە ڕەخنەگـر(ئەگەر ڕەخنەگر بێت!) بزانێت یا نەزانێت کاتێک کە بەرهەمێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، ممارەسەیەکی ئایدیۆلۆژی بەجێ دەهێنێت. ئەگەر چی پێشنیاری ئەوەش بکات کە تەنها ڕێگە بۆ چوونە ناو دونیای دەق، تەنها خودی دەق دەلالەتەکانی خۆی دەکات.

ئینجا من نازانم نووسەر چۆن جەسارەتی کردووە، نکولی لەوە بکات شاعیری ناوبراو لاسایی و فۆتۆی شاعیرانی تری کردۆتەوەو پاساویشی بۆ ئەمە بە(توارد خواطر)ی ناوبردووەو زۆر پوختە بە منی فرۆشتۆتەوەو دەڵێت(زۆر جار بە وێنەی لێکنەچووش واتای لە یەکچوو دروست دەبێت و لە واتای- توارد خــواطر-ی عــەرەبی نزیکە، بەڵام وا پێــدەچێت ناوبراو- واتە فـؤاد سدیق- ئەو سادە ڕۆشنبیرییەشی نییە کە هەموو خوێنەرێکی ئەدەبی هەیەتی). ڕاســتـیــان وتووە هەتا خـاوەن مـاڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت، بەڵام ئەوەی گرنگە نە دز دەبێتە خاوەن ماڵ و نە خاوەن ماڵیش دەبێتە دز.

(گالیلۆ) پێش شەهیدکردنی، وتی ئێوە وا ئیعدامم دەکەن، وەک ئەوەی ئەگــەر من نەمــێنم زەوی بەدەوری خۆردا نەسوڕێتــەوە، بەڵام من بمێنێم و نەمـــێـنـیم، بمکوژن و نەمکوژن، زەوی بەدەوری خـــۆردا هەر دەسوڕێتەوە، بەڵام دەبا بابزانین من یا نووسەر ئەو ڕۆشنبیرییە سادەمان نییە کە هەموو خوێنەرێکی ئەدەب هەیەتی.

ئەوەی من لە وتارەکەم دا بەراوردم کردبوو، چەند کۆپلە شیعرێکی

سەباح بوو لەگەڵ هی شاعیرانی دیکەی کورد، لەم بەراوردکردنەش کۆمەڵێک وێنەی شیعری لێکچووم هێنابووەوە، لەناو ئەم کۆپلانەش دوو وێنەی شیعری ئێکجار زەق و لێکچووم هێنابووەوە، کە کتومت یەک بوون، بەڵام نووسەر لەم دوو نموونە شیعرییە خۆی گێڵ کردووەو وەک بڵێی لە خواردنی ئەودا نەبێت تا دیفاعی لێ بکات، بۆیە لە هەردوو لێکچووەکە، خۆی بەدوور گرتووەو بە عەقڵێکی دەورێشی وێنەکانی تری هێناوەتەوە، ئەگەر چی ئەوانیش هەر زۆر لەیەکتری نزیک بوون، بەڵام کە پێت بڵێت بشفڕی هەر بزنە! دەبێت وەڵامی من چی بێت. دوو وێنە زۆر لێکچووەکە ئەمانە بوون. (جەلال بەرزنجی) دەڵێت(ئەو گۆڕەش گەیشتە شاخ/ دەبێ گۆڕێکی تری بۆ هەڵکەنین) سەباحیش دەڵێت: (گۆڕمان لێ دا گەییە هێسک/ گۆڕێکی تر/ هێسک هێسک) بە قسەی نەجات بێ، بۆ منیش ڕەوایە، لەجیاتی شاخ و هێسک، بڵێم چەقێن!!!(ڕەفیق سابیر)یش دەڵێت(لە بارانی ناوەختدا بۆنی خاک دێت) سەباحیش زۆر پوختە دەڵێت: باران بۆ کەن/ خۆڵیش بۆنی باران بگرێ) خوێنەری ئازیز ئەمە وەرگرتن نییە؟! جا با نووسەر هەر هاوار بکات و بڵێت ئەم هەموو وێنە شیعرییانە هەر هەمووی(توارد خواطر)ن!! کەوا دیارە ناوبراو هێشتا نازانێت(توارد خواطر) چییە؟! چونکە(توارد خواطر) بۆ ئەوەیە دوو کەس لە شوێنی زۆر جوداو بێ ئاگا لە یەکتری، باسی شتێک بکەن کە خاک و هاو زمان نەبن، بۆ نموونە شاعیرێکی کورد شیعرێک دەنووسێت، شاعیرێکی چینیش شیعرێک دەنووسێت، کەچی بەڕێکەوت وا دەردەچێت شیعرەکان زۆر لە یەکتری



نزیک دەبن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، نە کوردە زمانی چینی دەزانێت، نەچینییەکەش کوردی دەزانێ و نە شیعری هیچ کامێکیشیان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانێکی وەها کە هەردوو شاعیرەکە بیزانن.

ئەمە پێی دەوترێ(توارد خواطر)، بەڵام بۆ یەکێک کە هەموو دیوانە شیعرییەکانی کوردی لەلابێت و ڕۆژانەش سەرنجیان لێ وەربگرێت و بەزمانی کوردیش چاپکرابن، دەبێت چ نرخ و بەهایەک بۆ(توارد خواطر) بهێنێتەوە!! بەم پێوەرە دەرکەوت کە کێ لە(توارد خواطر) نەگەیشتوە. سەیرە، نووسەر نازانێت ڕەخنەی نوێ لە گرێی سێهەمی ئەم سەدەیە هاتۆتە ئارا، هاتووە دەڵێت لە پەنجاکانەوە هەیە!! کەچی پێشم دەڵێت شارەزایی لە ڕەخنەی نوێ نییە!! خۆی شیکردنەوەی زمانی بەسەقەتی باسکردووەو بە ڕۆشنبیری و مەعریفەی نەبەستاوەتەوە، کەچی بەمنی فرۆشتۆتەوە!! خۆی بەهەڵە لە(توارد خواطر) گەیشتووە کەچی ئەو پێم دەڵێت شارەزایی لە(توارد خواطر) نییە!! لێرە تەنها خوێنەری بەڕێز دەکەم بە سەنگی مەحەک، کە نەفەسی نووسینی کامەمان بابەتی ترو زانستی ترەو کامەشمان لەو شتانەی سەرەوە، کە لێی دووام شارەزاییمان نییە. یەکێک ئاشکرا بنووسێت(من لەو کەسانە نیم بەرپەرچی خۆم بدەمەوە)و بنووسێت(ئەو- واتە من- بەهیچ شێوەیەک لەسەر یەک ئاستی بیرکردنەوە نانووسێت) دەبێت چ بەهایەک لە نووسینەکانی دا هەبێت، لە کاتێکدا دژی دیالەکتیک بێ و باوەڕی بە میتافیزیک هەبێت!! دوای شەڕی یەکەمی جیهانی هەندێک لە گەورە دەوڵەمەندەکانی زەمانی عوسمانلی هەبوون پارەی کۆنیان بەهی نوێ



نەدەگۆڕییەوە، هەتا ئەنجام ئیفلاسیان کرد بوون بە موفلیس. سەیرە کە ئەوە بوو ئیفلاسیشیان کردبوو، کەچی هەر تەقەی ئوستورلابی کۆن لە مێشکیان دەزرنگایەوە!!.

سەبارەت بە دزینەکانیشی من هەر سوورم لەسەر ئەوەی شاعیری ناوبراو، شیعرەکانی مۆرک و موعانات و توانای خۆی پێوە نییە، بەڵکو هەر وشەیەک و دەستەواژەیەک و وێنەیەکی جوان ببینێت، ئەو یەکسەر کلێشەیەکی بۆ دەکات و شتە جوانەکان دەگوازێتەوە!! لێرەدا نموونەیەکی دیکەی زۆر زەق دەهێنمەوە کەچۆن دزیویەتی، لەو شیعرانەشە کە نووسەر ڕاڤەی کردووە. (ئیسماعیل بەرزنجی) لە گۆڤاری(وێران)ی ژ٢ی بەهاری ٩٩٥دا دەڵێت: شەممە بۆدرۆ، یەکشەممە: بۆدرۆ دووشەممە: بۆدرۆ: سێشەمە: بۆدرۆ: چواشەمە: بۆدرۆ: پێنج شەممە: بۆ سەر قەبران، جومعە: بۆ ژنەکانمان.

کاک سەباحیش نووسیویەتی: شەممە: بیرناکەینەوە، یەکشەممە دەرگا داخراوەکان، دووشەممە: باڵەخانەیەکی ناسکە، سێشەممە: پیرەمێردێکی ئاشقە، چوارشەممە: بایێکی شێدارە، پێنج شەممە: یەک پارچە گڕە، هەینی: نامەیێکی ترسناکە.

ئیتر با نەجات هەر بڵێت وەڵڵا وەبیلا ئەمە دزی نییەو(توارد خواطر)ە! قەت بەری خۆر بەبێژینگ نەگیراوەو، تا نووسەر بیکاتە شەوە زەنگ!! خوێنەری بەڕێز جگە لەمەش شاعیری ناوبراو یەک پارچە شیعری بە سێ چوار شێوە بڵاودەکاتەوە!! هەر جارێکیش کە بڵاوی دەکاتەوە هێندێ دەستکاری و تیف تیفەی دەکات، نموونەم زۆر لەلایە،



هەر چاوێک بەدوا لاپەڕەی نامیلکۆکەکەی نووسەری ناوبراو بخشێنە، بزانە لەژێر ناوی ڕوونکردنەوەیەک چی نووسراوە. من نازانم شیعرێک کە بڵاوکرایەوە، ئیتر چۆن دەبێت چەند جاری دی بەناونیشانی دی و بەدەستێوەردانی تر لە هەموو شیعرەکە ئینجا جارێکی دی دووجاری دی و...و...و بڵاوی بکەیتەوە. ئافەرین ئەی شاعیری کلێشەباز، تۆش هەر بژیت ئەی نووسەری دۆگما کە هەموو شیعرت سەقەت کرد.

(مایاکۆفسکی) ساڵ و نیوێک زیاتر بە دیار شیعرێکەوە شەونخونی چێشت، سەرەتا ناوی لە شیعرەکە نا(پێغەمبەری سێزدەهەم) بەڵام کە بڵاوی کردەوە، لەژێر(پەڵە هەورێک لە شەڕواڵدا) بوو، جارێکی دیکەش بەلای دا نەچووەوە تا هەوڵی گۆڕین و دەسکاری کرنی بدات، هەموو شاعیرانی جیهانیش وا بوون.

ئینجا ناوبراو لەبەر ئەو هەموو هەڵچوون و داچوونەی، ئاگای لەوە نەماوە کە چی نووسیوە، ئەوەتا نووسیویەتی(نووسەر جارێک دەڵێت: شاعیر لاساییکردنەوەیەکی دەقاو دەقی شاعیرانی تری کردۆتەوە، جارێکیش دەڵێ فۆتۆی شاعیرانی تری کردۆتەوە)و ئینجا دەڵێت: (لاساییکردنەوە لە کوێ و فۆتۆکۆپی لەکوێ) جارێ هەر لێرە وشەی(دەقاو دەق)ی قووت دا!!!، چونکە لاسایی کردنەوەی دەقاودەق لەگەڵ فۆتۆکۆپی چ جیاوازیان هەیە؟! ئایا هیچ لە گەوهەری مەسەلەکە دەگۆڕێت؟! خۆ من نەهاتوومە لە باسکردنی جەبرو فیزیادا، جارێک وتبم لاسایی و جارێکیش وتبم فۆتۆکۆپی!!

ئەم خۆ هەڵخەڵەتاندنە یانی چی؟! ئێستاش هیچ نەبووە، لە

هەردووکیان(لاسایی و فۆتۆ) سەر پشک بە، کامەیان هەڵدەبژێری پیرۆزت بێت!!!

خوێنەری بەڕێز، بۆ دەرکەوتنی ڕووی ڕاستی مەسەلەکان، با بەیەکەوە بچینە سەر شیعری نوێی کوردی، من لەو وتارەی ژ٤٣ی پاشکۆی برایەتی نووسیبووم(ئەو گەرموگوڕییەی زمانی شیعری ئەمڕۆ شاعیران و لێکۆڵەرەوان لێی دەدوێن، عەباس عەبدوڵلا یوسف هەر لەحەفتاکانەوە بەردی بناخەکەی زۆر بە جورئەتەوە داناوەو دە ساڵێکیشە ڕێک شاعیرانی دی لە سەرووی هەموویانەوە، ئەنوەر مەسیفی بەشێوازێکی فرەچڕترو بەزمانێکی چڕترو بە تەکنیکێکی نوێترو چڕ بووەوەتر بینای ئەم ڕێچکە شیعرییە دەکات کە عەباس بەردی بناخەکەی دانا، بۆیە پێویستە بوترێ کارتێ کردنی زۆری ئەنوەر بەسەر شیعرەکانی سەباحەو لەوەش زیاتر هەر لاسایی کردنەوەیەکی دەقاودەقی شیعرەکانی ئەو(١٠) ساڵەی ئەنوەرە...) کەچی نووسەر بۆ شێواندنی نووسینەکەم، هاتووە هەر لەم پەرەگرافەدا دێڕێکی پەڕاندووە!! کە ئەمەیان خۆی لە خۆی دا، نا ئەمانەتی و دەست ناپاکی دەگەیەنێت، ئینجا دەپرسم، ئەرێ تەکنیکی نوێتر، بەمانای هەمان تەکنیک دێت؟! یان واتە تەکنیکێکی تر... جگە لەوە ناوبراو دەڵێت جیاوازی ئەرزو ئاسمان لە نێو شیعری ئاو وچامەی لم نیازمەی عەباس و جلوبەرگ و جمکەکانی ئەنوەر هەیە... لێرە ناوبراو هەر دەیسەلمێنێ کە هیچ شارەزاییەکی لە لێکچوون و کارتێ کردن نییە.(عەباس)ێک (١٥) ساڵ بەر لەو تەکنیکیەی ئەنوەر شیعری نوێی نووسیبێت. چ عەقڵێک هەیە بڵێت شیعری ئاو



وچامەی لم نیازمەی عەباس لەگەڵ شیعری جمکەکان و و جلوبەرگی ئەنوەر لێکدەچن؟! ئاخر کاکی برا کارتێکردن لە کوێ و لێکچوون لە کوێ؟ ئەو شیعرانەی عەباس کە زمانێکی نامەئلوف و تەکنیکی نامەئلوف و وێنەی نامەئلوف و مۆسیقای نامەئلوف و...و...هتد بوو، زەمینەیەکی لەباری بۆ ئەنوەر ڕەخساند تا ئەویش نامەئلوفییەتی خۆی بهێنێتە بەرهەم، بەکورتی مەبەستم ئەوە بوو، ڕەگی ئەو تەکنیکەی ئەنوەر کە لە جل و بەرگ و جمکەکانەوە دەست پێدەکات، بۆ ئاو و لم نیازمەی عەباس دەگەڕێتەوە،(ڕامبۆ) نەیدەزانی شیعرەکانی سوریالین، چونکە سوریالیزم ئەو کات چ وەکو زاراوە چ وەکو بزووتنەوە، بوونی نەبوو، بەڵام،(بریتۆن)ی دامەزرێنەری سوریالیزم، دەیوت، ڕەگی سوریالیزم لەنێو شیعرەکانی ڕامبۆدا هەیە هەر لەبەر ئەمەش بوو، دەیوت(ڕامبۆ) باوکی سوریالییەکانە، لەم ڕوانگەوە(عەباس) باوکی تەلیعییەکانە.من نەم وتووە ئەنوەر لاسایی عەباسی کردۆتەوەو، بەڵکو وتوومە کارتێکردنی عەباسی بەسەرەوەیە.

بێگومان لاسایی و کارتێ کردنیش بە قەد ئەرزو ئاسمانەکەی نووسەرە. بەدڵنیاییەوە، ئەو کاتەی عەباس دەینووسی(خوناو=فرمێسکی جەنگاوەرێکیشکاویکۆڵنە دەرە) ئەم ڕێنووسە پێش عەباس نەبووە، ڕەنگە من لەگەڵ ئەم ڕێنووسەش دا نەبم، بەڵام دەستپێشخەریەکە لە عەباسەوە دەستی پێکرد، سەیرەکە ئەوەیە پاش(٣٠)ساڵ بەسەر ئەم ڕێنووسەی عەباس، سەباح لاسایی دەکاتەوە!!. سەبارەت بە(محەمەد باوەکر)یش،(باوەکر) لە پێش



ئەنوەر(هەڕمێن)ی چاپ کرد، کە هەنگاوێکی کاریگەر بوو لەم ڕەوتە شعرییە، بە تایبەت دوای لم نیازمە، باوەکر دوای ماوەیەکی زۆر گۆمەکەی شڵەقاندو دژایەتیشیان زۆر کرد، ڕۆژنامەی عێراقی ١٤/٥/٩٨٦ و ٢٩/١٠/٩٨٦ لە بەردەستن کە چۆن ڕووبەڕووی ئەم دیوانە وەستان! دەیڵێمەوە یەکەم دیوان لەسەر درێژبوونەوەی ئاو و لم نیازمە(هەڕمێن) بوو، کە هێشتا نە ئەنوەر نە هیچ کەسێکی تر، دەستیان بەو تەکنیکە شیعرییە نەکردبوو... دواتر ئەنوەر بڕەوی بەم فۆڕمە شیعرییەدا، بەڵام گوناهی من چییە کە ناوبراو لەم هەموو شتانە بێ خەبەرە!!!. ڕەخنەی ئەدەبیم بۆ دەنووسێ!! ڕۆژگاریش بۆ چوونەکانی منی دەربارەی لابردنی ئامرازی پەیوەندی بە ڕاستر وەرگرت، بەڵام نازانم ئەم هەموو هاشوو هووشە چیە ناوبراو بێ هیچ بنچینەیەک بۆ منی دروست کردووە و دەڵێ ڕۆژی حەشرێیە!. ناوبراو هەر ئاگای لەو وتارانەم نییە، کە لە هەشتاکان و نەوەدەکان، بڵاوم کردوونەتەوە، بەتایبەت دەربارەی عەباس و کەریم و ئەنوەر، نازانم ئەوکات لە کوێ بووە، لە ئەشکەوت یا لە مزگەوت؟! جێگای سەرنجە ئەو تەکنیکە شیعرییەی ئەنوەریش وە نەبێت لە ئەدەبیاتی جیهان دا شتێکی نوێ بوو بێت،بەڵکو دەیان ساڵە هەیە، هەر لە فەڕەنسا(ئەپۆلینییر ١٨٨٠-١٩١٨، دانییل ئودییە، برنار دلفای، ئیف ئیلیوی، جان داییف، مارک دولوز، میشال دیخی، هنری میشۆ) و دەیان شاعیری دیکە لە پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان ئەم تەکنیکە شیعرییەیان بەکار هێناوە،(کلود بیلییو) ،کە لە دایک بووی ساڵی(١٩٣٤)ە، بەناوی(الفراغ ارتش) لە شیعردا ئەم



تەکنیکەی بەکار هێناوە......

ال تجرد ال
دیکور العمارات جوع
ال ال لان
اصبع دیکور الفراغ
المرفوعه یکشف قد
ارتعش

کەچی شاعیری ناوبراو هەر ئاگای لەم کەین و بەینانە نییەو دەڵێت(بول شاوول) بۆ یەکەم جار ئەو تەکنیکەی بەکار هێناوە، لە کاتێکدا( بول شاوول) لە ساڵی ١٩٨٠ کتێبێکی بەناوی( کتاب الشعر الفرنسی الحدیث١٩٠٠-١٩٨٠) چاپ کردو شیعرەکانی خۆیشی زۆر لە ژێر کارتێ کردنی ئەو شاعیرە فەڕەنسییانە بوو، کە لەو کتێبەدا کردبووی بە عەرەبی! دیوانی(الهواء الشاغر)لە ساڵی ١٩٨٥ دا چاپکراوە. کەچی شاعیرەکەی نووسەر ئاماژەی بۆ ئەم دیوانە کردووە، وەک بڵێیت هەنگوینی لە داری کلۆردا، دۆزیوەتەوە، ئایا ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی بێ ئاگایی نییە، جێگای سەرنجە زۆر شاعیری عەرەب، کە بە فەڕەنسییان نووسیوە لە(بول شاوول)یش زوو تر ئەم تەکنیکە شیعرییەیان بەکار هێناوە لەوانە: ئەندریە شدیدی میسریو محەمەد خەیرەدینی مەغریبیو یوسف سبتی جەزایریو... هتد، بەڵام وا دیارە نەک هەر شاعیری ناوبراو، بەڵکو نووسەری ناوبراویش، کە دەرچووی بەشی فەڕەنسییە ئینجا ئاگاداری لەم شتانە نییەو بێ خەبەرن، چارەکە سەدەیەک پترە،

شیعری کارەبایی و ئەلیکترۆنی و کۆنکریتی و دەنگی و...هتد، لە فەرەنسا دروست بوون، شاعیری کلێشەباز پێی نەزانیوە، دەنا فۆتۆیەکی ئەوانیشی دەکرد!!! هەر چەندە ئەو تەوژمانە تەمەنیان زۆر کورت بوو.

چونکە مەقبوول نەبوون و، هەڵوێستیان لە جیهان و لە زمان و ئیستاتیکاو.. و.. و.. لە جێی خۆیدا نەبوو، ساڵی ١٩٧١ (فرنسوادی دیو) (بەیاننامەی کارەبایی) دەرکردو تیایدا بەرهەمی ١٦ شاعیرو نووسەری لە ئامێزگرتبوو، دەزگایەکی بڵاوکردنەوەشی بەناوی (ئەلەکتریکی پریس) دامەزراندبوو، ساڵی ١٩٧٢دا بەرهەمی زۆربەی (شاعیرە کارەباییەکان)ی چاپ کرد، کە لێرە جێگەی باسمان نییە، ئینجا سەرباری ئەو بوختانانەی کە لە سەرەوە باسم کردنەوە، وەک هەڵوێستی من بەرانبەر بە ئەنوەرو عەباس و.. هتد، ناوبراو دەڵێت: «هەر بەم روانینە دژ بەیەک و نازانستی و نا ئەدەبییەوە ناوبراو کتێبەکەی منی هەڵسەنگاندووە»، تا دەڵێت: (ئەو بە هیچ شێوەیەک لەسەر یەک ئاستی بیرکردنەوە نانووسێت).

جارێ نووسینەکەی ئەو کتێب نییە، بەڵکو نامیلکەیە، جیاوازیش لە نێوان کتێب و نامیلکە زۆر هەیە، بەڵام وادیارە نووسەر ئەمەش نازانێت، ئینجا لەوەش سەیرتر، بە تەواوی نەزۆکی خۆی سەلماندووەو دەڵێت: «لەسەر یەک ئاستی بیرکردنەوە نانووسێت»، من لەخوێنەر دەپرسم جگە لەوانەی دۆگماو نەزۆک و (اصحاب الکهف)ن، کێ هەیە لەسەر یەک بیرکردنەوە بێت؟!.

بیرکردنەوەی مارکس لە سەرەتای چلەکان لەگەڵ کاتی نووسینی



سەرمایە، زۆر جیاواز بوو، مارکس لە سەرەتاوە باوەڕی وابوو، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە قۆناخی کۆیلایەتییەوە دەست پێ دەکات، ئەنگڵس ئاماژەی بە قۆناخی کۆمۆنەی سەرەتایی (مشاعیە بدائیە)داو، مارکسیش یەکسەر باوەڕی پێ هێنا، تێڕوانینی مارکس ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرفراوانترو قووڵتر دەبوو، قەت لەسەر یەک ئاستی بیرکردنەوە نەبوو، سەدان و هەزاران نموونەی دیکە لەبەر دەستدان، ئەگەر نووسەر بشڵێت مەبەستم گۆڕانە لە بیروباوەڕدا، کە لێرە ئەو مانایەش ناگەیەنێت.

دەڵێم عومەری کوڕی خەتاب لە سەرەتاوە لەگەڵ کافرە قورەیشییەکان بوو، ڕۆڵێکی بەرچاویشی هەبوو، دواتر بووە موسڵمان و تا بووە سەرکردەیەکی گەورەی موسڵمانان، (ئەراگۆن) پێشڕەوی سوریالییەکان بوو، کەچی دوایی چووە ناو ڕێکخستنی حزبی شیوعی فەڕەنساو گەیشتە ئاستی سەرکردایەتیش، پیکاسۆو لۆکاش و هنری لۆڤیڤرو گارودی و سەدان نموونەی دیکەی زیندوون، ئاخر کێ هەیە تا مردن لەسەر یەک ئاستی بیرکردنەوە بێت، یەک ئاستی بیرکردنەوە، واتە کوشتنی دیالەکتیک و بە پیرۆز زانینی میتافیزیکیەت!!!.

ئینجا ناوبراو دەڵێت: ئەم دوو شاعیرە (عەباس و ئەنوەر) تاقە شاعیری نوێخوازی شیعری کوردی نین، (سبحان الله)!! خوێنەر کە ئەم دێڕە دەخوێنێتەوە، یەکسەر وای بۆ دەچێت کە من وتبم تەنها ئەم دوو شاعیرە نوێخوازن، کەچی لە وتارەکەمدا جگە لەوەی ئاماژە بە کەریم دەشتی و هاشم سەراج و محەمەد باوەکرو... و... کردووەو دەربارەی



کەریم نووسیومە: ئەو سووتانە قووڵ و بەرفراوانەی لە شیعرەکانی دەشتیدا دەبینرێت، بەم قووڵی و بەرفراوانییە، لە زۆرکەم شیعری شاعیرانی دیکەی کوردیدا دەبینم، سووتانێکی هێندە قووڵ و کاریگەرو بەسوێیە، خوێنەریش لەگەڵ خۆیدا دەسووتێنێت، توانیویەتی ئێش و ئازاری خەڵکی کورد لە نێو شیعرەکانی خۆیدا بەزمان پاراوی و ئیستاتیکی شیعری و هونەری شیعرییەوە بەرجەستە بکات.

ئایا ئەمە مانای بەهرەمەندی نوێخوازی نییە؟! جگە لەوەش من چڕکردنەوەی زمانم لەلایەن عەباس و ئەنوەرو محەمەد باوەکرو کەریم و هاشم بەنموونە هێناوەتەوەو وتوومە (لێرەدا، کە باسی چەند شاعیرێکمان کردووە، ژمارەیان ئێکجار کەمەو مانای ئەوە نییە ئیتر تەواو، شاعیری دیکەی داهێنەرو نوێکارمان نین).

خوێنەری خۆشەویست ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە من هەرگیز نەم وتووە، تەنها عەباس و ئەنوەر شاعیری نوێخوازن!! جێگای سەرنجیشە، بابەتەکەی من زیاتر لە (٤) شوێن چەند لاپەڕەیەکی فۆلسکابی لێ قرتێندرابوو، خودی ڕۆژنامەکەش لە ژێر روونکردنەوەیەکی پێویست ئاماژەی پێدا، بۆیە زۆرشتی لێ پچڕابوو لە کاتی بڵاوکردنەوەی، ئینجا لە کاتێکدا من زۆر بە زەقی باسی باوەکرم کردبوو، لە وتارەکەمداو لەگەڵ کەریم و ئەنوەرو عەباس و هاشم ناوم هێناوەو نووسیبووم (چڕکردنەوەی زمان لای ئەمانە -کە باوەکریش لەگەڵیاندا ناوی هاتووە- زۆر بە راشکاوی خۆ دەنوێنن و فۆتۆی کەسیشیان نەکردۆتەوە، بەڵکو هەریەکەو لە ڕێگای شەونخونی خۆیانەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی



نوێ یاخود زمانێکی نوێ و شێوازێکی نوێدا بووە)، کەچی ناوبراو نازانم چۆن جەسارەتی کردووە، بڵێت لە کولەکەی تەرپشدا ناوی باوەکری نەهێناوە!!.

ئاخر ئەمە لە ڕۆژنامەدا نووسراوەو ڕۆژنامەکەش لەبەر دەستی خوێنەرانی ئەدەب دایە، قوڕ بەسەر ئەو کەسەی ناوبراو لەسەری ببێت بە شاهێد، خوێنەری بەڕێز سەیرکە ئەمجارەیان دەڵێت: (لە وتاری -هەشت گرێ سەدەیە مونافەسەکردنی گۆران ئەنجامەکەی هیچە- عەباسی بە دەنگێکی لاوەکی داناوە) کەچی من هەر لەو وتارەی، کە ناوبراو پێی وایە عەباسم بە دەنگێکی لاوەکی داناوە، نووسیومە (عەباس خاوەن زەخیرەیەکی ڕۆشنبیریی شیعریی باش بوو لە ژێر کار تێکردنی کەش و هەوای شیعری ئەوروپیدا شیعری دەهۆنییەوەو هەوڵیشی دەدا لەگەڵ ژانە زاتی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئامێتەی بکات، دەنگێکی تایبەتە، شوێن پەنجەی لە حەفتاکان و هەشتاکاندا دیارە)، ئایا قسەی ناوبراو پووچەڵ ناکاتەوە، کە گوایا عەباسم بە دەنگێکی لاوەکی داناوە!! ئاخر (دەنگی لاوەکی) لە کوێ و (دەنگی تایبەتی) لە کوێ؟.

ئینجا با بێمە سەر ئەنوەر، کە پێشترو ئێستاش چۆنم تێ ڕوانیوە، بۆ ئەوەی پەردە لەسەر رووی ئەم هەموو قسە بێ بنچینەو هەڵبەستراوانەی ناوبراو هەڵبماڵم، کە زۆر بە حەماسەوە کۆمەڵێک بوختان و (تناقضات)ی بۆ من دروست کردووە، من لە ژمارە ١٦ی بیری نوێی ساڵی ١٩٩٢ وتوومە (دەرکردنی چەند تصریحاتێک لەلایەن خاوەنی جلوبەرگ و جمکەکان پەلەپەلییەکی تێدا دەبینرا، وەکو لابردن و

نەهێشتنی ئامرازی پەیوەندی) ئەمەم بە (نامۆو سەر سوڕمان) داناوە، هەر لەوێشدا، نموونە شیعرییەکەی (برێخت)م هێناوەتەوە کە کاک سەردار میران لە کاروانی ژمارە ٤٣دا کردوویەتی بە کوردی‌و نووسیومە (لە خوێندنەوەی شیعرەکەی بریخت هەست بە نامۆ بوون ناکەیت) ئەگەرچی هاوتەکنیکن، بەڵام ئامرازی پەیوەندی لە هی برێخت هەڵنەگیراوە، مالارمێ‌و ئیلیۆت‌و سان جۆن پێرس‌و بەگژ... زماندا چوون، بەڵام شتی وایان نەوت، لە پاشکۆی ئەدەبی ژمارە ٢١ی برایەتیدا، جەختم لەسەر تەسریحاتەکانی ئەنوەر کردۆتەوەو بە نامۆم داناوە، کە هاوبۆچوونن لەگەڵ هی بیری نوێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت من هیچ کاتێک باوەڕم بەلابردنی ئامرازی پەیوەندی نەبووە، ئەوەی کەمێکیش سەرنجی دابێت، دەزانێت ماوەیەکە ئەنوەر باسی هەڵگرتنی ئامرازی پەیوەندی ناکات، وەک بڵێیت خۆیشی هەستی کرد ئەم هەنگاوەی کردەیی‌و سەرکەوتوو نییە، کە وتوومە ئەم تەکنیکە شیعرییە نامۆیە بۆ خوێنەر، ئەوا هەرگیز بە مانای لەکەدارکردنی شیعری ئەنوەر ناگەیەنێت‌و مانای ئەوەش نییە، کە من ئەوەندە دۆزمنداری شیعری ئەنوەر بووبم وەک ناوبراو باسی کردووە، ساڵانی ٩٨٧، ٩٨٨، ٩٨٩، ٩٩٠ هەڵوێستی منیش دیار بوو، هی ئەوانەیش دیاربوو کە بەناوی خواستراوەوە دژایەتیان دەکرد، چەندین ناوی خواستراوی وەکو مام مۆتکەو قەڵەمێکەو.. هتد دژایەتی ئەنوەریان دەکرد، بەڵام من چی بکەم ناوبراو ئاگای لەم هەموو کەین‌و بەینانە نییە.

من ئێستاش ئەم تەکنیکەی ئەنوەر بە نامۆ دەزانم، ئەوەتا لە



فەڕەنساش کە سەرچاوەی دروستبوونی ئەم تەکنیکە شیعرییەیە، شاعیران دیوانەکانیان ١٥٠٠- ٢٠٠٠ هەزار دانەی لێ چاپ دەکەن، چونکە مەودای جوگرافی نێوان ئەم تەکنیکە شیعرییەو خوێنەر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دوورترو بەرفراوانتر دەبێت، ئەوەی چاپیش دەکرێت بەشێکی زۆری بۆ دۆستو هەندێک دەزگاو کەسایەتییەو بەشێکی کەمیشی لێ دەخرێتە بازاڕەوە، ئەوەیش، کە دەچێتە بازاڕ نایکڕن، ئەوانەی دەیشی کڕن نایخوێننەوە، ئەوانەی دەخوێننەوە تێی ناگەن!! ئەرێ خوێنەری ئازیز ئەمە نامۆیی ناگەیەنێت؟! کەچی نووسەری دۆگما گێژاوێکی بۆ خۆی دروست کردووە،بێ ئەوەی بیر بکاتەوە، من لە چ شوێن‌و ڕوانگەیەک وتوومە نامۆیەو هەروەها لە کوێش وتوومە نوێ‌و... هتد، ئەو یەکسەر دەڵێت نامۆ لە کوێ‌و نوێ لە کوێ؟!.

٣-٤ ساڵیش بەر لە وتارەکەی بیری نوێم، لە هاوکاری ژمارە ١٠٧٢ نووسیومە (ئەم جۆرە بەناو تەلیعیانە شیعری وا دەخەنە بەر دیدەی خوێنەر ئەگەر گەرەکیشیان بێت لاسایی ئەنوەر بکەنەوە-وەک بەسەر نەکەوتوویی دەیکەنەوە، ئەوا هیچ هەنگاوێکیان پێ نەنراوە، چونکە ڕۆحیان لە بەردانییە، ئەمانە قوتابییەکی شاعیری تەمبەڵی ئەنوەرن)، دیارە یەکێک لەو بەناو تەلیعیانە مەبەستم شاعیری ناوبراوە، کە بە زۆر سواری ملی شیعر بووە، بۆ زیاتر دڵنیایی نووسەر، کە وا دیارە زۆر بێ خەبەرە لە وتارەکانی من‌و تێکڕای ئەدەبی کوردی، لە ژمارە ١٢٧ی پاشکۆی عێراقدا نموونە شیعرێکی ئەو برادەرەم وەرگرتووەو نووسیومە، دەتوانێت، تەنها ناوی شعری لێ نەنێت، هەر



لەوێش پارچە شیعرێکی (کەریم دەشتی)م لەگەڵ کۆپڵە شیعرێکی (محەمەد ماغوت) بەراورد کردووە، کە ئەوەی دەشتی زۆر لە هی ماغوت بەهێزتربوو، واتە من لە هەشتاکانیش بەرگریم لە نوێخوازە ڕەسەنەکان کردووەو دژی نوێخوازی کلێشەبازو بەپینەو پەڕۆش بوومە.

من کە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شیعرێک دەنووسم، دەبێت بلاجیکتۆر بخەمە سەری‌و هەموو لایەنی باش‌و خراپی هەڵبسەنگێنم، واتە لە هەندێک لایەنی لەگەڵیدام‌و لە هەندێک لایەنیشی ڕەنگە دژی بم، ئەمەش هەرگیز (تناقضات)و بەرپەرچدانەوە ناگەیەنێت، وەک نووسەری دۆگما وای بۆ چووە، من کە لەگەڵ هەڵگرتنی ئامرازی پەیوەندی نەبووم، کەی ئەوە دەگەیەنێت هەموو ئەنوەرو شیعری نوێ ڕەفز دەکەمەوە (کە ڕەفزم نەکردۆتەوە)، من لە بیری نوێ بە تێری لەسەر ئامرازی پەیوەندیم نووسیوەو ڕوونم کردۆتەوە، کە لەبەرچی لەگەڵ لابردنی نیم، هەر لەوێشدا، نزیکەی (٤) لاپەڕەی گۆڤارەکەم بۆ نوێخوازی شیعرەکانی کەریم دەشتی تەرخان کردووە، بەڵام من چی بکەم نووسەر شەلم کوێرم هیچ نابوێرم بەناو کەوتووە!!

جگە لەمانەی سەرەوە، کە ڕاستییەکانم بۆ خوێنەر ڕوون کردەوە، نازانم ناوبراو بە چ هەقێک خۆی کردۆتە وەکیل‌و زمان حاڵ‌و (ناطق رسمی)من، من لەو وتارەی کە لەسەر (گۆران)ی شاعیرم نووسیبوو، وتبووم دوای چاپکردنی (هەرمێن) نووسیومە (ئەم جۆرە بەناو تەلیعیانە، ئەگەر گەرەکیشیان بێت لاسایی ئەنوەر بکەنەوە، وەک بە سەرنەکەوتوویی دەیکەنەوە، هیچ هەنگاوێکیان پێ نەنراوە.. ئەمانە



قوتابییەکی تەمبەڵی ئەنوەرن)، کەچی ناوبراو هەر لە خۆیەوە دەڵێ یەکێ لەو کەسانەی، کەخۆی بە ئەلیوتی کورد دادەنا، مەبەستی ئەنوەرە، لێرە هەر بە تەواوی ئیسپات دەکات، کە دوورو نزیک ئاگای لەم هەموو وتارانە نییە، کە لەسەر شیعری نوێی کوردی نووسراون، ئەلیۆتی کورد یەکێکی تر بوو پێویست بە باس کردنی ناکات.

بەڵام بۆچی لە جیاتی من قسە دەکەی؟! من کە بەناو تەلیعیەکان بە قوتابییەکی تەمبەڵی ئەنوەر دابنێم، چۆن دەبێت یەکێک لەو بەناو تەلیعیانە بە ئەنوەر بڵێم؟! بەڕاستی ئەم پێوانەیە جگە لای نووسەر لای هیچ کەسێک دەست ناکەوێت!!.

لێرەوە ئەوەش ڕادەگەیەنم عەباس لە حەفتاکان دەنگێکی تایبەت‌و سەربەخۆ بوو، ناکرێت باسی شیعری کوردی لە حەفتاکان بکەی ئەگەرباسی عەباس نەکەیت، بەم شێوە ناشکرێت باسی شیعری کوردی هەشتاکان بکەیت ئەگەر باسی ئەنوەرو کەریم نەکەیت، ئەمە بووەتە پێوەرو ئەمری واقیع عەباس شاعیرێکە لەوە تێپەڕیوە نووسەرێکی بێ خەبەر لە شیعری کوردی بە شاعیری بزانێت یان نەزانێت، هەنگوین هەزار مێش‌و مەگەزی لەسەر بنیشێت، هەر هەنگوینەو هەرگیز لە هەنگوینی خۆی ناکەوێت، ئینجا دەپرسم ئەگەر ڕاستە (کە ڕاست نییە) ئەوەندە (تناقضات)م زۆرە، بۆچی لە هەموو نووسینەکانمدا یەک وشە نادۆزیتەوە، کەباسی ناشاعیریتی عەباس‌و کەریم دەشتیم کردبێت، لە کاتێکدا تا ئێستا من یەکێکم لەوانەی لە هەموو کەس زیاتر لەسەر ئەو دوو شاعیرەم نووسیوە.

هەروەها لە هەشتاکانەوە تا ئەمڕۆ یەک وشە نابینی، کە باسی داهێنانو شاعیرێتی سەباحم کردبێت، چونکە ئەلفو بای رۆشنبیریی نییە، ئاخر شاعیرێک جیاوازی لە نێوان (دمی) بووکە شووشەو (دم) خوێن نەکات، جیاوازی لە نێوان (کوردە) گوڵو (کورد) نەتەوەی کورد نەکاتو نەزانێت (سەرایڤۆ) شارێکەو پایتەختی بۆسنەو هرسنکەو بنووسێت سەر (ایڤۆ)و دەیان سەربردەی تری ئەو برادەرە، کە رۆژانە لەناو ئەدیبو نووسەرانی هەولێر دەماودەم دەکات، دەبێت چ شاعیرێک بێت، نووسەر ناهەقی نییە وڕێنە بکاتو بوختان دروست بکاتو...هتد.

چونکە تائێستا هیچی دیارنییە شایانی باس کردن بێت، چ لە گۆڤارو رۆژنامەکان، چ لە کۆڕو سیمینارەکان، تا بزانین لە هەشتاکان تا ناوەڕاستی نەوەدیش چی نووسیوە؟! ئێستا لە پڕێکەوە چۆن سەباحی کردە شاعیری ئاخیر زەمانو هەموو شیعرو شاعیری کوردیشی پێچایەوە، ئەم هەموو مشتومڕەی لە هەشتاکان لەسەر شیعری نوێی کوردی دەکران نازانم ئەو برادەرە لە کوێ بوو... بۆچی جارێک لەسەر ئەو شاعیرە دەنگی هەڵنەبڕی؟! بۆچی جارێک هەر تەنها جارێک نوقەی لێوە نەهات! ئێ خۆ شۆڕشگێڕیش نەبووە، تا بڵێت خەباتی سەختی چیام هەڵبژاردبوو، کەواتە یا دەبێت لە مزگەوت بووبێت... یان لە ئەشکەوت...!!!



# هەشت گرێ سەدەیە مونافەسەکردنی «گۆران» ئەنجامەکەی هیچە!!

گەورەییو بلیمەتی گۆران هەر لەبەر ئەوە نییە، داهێنەرو دامەزرێنەری شیعری نوێی کوردی بووە، بەڵکو بلیمەتییەکەی زیاتر بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە، لەوەتەی گۆران بۆ شیعری کوردی خولْقاوە، بە درێژایی هەشت گرێ سەدە (کە لە بیستەکانەوە تائەمڕۆ دەگرێتەوە) (گۆران)ێکی دیکە بۆ شیعری کوردی دروست نەبووەو هەر لەم روانگەشەوە دەتوانین بڵێین تا قۆناخی روانگە واتە تا سەرەتای حەفتاکان، هەموو ئەوشاعیرانەی شیعریان نووسیوە، درێژەپێدەری قۆناخو یا قوتابخانە شیعرییە بەرفراوانەکەی گۆران بوون. ئەحمەد هەردی، دیلان، کاکەی فەللاح، کامەران...هتد لەم درێژەدانە بەدەرنین.

روانگەش لە بنچینەدا کەفو کولێکی ساتەوەختی بوو، لەلایەک رەتکردنەوەو رەفزکردنەوەی کەلەپوورو لە لایەکی تریشەوە زاڵ نەبوون



بەسەر ئەفراندن کە بتوانێ رێچکە یا قوتابخانەیەکی شیعری نوێی کوردی بهێننە ئارا. سەرباری ئەوەش کارتێکردنی لە رادەبەدەری شیعری نوێی شاعیرانی عەرەب لەناو دەقە شیعرییە کوردییەکاندا بەزەقی هەستی پێدەکرا. ئەو شیعرانەی لە گۆڤاری (الشعر ١٩٦٩) بڵاودەکرانەوە، بەگشتی تانو پۆیان بەسەر شیعری کوردی سەردەمی روانگەوە هەبوو. ئەمە جگە لە کارتێکردنی نەزار قەبانی بەسەر پەشێوی شاعیر، مەحمود دەروێش بەسەر شێرکۆ بێکەس، ئەدۆنیس بەسەر ئەنوەر شاکەلیدا.. هەندێکی تریش لەژێر کارتێکردنی فەلسەفەی دادائیزمو سوریالیزم دابوون (ئەدۆنیس-یش لە ژێر کارتێکردنی سوریالیزمدا بوو) ئەمە لە کاتێکدا دادائیزمو سوریالیزم لە کەشو هەوایەکی رەشبینانەو، دادائیزم لە نێو منداڵدانی شەڕی جیهانی یەکەمەوە، ئەو شەڕەی زیاتر لە (١٠) ملیۆن کەس بوون بە خۆراکیو، سوریالیزمیش دوا بەدوای ئەم شەڕە پڕ لە نەهامەتییە سەریان هەڵدا.. کەچی روانگە لەوپەڕی حەماسی شۆڕشگێڕیو بەرخودانی کوردایەتیدا دروست بوو، هەر لەبەر ئەم کەشو هەوا نەگونجاوانەو ئەم کەفوکوڵە کاتییەش بوو، ئەم کارتێکردنە گشتییە سەرنەکەوتو تارمایی ئەم رەوتە شیعرییە بەسەر شیعری ئەو کاتەدا زۆر بەکزی دەبینرا، جەلالی میرزاکەریم سەبازێکی ونی ئەم رێگایە بوو.

هەندێکی تریش کە تەنها بە سۆزو عاتیفەی رووت وانەی خۆشەویستی و خەباتو شۆڕشگێڕییان بە شیعر دەنووسی، کەشو هەوای سیاسی پڕ لە حەماسی ئەو کاتیان خوێندبۆوەو باش دەیانزانی



شیعری شۆڕشێگێڕی باوی زیاترە لە دادائیزمو سوریالیزمو رەمزییەتو.. هتد لە راستیشدا باشی بۆچووبوونو لە هەر کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا بەچەپڵەڕێزان پێشوازیو ماڵئاواییان لێ دەکرا، بەڵام ئەم چەپڵەڕێزانە، لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نەبوو داهێنانێکی گەورەیان لە شیعری نوێی کوردییدا کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو، خەڵک (خەڵکە گشتییەکە) تینوێتی پێدەشکا، زۆرجاران شیعرەکان خیتابێکی سیاسیی هونەری بوون، بەڵام بە شیعر، لەتیف هەڵمەت لەم شاعیرانە بوو!.

بەم جۆرە روانگە ئەگەرچی لەگەڵ تێکچوونی بارە سیاسییەکە لە ١٩٧٤، ئەویش تێکچوو، بەڵام تا ناوەڕاستی هەشتاکان شیعری کوردی هیچ جوولەیەکی دیکەی بە خۆیەوە نەبینی.

دوو شاعیری تر، ئەگەرچی بە روانگەیی لە قەڵەم نادرێن، بەڵام هەر لەم کەشو هەوایەی روانگە بەدەرنەبوون، ئەوانیش: رەفیق سابیرو عەباس عەبدوڵڵا یوسف-ن.

رەفیق بە شیعری چینایەتیو فیکریو سیاسی وشەی دەچنیو مەبەستێکی سیاسی چینایەتی پێ دەپێکا، تایبەتمەندی خۆی لە شیعردا هەیەو تا ئێستاش سیمای ئەم تایبەتمەندییە بە شیعرەکانییەوە دیارو بەرچاوە.

عەباس-یش خاوەن زەخیرەیەکی رۆشنبیریی شیعری باش بوو، لە ژێر کارتێکردنی کەشو هەوای شیعری ئەوروپیدا شیعری دەهۆنییەوەو هەوڵیشی دەدا لەگەڵ ژانە زاتیو کۆمەڵایەتییەکاندا ئامێتەی بکا. دەنگێکی تایبەتییە، شوێن پەنچەی لە حەفتاکانو هەشتاکاندا دیارە. لە

ناوەڕاستی هەشتاکان شیعری نوێی کوردی شێوازێکی دیکەی بەخۆوەگرت، یەکەم دیوان کە ڕەنگڕشتنی تێپەڕاندنو تەجاوزکردنی شیعری پێش خۆی پێوە دیاربوو، دیوانە شیعری (هەرمێن)ی محەمەد باوەکر بوو، کە هەر زوو بووە جێی مقۆمقۆو ڕەخنەی توندیشی لێگیرا، بەڵام ئەو کاتیش ع.ع. یوسف بە دەنگ ئەم دیوانە شیعرەوە هاتو داکۆکی لێکردو بە سەرەتایەکی نوێی شیعری هاوچەرخی کوردی ناوبرد.

دوای ئەمە چەند کەسێکی تر شیعریان نووسیو ناوی (تەڵیعی)یان لە خۆنا، یەکێک خۆی بە ئەلیوتی کورد دادەنا، ئەویتر بە ئەزرا پاوەندو ئەویتر سان جۆن پێرس-و...هتد، بەڵام هەموو ئەوانەی بە تەڵیعی خۆیان ناو دەبرد، نەیانتوانی لە ڕوانگەش زۆر کەمتر کارتێکردنیان بەسەرشیعری نوێی کوردییەوە دیاربێ. بگرە ئەو کارتێکردنە هەر ڕووی نەدا!!.

ڕوانگە جگە لە شیعر توانی ڕەخنەش بە شێوەیەکی قووڵتر دروست بکاو بە درێژایی ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٣ گەرمترین دەمەتەقێ (حوار) لە رووپەڕی ڕۆژنامەی هاوکاری لە نێوان ڕەخنەگران بەتایبەتی فوئاد مەجید میسری، کەمال میراودەلی، فوئاد قەرەداغی، محەمەدی مەلا کەریم هاتنە ئارا.

بە کورتی تەڵیعییەکان دروستکراوبوون، زیاتر لەوەی داهێنەری شیعری بن، هەر بۆیەش کە لە شیعر چوونەوە، دەستیان خستە ناو سیاسەتو لە کاروباری ڕۆژانەی خەڵکو لە چارەنووسی خەڵک دەدوان!! لەوەش زیاتر هەندێکیان بوونە بازرگانی شەڕی خۆکوژیو بە



پێنووسەکانیان ئاگری شەڕیان خۆش دەکردو مژدەی سەرکەوتنی شەڕی براکوژییان ڕادەگەیاند!!.

لە ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە کەریم دەشتی بە گوڕ هاتە مەیدانو دیوانی تەمە سپییەکانی ڕۆحو چەند شیعرێکی تری وەک بیابان، کۆمیدیای با.. خوای شیعری کوردی بوون، ئەگەرچی کارتێکردنی شیعری فارسی بەسەرییەوە دیاربوو!! بەڵام ئێستە لە پێکوتە (مراوحە) کردندایەو شتێکی نوێتر لە هی هەشتاکانی پێ نییە!! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەریم تاکە شاعیرە کە من بەش بە حاڵی خۆم زۆرترین تامو چێژو لەزەتم لە شیعرەکانی وەرگرتووەو ئێستە داهێنانێکی شیعری نوێی کوردی زۆر کەمن، ئەگەرچی شیعر نووسمان زۆرن!!! داهێنەرە کەمەکانیش ناگەنە پەنجەی دەستێک! شیعری ئەمڕۆی کوردی پێویستی تەنها بەسۆزو عاتیفەیەکی رووت یا با قووڵیش بێ نییە، بەڵکو ڕۆشنبیرییەکی زۆر بەرفراوانیشی گەرەکە، هەر لەبەر نەبوونی ئەم ڕۆشنبیرییە بەرفراوانانەشە شیعر زۆر سواوەو بێ تامو چێژکراوە.

هەوڵەکانی کاک ئەنوەر مەسیفی جێ پەنجەیان بەسەر شیعری نوێی کوردییەوە دیارە، هەر چەندە شیعرەکانی بەکەشو هەوای شیعری کوردی نامۆنو خوێنەری شیعریش گران دەستەمۆی دەکا.

ئێستە ئەگەر لێرەو لەوێ بە زیادەڕۆیی لە قەڵەمی نەدەن، ڕێگە بەخۆ دەدەم کاک هاشم سەراج بەسەرکەوتووترین شاعیری ئەمڕۆی کوردی ناوەزد بکەم، کاک هاشم ئەو زەخیرە ڕۆشنبیرییە ئەدەبییەی کە هەیەتی ستاتیکییانە لە ناو شیعرەکانیدا ڕەنگڕێژی دەکاو بەردەوام بوونی،



تەجاوزکردنی شیعری کوردی ساڵانی هەشتاکانە.

وەلێ هەموو ئەم سەردەمانە، واتە لە بیستەکانەوە تا ئەمڕۆ، کەس نەیتوانیوە مونافەسەی گۆران بکا، بەو مەعنایەی بڵێت، منیش بە قەد گۆران خزمەتی شیعری نوێی کوردیم کردووە.

لە ساڵانی ٨٧و ٨٨ هەندێک تەسریحاتی وا درا کە نەک هەر گۆران، بگرە نالیو چەندین شاعیری دیکەشیان ڕەفز دەکردەوە!! بەڵام بەخششی ئەوان نامۆو سنووردار بوو! بۆیە بۆچوونو تەسریحاتەکانیشیان لە بەرامبەر گەورەیی نالیو گۆران پێچرانەوەو فڕێ درانە دەرەوەی مێژوو!!!.



## نوێکاری لە ئەدەبی هاوچەرخدا

نوێکاری لە کورتترین پێناسەیدا، دیاردەیەکی شارستانیو بزووتنەوەیەکی جیهانییەو پەیوەندییەکی ئۆرگانیو دایلەکتیکی بە بارودۆخی ئەو وڵاتەوە هەیە کە نوێکارییەکەی لێ سەرهەڵدەدا.

ئەمەو ئەدیبە ناودارە نوێکارەکانی جیهانی، ئامادەنەبوونە بچنە ژێر ڕکێفی شێوازی نووسەرێکی بەر لە خۆیان، یاخود سەردەمەکەیان، چونکە ئەگەر وابوایە (ئارفنک هاو) گوتەنی «ئەو کاتە نوێکاری کۆتایی پێ دەهات»، هەر بۆیە ئەوانەی نوێکار بوونە، شێوازێکی تایبەتیو جیا - متمیز-یان هەبووە تەنانەت زۆربەشیان جۆرە فەلسەفەیەکیان ئاخنیوەتە نێو نووسینەکەیان و روحێکی گەش و زیندوو ئامێتەی نووسینەکەیان دەبنو هەروا بە بەرگێکی مۆدێل تازە بەرهەمەکە دەڕازێننەوە.. ئەوەتا لە بواری شیعردا، مالارمێ، مایکۆفسکی، پول ڤالیری، ئەلیوت، ریلکە، والت ویتمان، گۆران...تاد.

هەر یەکەی جیاوازییەکی فرەی لەگەڵ ئەوی دی هەیە، هەروەها لە بواری چیرۆک و ڕۆمانیشدا، جۆیس، کافکا، گۆرکی، مارکیز،

ئیتماتۆف..تاد، هەریەکەی دونیایەکی داخراوی تایبەتی خۆیان هەیە، چ لە بارەی شێوازو چ لە بارەی بیرکردنەوەو دەربڕینیان لە بەرهەمەکانیاندا، کەواتە نوێکاری بریتییە لە دەستەمۆ کردنی تێرامانی نوێو زمانی نوێو وێنەی نوێو ئیقاعی نوێو فەلسەفەی نوێو بیری نوێو.. نوێو.. نوێو... نوێکاری هەر تەنها ڕەتکردنەوەی گیانی ڕۆمانسیەتو کێشو سەروانییە. بەڵکو خستنەکاری هێمای ئەفسانەییو وزەی ڕۆشنبیری - الطاقه الثقافیه-و وردەکاریەکی فرە ورد -واتە بەکارهێنانی وشەیەک شوێنی چەندین مانای بۆ بگرێتەوەو.. و..و نوێکاری مانای زۆر شتی تری لەم بابەتانەی سەرەوە لە ئامێز دەگرێو شوێن ئۆخژنی بەرهەمەکەن.

(فرانک کیرمود) لەو باوەڕەدابوو، سەرەتای ڕاستەقینەی نوێکاری -الحداثە- دەگەڕێتەوە بۆ (١٠) دەساڵی یەکەمی ئەم چاخە. بەلای - کیرمود-ەوە بزووتنەوە کاریگەرەکە لە ساڵی (١٩٠٧)ەوە هەتا ساڵی (١٩٢٥)ە، ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەک؛ (ستیفن سپیند)و (کرایام هن) لەسەری هاوکۆک بوون تەنها ئەوەندە نەبێ (سپندر وهن) (زێتر باوەڕیان وابوو، ماوەی چالاکی ڕاستەقینەی ئەو ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٠) تا جەنگی جیهانی یەکەم، بەتایبەتی (هن) زوتر پێڕەوی ئەو ماوەیەی دەکرد کە (٤) ساڵ دەگرێتەوە.

(فرجینیا ولف)یش دەڵێ (لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٠ گۆڕانکارییەکی مەزن لە سروشتی مرۆڤایەتیدا ڕوویدا.. پەیوەندی مرۆڤایەتی نێوان گەورەو بچووک، ژنو مێرد، کوڕو باوک، گۆڕدرا.. بەڵام (د.ه. لورنس) کەمێک جیاوازی لەگەڵ (ولف) دا



هەیەو، جارێکیان نووسیویە «ساڵی ١٩١٥ کۆتایی بە جیهانی کۆن هات».

هەندێکی دی لەو باوەڕەدان مێژووی گەشەسەندنی بزووتنەوەی نوێکاری دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی بە چەند ساڵێک دووتر لە ساڵانی ڕابردووی جەنگی جیهانی یەکەم، هەروەک (ڕیتشارد ئەلمان) دەڵێ من ساڵی (١٩٠٠) بە گونجاوترو وردتر دەزانم لە ساڵی ١٩١٠ کە (فرجینیاولف) دەستنیشانی کردووە.

هەندێک لە ڕەخنەگرانی دیکە ساڵی نوێکاری دەگەڕێننەوە بۆ ساڵانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم، لەوانە (هاری لڤین) دەیگەڕێنێنەوە بۆ ساڵی ١٩٢٢، لەوەش زیاتر ئەو ساڵە بەلای (هاری لڤین)ەوە ساڵی موعجیزەیە!، چونکە لەو ساڵە دابوو ڕۆمانی (یولیسیس)ی (جویس)و چامەی (وێرانە خاک)ی (ئەلیوت)و (مراتی دونو)و (اناشید مهداه الی اورفیوس)ی ریلکەو شانۆگەری (بریخت)و ڕۆمانی (Aarou Rod)ی (لورنس)و ڕۆمانی (Jacobs)(Room)ی (فرجینیا ولف)(so dom aud) (Gomorrah)ی (پروست)و (ان کرستی)ی (اونیل)و.. و.. ودەیان بەرهەمی تری باڵا بڵاوکراونەتەوە.. لەبەر ئەوە زۆربەی ڕەخنەگرانی جیهانی لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە نوێکاری لە ساڵانی بیستەکان بەشێوەیەکی چەسپاو خۆی داکوتا. بەڵام هەندێکی کەش ماوەی جەنگی یەکەم بە ماوەی پێشکەوتنی نوێکاری دادەنێن.

(هارلد روزنبرک)ی ڕەخنەگر لەسەر پاریس دەوەستێو دەڵێ «پاریس



بنکەی کۆبوونەوەو تێکەڵبوونی هەموو ئەو شتە نوێیانەی وەک، قوتابخانە دەروونناسییەکان، چیرۆکی پۆلیسی ئەمریکی، مۆسیقای ڕووسی کاسۆلیکی نوێ، تەکنیکی ئەڵمانی، پەیکەرتاشینی ئەفریقی و..تاد. زۆربەی ڕەخنەگرانی جیهانی لەو باوەڕەدان نوێکاری بەردەوامبوونی یاخود درێژبوونەوەی ڕۆمانتیکەو زۆربەی زۆری تەوژمە جیاجیاکان لە منداڵدانی ڕۆمانتیکەوە چاویان هەڵهێناوە بە هەر حاڵ لە چارەگی یەکەمی ئەو چەرخە جەنجاڵە نوێکاری گەیشتە باڵاترین پلەی پێگەیشتن، (النضوج).

لە ساڵی (١٨٨٣)دا، ڕەخنەگری نەرویجی (جورج براندس)، زنجیرەیەک وتاری ڕەخنەیی بەناوی (پیاوەرێگاکەرەوە نوێیەکان)ی بە چاپ گەیاند، لەمەوە وشەی (نوێ- الحداثە) ڕۆڵی کاریگەری خۆی گێڕا، هەر چەندە لە ئینگلتەراو لە ساڵی (١٨٦٢)پارچە شیعری (خۆشەویستییەکی نوێ)ی (مردت) بڵاوکرابووەوە. (فرجینیا ولف) لە یەکێک لە موحازەرەکانیداو لە ساڵی (١٨٨)دا زاراوەی (نوێی) لە (بەرلین) بەکارهێناوە (ولف) ئەم وشە -نوێ-یەی بە هەمان ئەو مانایە بەکار هێناوە کە (براندس) لە زنجیرە وتارە ڕەخنەییەکەی خۆی (پیاوە ڕێگاکەرەوە نوێکان) بەکار هێناوە. وشەکە وردەوردە لەلای (ولف) (فراوانتر بوو، تا لە یەکێک لە وتارەکانی ساڵی (١٨٨٨) نووسیبووی (نوێترین تەوژمە ئەدەبییەکانی ئەڵمانیاو سەرەتای نوێکاری)، بێگومان (ولف) ئەم وتەیەی لە ژمارە(٣)ی ساڵی (١٨٨٨)و لە ڕۆژنامەی ئەدەبی گەلی بڵاوکردۆتەوە ئیتر، لە ساڵی ١٨٩٠ و ١٨٩١ ئەم زاراوەیە



(نوێکاری- الحداثە) زیاتر ئاوڕی لێ دەدرایەوەو پێڕەویان دەکرد، بەتایبەتی زاراوەی (نوێ- الحدیث) کە لە کۆمەڵێک گۆڤاری وەرزانەی ئەو کاتدا، دەکرا بە ناونیشانی وتارەکانو لەوەش زیاتر، گۆڤارەکانی ئەو کاتیان ناو لێ دەنا... لە ئەڵمانیا لە ساڵی (١٨٩٠ تا ١٩٠٠) بایەخێکی فرە بە (نوێ- الحدیث)و (نوێکاری- الحداثە) دەدرا، بۆ نموونە کتێبی (ڕەخنەی بەرهەمە نوێکان)ی (هرمان بار) (زورخ ١٨٩٠)و (گیروگرفتی سێکس لە ئەدەبی نوێدا)ی (لیوبیرک) (بەرلین ١٨٩١)و هەمدیسان کتێبێکی تری (لیوبیرک) بە ناوی (پیاوێکی خاوەن شکۆ لە ئەدەبی نوێدا) (لایبرزک ١٨٩٧)و (مەزنێتی ئەدەبی نوێ)ی (یوجین دوهرنک) ئەمەش هەر لە (لا یبزک و ساڵی ١٨٩٣)و چەندین کتێبی تری بە نرخو لەم ماوەیەدا روناکیان بینی، ئەم کێشەو ململانێیە نزیکەی (٢٠) بیست ساڵێکی خایاند کەزۆربەی تیئورزانو بیرکەرەوە -مفکر-ەکانی جیهانی خۆیان لەگەڵی خەریک کردبوو، تا (صاموئیل لبلنسکی) کتێبی (هاوسەنگی نوێکار- میزانیە الحداثە)ی لە ساڵی (١٩٠٤) لە بەرلین بڵاوکردەوە.

پێنج ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی ئەم کتێبە، کتێبێکی تر بەناوی (کۆچکردنی نوێکاری) دەرچوو، وەلێ ئەم کتێبە وای لە جەماوەری ئەڵمانی کرد کە هەست بە هێڵنج هاتنەوە بکەن، لە ڕووی ئەم زاراوەیەدا!!

بە کورتی ڕەگی نوێکاری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٥٦)، کاتێ (ماثیو اورنولد) وتارێکی بەناوی (ڕەگەزی نوێ لە ئەدەبدا)ی بەشێوەی

موحازەرە دەوتەوە، پاش (١٠٥) ساڵ (لیونک ترلنک) وتارێکی بەناوی (رەگەزی نوێ لە ئەدەبی نوێدا) نووسی، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ بۆچوونی (ترلنک) زۆر هاوچەرخانەترو پێشکەوتوو تر بوو لە (ارنولد)، ئەگەرچی هەردوو ناونیشانەکەشیان لە رووی زاراوەو ماناوە لێک نزیک بوو.

راستە نوێکاری لە وڵاتێکی تر دەگۆڕدرێو بە بارودۆخی وڵاتەکەوە بەندە، وەلێ زۆربەی تەوژمە نوێکان لەسەر ئەوە یەکدەگرنەوە. کە نوێکاری بۆ تێکشکاندنی رۆمانتیکو ریالیزمن بۆ نموونە ئینتباعیەت، تەعبیری، تەکعیبی، دادایزم، سوریالیزم.....، قوتابخانەی ریالیزمی سوشالیستی نەبێ، کە لە پێناو مانەوەو سەقامگیر کردنی ریالیزمێکی نوێو هاوچاخدا هاتۆتە ئاراوەو زیاتر لە هەر تەوژمو قوتابخانەیەکی دیکەی جیهانی لە ئاست کێشە مرۆڤایەتییەکان قووڵترو قاڵتر دەبێتەوەو هەوڵی چارەسەر کردنێکی بنەبڕیشی بۆ دەدا.. دیارە هەر بۆیەشە تا هەنووکە تاکە قوتابخانەی ئەدەبی جیهانییەکە زۆرترین جەماوەری بە دەوردا کۆبووبێتەوەو کەڵە ئەدیبی مەزن خامەیان لە پێناویدا خستبێتە کار ماوەی سەدەیەکی رێکە، ئەم قوتابخانەیە لە بەخششی خۆی بەردەوامەو رۆژ لە دوای رۆژ پڕ شەوق تر دەبێ پێچەوانەی تەوژمەکانی دی کە مردن پەلکێشیان دەکاو گیانیان دەکێشێ.

***تێبینی***: سوودم لە کتێبی (الحداثە- نووسینی مالکم برادبری و جیمس ماکفارلن- وەرگێڕانی مؤید حسن فوزی- ساڵی ١٩٨٧- بەغدا) وەرگرتووە.



# مەڵبەندی نوێکاری
# لە شارە جیاجیاکانی ئەوروپای هاوچەرخدا

نوێکاری کە لە کۆتایی چەرخی رابردوو تا ساڵانی یەکەمی جەنگی جیهانی یەکەم بە چالاکی گونجاو رەگ و ریشەی خۆی داکوتاو ململانێیەکی توندوتیژیشی لەگەڵ خۆی هێنا ئاراوە، نوێکاری پەیوەندییەکی ئۆرگانی و دایلەکتیکی بە سەردەمی پێشکەوتنەوە هەیە، بۆیە نوێکاری دیاردەیەکی شارییە نەک دێهاتی... (جونسون)و (بودلیر)و (دستویفسکی)و (دکنز)و (جویس)و (الیوت)و (پاوند)و...هتد. بە رێگایەکی تایبەتی مامەڵەیان لەگەڵ شاردا کردووە، دیارە دیاردەی نوێکاریش هەروا بە ئاسانی لە شار سەری هەڵنەداوە، بەڵکو بە چەندین هۆو خاڵی گرنگ پێوەندە، کە لێرە ناتوانین بە تێروتەسەلی لێیان بدوێین، تەنها ئەوەندە نەبێ ، لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوان کە خەڵک زۆرجار لە دێهاتەکانەوە روویان دەکردە شارە



بەناوبانگەکان و پاڵەپەستۆی دەروونی زاڵتر دەبوو، گۆڕانکاری فرە دەهاتنە ئاراوە، تەکنەلۆژیای نوێ و پێوەندی کۆمەڵایەتی هەمە لایەنی - شامل-و ئەزموونی تەکنەلۆژیای تازەو بازرگانی و پیشەسازی شێوازی تازەو ململانێ بۆ وەدیهێنانی سەربەستی جا بە هەر رێگایەکەوە بێ، بوارێکی فراوانیان لەم شارانەدا هەبوو، شارەکان بوون ببوونە بنکەی چالاکییە رامیارییەکان و شار بەلای هونەری واقیعییەوە بنکەی رزگاربوون و گواستنەوەیە بۆ ئەوەی کە باشترە. هەندێک لە نووسەران لە دوورەوە دەیانڕوانییە ئەو شارەی کە خۆیان ژیانیان تێدا دەگوزەراند، وەلێ بە جۆرێک تێیان دەڕوانی وەک بڵێی هیچ پەیوەندییەکیان پێوەی نییە، دوور لە بنەڕەتی چینایەتییان و چوونە ریزیان و ئەرکی کۆمەڵایەتییان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، هونەرمەندان سەرباری نقوم بوونیان لە شاردا وەک بیرکەرەوە -مفکر-ێکی نامولتەزیم بە رووداوەکانی کۆمەڵەکەی لێهاتبوو، کەچی بەپێچەوانەوە، هەندێ نوێکاری تر، ئەو هەرێمەی تێی دەژیان بە گوێرەی توانای خۆیان گوزارشتیان لێ دەکردو بەپێی توانای خۆیان ئەدەبەکەیان رەنگدانەوەیەکی جیهانە بەرفراوان و ئاڵۆزەکەبوو... راستە نوێکاری لەگەڵ ناکۆکییەکانی ژیان و نائومێدی و ناگوزەرانی ژیان دەهاتنە ئاراوە، وەلێ نوێکاری بە گشتی زادەی بیری وردە بۆرژوایەو لەگەڵ واقیعی نوێدا لابەلاو دوورە پەرێزو رەشبینە. رێبازی واقیعی تێڕوانینێکی مرۆڤانەی بۆ شتەکان هەیەو رێبازی سروشتی بە تێڕوانینێکی رووتەوە دەڕوانێتە شتەکان. بەڵام نوێکاری بە



تێڕوانینێکی تێکرای سوریالیزمیانەوە تێیان دەڕوانێ.

نوێکارەکان تەنها هەناسەبڕکێیان بوو بەدوای شێوە جوانکارەکان (الاشکال الجمالیە) ئەمەش تەنها یەکێکە لە لایەنەکانی نوێکاری.

بەرلین یەکێک بوو لە شارە ئەوروپییە گرنگانەی کە نوێکاری لێی سەرهەڵداو لە ماوەی ساڵی ١٨٨٦دا کۆمەڵەیەکی ئەدەبی بەناو (درچ)ی تێدا دامەزرا تاساڵی ١٨٩٦ ئەم شارەی بەرلین ئاژاوەو خرۆشانی لە چالاکی ئەدەبی و فیکریدا دەبینی، لە ماوەی ئەم (١٠) ساڵەدا چەندین کتێب و بەیاننامەی ئەدەبی دەرچوون و چەند بزووتنەوەو تیپی شانۆو ...و... دامەزران. هەروەها چەندین گۆڤار دەرچوون، بۆ نموونە گۆڤارێکی وەرزانەی (فری بوهن) کە لە ساڵی ١٨٩٤ دووبارە دەردەچۆوەو ناوێکی تازەی وەک (نیودویچ رندشاو)ی هەڵگرتبوو (لێرە باسی مانیفیست و گۆڤارەکان بۆ باسێکی ترە).

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ بەرلین ئەو کاتە پایتەختی هەردوو ئەڵمانیای رۆژهەڵات و رۆژئاوا بوو، لە ساڵی ١٨٧١ ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی (٨٢٦ر٠٠٠) بوو، لە ساڵی ١٨٨٠ گەیشتە (١ر١٠٠ر٠٠٠)و لە ساڵی (١٨٩٠)دا بەرزبۆوە بۆ (١ر٦٠٠ر٠٠٠) هەروەها لە ساڵی (١٩٠٥)یشدا لە (٢ر٠٠٠ر٠٠٠) تێپەڕی کرد، قەبارەکەشی سێیەم شار بوو، لە دوای لەندەن و پاریس، بۆیە پێشبڕکێیەکی بەهێزی پاریسی دەکرد لە حەسانەوەی مادیو مەعنەویدا.

شایانی باسە شاری میونخ ماوەیەکی کەم لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پێشبڕکێی لەگەڵ شاری بەرلینداکرد، وەلێ خێرا لەبەردەم

بەرلیندا بەرەو کزبوونەوە چوو، ئەم پێشبڕکێیەی نێوان بەرلین و میونخ بە درێژایی هەشتاکان بەردەوام بوو. لەم ماوەیەدا گۆڤارێکی وەرزانە لە میونخدا لەژێر ناوی (دی کیزیلشافت) لە ساڵی (١٨٨٥)دا دەستی بە دەرچوون کردو (م.چ. کۆنراد) سەرپەرشتی دەکرد، شایانی باسە ئەم گۆڤارە بە دیارترین گۆڤاری ئەم ماوەیە دادەنرا، بەشێوەیەک نەک هەر بەرهەمی نووسەرانی ئەڵمانیای باشووری تێدا بڵاودەکرایەوە، بەڵکو بەرهەمی نووسەرانی بەرلینیشی لە ئامێزگرتبوو، بەڵام وردەوردە بەرلین بە یارمەتی (ئەپسن)وە توانی رۆڵی کاریگەری خۆی بگێڕێ، هەر لەو ماوەیەدا ناوی (ئەپسن) لە سەرتاسەری ئەوروپادا بڵاوبۆوەو سەری ئەڵمانیای کڕیبیەوە!

هەروەها نوێکاری لە (ڤیەناو پراگ)یشدا بێبەش نەبوو، (هوفمانستال)و (شنتزلر)و (ریلکە)و (کافکا)و (موسل) رۆڵی کاریگەری خۆیان گێڕا. لەوانەش کاریگەرتر، لەم دواییەدا مامۆستاو دکتۆری دەرونزانی (فروید) توانی قەڵەمبازێکی جۆری (قفزە نوعیە) بهاوێ لە (ڤیەنا) لە کۆتایی چاخی رابردوو و سەرەتای چاخی ئێستا، لە بارەی رامیاریەوەش کۆمەڵێک گروپ و بزووتنەوەو چەندین ئایدۆلۆژی جیاجیای بەخۆوە گرتبوو، لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە چەندین چینی کۆمەڵایەتی و رەگەزی ئامێتەی تیادا دەژیا، ئەدەبی نوێکاری لە ڤیەنا لە شێوەی شێوازی لاسایی کردنەوەی نامۆ بوون بوو کە هیچ کاری لە بزووتنەوە ئاساییەکە نەدەکرد، وەک لە شوێنەکانی تر هەبوو، بۆیە ئەدەبێکی هێندە وروژاو نەبوو، تەنها لە هێندێ کاتی (نادر) نەبێ،



وەک لە هەندێک لە کارەکانی (ارثر شنتزلر) رووی دا، بەتایبەتی لەو رۆمانەی بەناوی (الملازم کسل) لە ساڵی (١٩٠١)دا کە رق و گاڵتەی بە هەندێ نەریتی عەسکەری ئەوسا دەکرد، هەروەها لە (براگ)یشدا نوسەرانی وەکو (هیوکوسالس) (١٨٦٦- ١٩٢٩)و (فریدرک ادلە ١٨٧٨- ١٩٤٤)و (کامیل هوفمان ١٨٧٨- ١٩٤٤) هەتا (پول لپین ١٨٧٨- ١٩٤٥) هەر یەکەو بەقەدەر توانای داهێنەرانی خۆیان کۆڵەگەیەکی پتەوی نوێکاری بوون لەم شارەدا.

شایانی باسە لە رووسیاشدا شاری مۆسکۆو پترسبورگ مەڵبەندی نوێکاری بوون، وەلێ ئەوەندە هەیە بەشێوەیەکی ورد ناتوانرێ ماوەی سەرەتای دەستپێکردنی نوێکاری دابنرێ.هەندێک بەلایانەوە سەرەتای نوێکاری لە رووسیادا بۆ ساڵی ١٨٩٣ دەگەڕێتەوە، ئەو ساڵەی کتێبێک بڵاوکرایەوەو ناونیشانێکی زۆر بێزاری هەڵگرتبوو، کە ناوی (هۆیەکانی لەناوبردنی ئەدەبی رووسیو تەوژمە نوێیەکان) بوو، هەندێکی دیش ساڵی ١٩٠٠ بە ساڵی نوێکاری دەزانن، بەڵام ئەم رایە تا رادەیەک کزە، بەڵام هەندێکی دیکە ساڵی ١٩٠٥ بە سەرەتای نوێکاری دەزانن لە رووسیادا دیارە زۆربەی لایەنگران و پێڕەوانی قوتابخانەی ریالیزمی سوشیالیستی پێڕەوی ئەم ساڵە ١٩٠٥ دەکەن، چونکە لەو ساڵەدا بوو یەکەمین شۆڕشی جەماوەری بۆرژوازی دیموکراتی لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا لە رووسیای قەیسەریدا بەرپاکرا، کەتا ئەو ساڵە هەموو جیهان لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا شۆڕشێکی وای بەخۆوە نەدیبوو، بەڵێ هەر لەم ساڵە پیرۆزەشدا بوو رۆمانی (دایک)ی



(گۆرکی) دیدەی رەش و رووتانی گەش و رووناک کردەوەو قوتابخانەی نوێی ریالیزمی سوشیالیستی لەسەر دەستی ئەم رۆمانە بەشێوەیەکی زیندوو و چڕو پڕ هاتە ئاراوەو کۆڵەگەیەکی گەورەی ئەم رێبازە پیرۆزە بوو، دیارە هەر لەم ماوەیەشدا بوو وردە وردە رێبازی موستەقبەلیەت و رەمزییەت خۆیان سەقامگیرکرد، ئەمەو وا، بەڵام خاڵێک هەیە کە زۆربەی بۆچوونە جیاجیاکان تێیدا یەکدەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە لە ساڵی ١٩١٧ کۆتایی بە نوێکاری لە رووسیای سۆڤیاتی هات!!

لە (پاریس)یشدا نوێکاری شوێنێکی فراوانی بەخۆوە گرتبوو، وڵاتێک بنکەی بیرورا گۆڕینەوە بووبێ.. دیارە دەبێ بنکەی زۆربەی گۆڕانکارییە گرنگەکانیش بێ لە بواری نوێکاریداو کوورەی رۆشنبیری سەرتاسەری ئەوروپا بێ، دیارە هەر دەشبێ وابێ.

بزووتنەوەی تەکعیبی بە سەرەتای پێگەیشتن -نضوج-ی نوێکاری دادەنرێ لە پاریس، ئەویش بەو تابلۆ بەناوبانگەی (پیکاسۆ) لە ساڵی ١٩٠٦- ١٩٠٧)دا بەناوی (انسات اڤینون) کێشای. (ابولینیر)یش هاوشانی (پیکاسۆ) لەم شارەدا بەگژ هەموو یاساکانی رابردوودا دەچوو، لەم پێناوەشدا لە ساڵی (١٩١٣)دا شیعرێکی بەناوی (الطوق) بڵاوکردەوە.

دوابەدوای تەکعیبیەت، دادایزم لە ساڵی ١٩١٦داو لە (زیورخ) لە دایکبوو، وەلێ تا ساڵی (١٩٢٠) نامەی ئەم تەوژمە ئەدەبییە نەگەیشتە (پاریس) دوابەدوای شەڕی جیهانی یەکەم، بەیاننامەی (سوریالیزم)یش لە ساڵی ١٩٢٤ بڵاوکرایەوە، پاریس ببووە شارێکی



جیهانی جیاکار، جیاکار بە ئاژاوەیی و بەردەوامیی لە بەخشین، ببووە شارێکی پڕ لە، شارستانی، لێبوردن، نیگەرانی، چالاکی توندڕەوی،...، لە هەمووئەوانەش گرنگتر بەردەوام شارێکی لەسەر بەخشین بوو، بەڵێ بزووتنەوەی پێشڕەوێتی (الحرکە الطلیعیە لەپاریس بەر لە ١٩١٤) گەشەی سەند لە ماوەی شەڕی جیهانی یەکەم و بەر لە شەڕ نموونەی نوێکەرەوەی وەک (ستراڤنسکی)و تەکعیبی وەک (ابو لینیر)و (جید) پێشەوای بزووتنەوەی نوێکاری بوون لە پاریس.

ئەمە جگە لەوەی بزووتنەوەو شۆڕشە رامیارییەکان لانەیان پاریس بوو، کە پێشتر پاریس شتی وای بەخۆوە نەبینیبوو تا دوای ساڵانی بیستی ئەم چاخە جەنجاڵە! شایانی باسە کاتێ جەنگی دووەمی جیهانی هات تا رادەیەک (نیویورک) شوێنی پاریسی گرتەوەو دەتوانین بڵێین بووە میراتگری (پاریس)ی دڵگیر.

مایەوە بڵێین شاری (لەندەن) یەکێک بووە لە شارە هەرە بەناوبانگەکان و مەڵبەندی گەورەی نوێکاری بووە، هەروەک (ه. ج. ویلز، تونوبنکی لە ساڵی ١٩٠٩)دا نووسیویە، «لەندەن دەوڵەمەندترین شارە لە جیهاندا، گەورەترین شاری پیشەسازییە، شارێکی ئیمپراتۆرییە واتە بنکەی شارستانیەتە، دڵی جیهانە.. شوێنێکی دڵگیرە». لەسەرەوە وتمان پاریس لە هەشتاکانی چاخی رابردوو پایتەختی نوێکاری بوو، دەبێ ئەوەش بڵێین، واتە لەندەن رکەی لەگەڵ پاریس بوو لەبارەی نوێکارییەوە. لە ساڵی (١٨٧٦) (هنری جمیس) لە لەندەن سەقامگیر بوو، لە نەوەدەکانیش (جوزیف کونراد)و (هنری هارلند)و (ستیفن

کرین)و (مور)و (ئوسکار وایلد)و (ییتس)و (برناردشو) لێی دانیشتن، پاشان (ازرا پاوند)و (هلدا دولتک)و (روبرت فروست)و (الیوت)و (کاترین مانسفیلد)و (وندام لویس) روویان تێ کرد، قۆناخی یەکەمی نوێکاری ماوەی نەوەدەکان دەگرێتەوە کە ئینتباعیەت و رەمزیەتی لێ هاتە بەرهەم، بەڵام قۆناخی دووەمی بەندە بە ماوەی واقیعی نێوان (١٩٠٨) تا (١٩١٤) کە (٦) ساڵ دەگرێتەوەو لەم ماوەیەدا بزووتنەوەی (ما بعد الانطباعیە)و (القومیە)و (الدوامیە)و (المستقبلیە) هاتنەکایەوە.

سوودم لە کتێبی: الحداثە نووسینی مالکم برادبردی وجمیس ماکفارلن – وەرگێڕانی مؤید حسن فوزی- بەغدا ١٩٨٧ وەرگرتووە.



# کورتەیەک لەسەر شیعری ئەوڕۆی کوردی لە نێوان شێوەو ناوەڕۆکدا

ئەگەر بمانەوێ بچینەوە سەر رەگی ئەو شێوەکارییەی کە شیعری ئەمڕۆی کوردیمان تێی ئالاوە، ئەوا دەبێت بۆ چەندین ساڵ بگەڕێینەوە دواوەو ئاماژە بۆ چەند دیوانە شیعری پوخت بکەین، کە دیارترینیان (من تینوێتیم بەگڕ دەشکێ)یە، لەگەڵ چەند پارچە شیعری سەردەمی روانگەو[١] بەدواداهاتنی دوای روانگە کە ناوەڕاستی حەفتاکان بەدواوە دەگرێتەوە، کە تیایدا دیوانی (لم نیازمە)و چەند پارچە شیعری دی لە ئامێزی خۆگرتووە.

راستە شاعیرانی سەرەتای حەفتاکان بایەخیان بە تەکنیکو هونەری شیعردەدا، بەڵام بایەخەکە بۆ ئەوە بوو کە شیعری کوردیش لە قۆناخی لاسایی کردنەوەو لەبەرگرتنەوەدا رزگاری ببێتو دەنگو رەنگێکی تایبەت بە قۆناخەکەی خۆیانیان هەبێت،[٢] بە شێوەیەک ئەگەر ئەو چەند



شاعیرە بە تواناو بەهرەدارانەی حەفتاکانیش نەبوونایە، کە لە پەنجەی دەستێک تێ نەدەپەڕین!، ئەوا بە حوکمی ئەو بارودۆخەی رەخسابوو، شیعری کوردی هەر دەبوایە بەم قۆناخەدا تێپەڕببێ، واتە بارودۆخەکە چەند شاعیرێکی وەهای هەر دروست دەکرد.

لە سەرەتای حەفتاکاندا زۆر شاعیری یاخیو داهێنەر (روانگە)یان هێنا ئاراوەو دروستیان کرد، بەڵام حەماسو کلپەی خێرا کوژایەوەو نەیانتوانی کاروانەکە بکەنە کاروانێکی هەمیشەییو لەبن نەهاتوو، یاخود بیکەنە رێچکەیەک کە ئەدیبو شاعیرانی دوایی بکەونە ژێر رکێفییەوە.

دەتوانم بڵێم کاروانچیەکان لە نیوەی رێگادا بارگەو بنەیان خست، «شێرکۆ بێکەس»و «رەفیق سابیر» نەبێت توانیان لە رێگای داهێناندا بەردەوام بنو هەمیشە بە شیعری هاوچەرخانە شیعر بارانمان بکەن بەتایبەتی شێرکۆ کە دیارترینو باڵاترین شاعیری ئەمڕۆی کوردە لەو بوارەدا.

دەمەوێ بڵێم شاعیرە داهێنەرەکانی حەفتاکان،[٣] لە کاتێکدا هەوڵی ئەوەیان دەدا رێچکەیەکی نوێی ئەدەبی بهێننە ئاراوە، دژی هەردوو وتەی (هونەر بۆ هونەر)و (بابەت بۆ بابەت) بوون، وەک دەبینین هونەرەکەیان نە ئەوەندە پڕ تەمومژو دەمامکدار بوو تا وشەی (فۆرمالیست)یان بەسەردا تاپۆ بکرێ، نە ئەوەندەش پشتیان لە شێوەی نوێو هونەری تازە دەکرد، تا بە شاعیری سواوو وشک لە قەڵەم بدرێن. بەمە توانیان هەنگاوێکی مەزنو کاریگەر بنێنو لە پاڵ ئەم هەنگاوە



کاریگەرەشدا، رەخنە بەشێوەیەکی زانستیانە بمێنێتەوەو سەقامگیر ببێ.[٤]

لە سەرەتایی هەشتاکانەوە، شیعری کوردی لەلایەن هەندێ شاعیری شێوە خوازەوە، بەرگێکی دیکەی لەبەر کردو شێوە -فۆرم- زیاتر زەمینەی بۆ رەخسێندراو لەوەش زیاتر شێوە بە شێوەیەک بەسەر ناوەڕۆکدا زاڵ بوو کە زیاد لە پێویست بەکارهێنراو، بووە مایەی مقۆمقۆی بخوێنو بنووسانی کوردو، هەنووکەشی لەگەڵدا بێت، کێشەکە تا دێت ئاڵۆزترو چڕترو تێکچڕژاوتر دەبێت. بۆیە فۆرمالیست مەبەست لەو کەسانەیە کە تەنها گرنگی بە شێوە -فۆرم- دەدەنو لە رووی واقیعدا دوورە پەرێزو دەستەوەستانن.

شێوەکاری -الشکلانیە- بە شێوەیەکی چڕو قووڵ لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە خۆی سەقامگیر کردو، نامیلکە شیعری -هەرمێن[٥]- بە سەرەتای نموونەیەکی زەقی فۆرمالیستەکان دادەنرێ. شایانی باسە بەر لەم نامیلکە شیعرە، گۆڤاری (هاودەنگ)[٦]زەمینەیەکی لەم بارەی رەخساندبوو، هەر چەندە ئەوکات سوریالیزمو دادایزمو بێ هودەیی (عەبەسیەت) لە دووتوێی (هاودەنگ)دا دەبینران[٧]، بەڵام گومانیش لەوە ناکرێ کە شێوەکاری درێژ بوونەوەی وردە تەوژمە بۆرژواییەکانە. وەک چۆن رەمزییەت -الرمزیە- لە میانەی درێژبوونەوەی رێبازی رۆمانتیک (الرومانسیە)دا هاتۆتە ئاراوە.

ئەم شێوەکارییەی لای ئێمە، لە شیعردا وەکو ئەوە وایە بە کۆڵانێکی زۆر تەسکدا بڕۆیت، ئیتر لە ناکاو کۆڵانەکە کۆتایی پێ بێتو رێگات

لەبەردەم بگیرێت، ئیتر چەندی چاوبگێڕی، کۆڵانێکی تەسکو تریسکی لێ نەبێتەوە پێیدا دەرباز ببیت، ناچار دەبیت بەرەو دواوەو بە شوێن خۆتدا بسووڕێیتەوە.

ئەم کۆڵانە دەرنەچووە، بە شێوەیەکی زەقترو کاریگەرتر لە (جلو بەرگ[٨]و جمکەکان)[٩]دا دەبینرا. لە پاڵ ئەمانەشدا دەرکردنی چەند (تصریحات)ێک لەلایەن خاوەنی (جلو بەرگو جمکەکان) کە پەلەپەلییەکی تێدا دەبینرا، وەکو لابردنو نەهێشتنی ئامرازی پێوەندی، بێ ئەوەی جۆرو شێوەی لابردنی ئەم ئامرازی پێوەندییە روون بکاتەوە، کەوای لێ هات نەتوانێ وەکو رێچکەیەک خۆی سەقامگیر بکات.[١٠]

لەژێر رووناکیی ئەم چەند دێڕەی سەرەوەدا، دەتوانم بڵێم خاوەنی (جمکەکان) پێشەوای فۆرمالیستەکانە، ئەگەرچی دوای دەرچوونی دیوانی (هەرمێن)یش بڵاوکراوەتەوە. لەبەر ئەوە بەپێویستی دەزانم وەکو رێبازێکی بەپەلە سووکە هەڵوەستەیەک لەسەر کێشەی لابردنی ئامرازی پێوەندی بکەم، کە خۆی خستوویەتیە روو، بەڕای من تێیدا سەرنەکەوتووە.

**لای چووم**

دیارە -لای چووم- ئامرازی پێوەندییەکەی لێ هەڵنەگیراوە، چونکە ئەگەر ئامرازی پێوەندییەکەی لێ لابرێ، ئەوا دەبێتە -لاچووم- واتە لاکەوتم! کە لێرەدا ماناکەی تەواو دەگۆڕدرێ. هەر چەندە هەر نەمزانی -لای چووم- مانای چییە؟، بەڵام هەست دەکەم بە مانای (لاچووم) نایە.

هەروەها لە -جلو بەرگ-یشدا هەمدیسان لەسەر هەمان شێوەو



تەکنیکە، بەڵام لەوێشدا هەر نەی توانیوە بەسەر لابردنی ئامرازی پێوەندیدا سەرکەوتوو بێت. ئەوەتا لە شوێنێکی شیعرەکەدا دەڵێت:

لە ژووری زاوایان ژەنگ

لە ژووری واتە (فی غرفە)، کەچی ئەگەر (ی) لێ هەڵگرین ئەوا دەبێتە (لەژوور) واتە «لە سەروو» کە هەمدیسان ماناکەی گۆڕدراو مانایەکی تری بەخشی: کەواتە لابردنی ئامرازی پێوەندی لە شیعردا بەپێی میزاجی شاعیر نییە، بەڵکو بە گوێرەی شیعرەکەو تێکهەڵکێشکردنی وشەکانە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم تەکنیکە شیعرییە لە ئەدەبی جیهانیدا هەبووە، بەڵام بەم سەقەتییە نەبووە، ئەوان دوای ئەزموونێکی زۆرو رۆشنبیرییەکی بەرفراوان هاتوونە تەکنیکێکی تازەیان بەکار هێناوەو، رۆشنبیرییەکیان لە هەگبەکەیاندا هەبووە، بتوانن بەرگری لە شێواز -اسلوب-و تەکنیکەکەیان بکەن.

پێم وایە خاوەنی (جلو بەرگو جمکەکان) لە باتی ئەوەی رێگایەکی نوێترو کەمێک (هەر تەنها کەمێک) جەماوەری ترو داهێنانەتر بگرێتەبەر، تووشی رێگایەکی پڕ لە تاسەو هەڵبەزو دابەزین هاتووە، خۆ لاسایی کەرەوەکانیشی، ئەوە هەر خراپتر.

لە سەرەوە باسی ئەو تەکنیکەمان کرد کە لە ئەدەبی جیهانیدا، هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گونجاوترو سەرکەوتووتر، ئەوەتا لە گۆڤاری کاروانی ژ ٤٣، لەلایەن کاک (سەردار میران)ەوە چەند پارچە شیعرێکی (بریخت)ی لە ئەڵمانییەوە کردووە بە کوردیو بڵاوی کردۆتەوە، لێرە بۆ دڵنیا بوون بەشێک لە هەردوو دەقەکەی (جلو بەرگو جمکەکان)و



هەروەها شیعرەکەی (بریخت) دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانو با خوێنەران خۆیان بینە سەنگی مەحەکو بڕیاری لەسەر بدەن.

**لە جلو بەرگدا ئەم دێڕانە دێنە بەرچاو...**

**خۆڵی پشتان بەرد**

**ژنی سک پڕ باران**

**وەرەمدار قوڕ**

**بنەکان پڕ ئارەقەن**

**ساقۆ پەمۆ**

**ئاخوڕ بیابان**

**باول پڕ خوێ**

**دەرکە لاتینە**

**شێخ**

**ئاوو هەوا**

**ئەسپێ**

**تەرمی بادەڤ**

**پیری سێ گۆشە**

**کوپە**

**ژن**

**تیلخانە**

**مووی ژنان گۆرانی**

**لە باران ساردتر**



**ردێنی کۆران**

**لە بەردان**

**دارستان**

**بادار**

**رێی داران کا**

هەروەها لە جمکەکانیشدا ئەم چەند وشانە خۆدەنوێنن.

**بەردی ردێن خوری**

**کاولی**

**لا**

**بەرد**

**باداری**

**موو**

**پەلک**

**تەمبوور قوڕ**

**لای چووم**

لە جلو بەرگدا دەڵێت (وەرەمدار قوڕ، بادار) لە جمکەکانیشدا دەڵێت: (تەمبوور قوڕ، بادار) نەمزانی پێوەندی نێوان وەرەمدارو تەمبوور چییە؟

ئێستاش پارچە شیعرێکی وەرگێڕدراوی (بریخت) دەخەینەڕوو، بەڵام بەبێ باسکردنی نەهێشتنی ئامرازی پێوەندی... !!!.

**یەکەم روانینی بەیانیان لە پەنجەرەوە**
**دۆزینەوەی کتێبێکی کۆن**
**روخسارە پڕ تاوەکان.**
**بەفر**
**گۆڕینی وەرزی ساڵەکان**
**رۆژنامە، سەگ**
**خۆشۆرین، مەلەکردن**
**مۆسیقای کۆن، پێڵاوی فەڕاح**
**هەست کردن**
**مۆسیقای نوێ**
**نووسین، چاندن**
**گەشتو گوزار، گۆرانی گوتن**
**روویەکی خۆش**

لێرەدا لێکنزیکبوونەوەیەک لە نێوان هەردوو شێوە تەکنیکەکەدا هەیە، بەڵام مرۆ لە خوێندنەوەی شیعرەکەی بریختدا، بە هیچ جۆرێک هەست بە نامۆ بوون ناکاتو، وشە بە وشە دەتوانێ (قوڕی بنی دەربهێنێ)، کەچی لە جلو بەرگو جمکەکانداوشەی ئەوتۆ هەڵپەسێردراونەتە پاڵ یەکتری هەر مایەی نامۆییو سەرسووڕمانە. فەرموون (ژنی سک پڕ باران، مووی ژنان گۆرانی، رێی داران کا، موو، پەلک) چی دەگەیەنێ!؟



«مالارمێ» کاتی خۆی کەمێک بەگژ زمانا داچوو، بەڵام ئەم جۆرە بەگژ*داچوونەی لای خۆمان نەبوو.*(١١)

بەڕای من هۆی سەرهەڵدانی(١٢) ئەم جۆرە ئەدەبە، بەپلەی یەک دەگەڕێتەوە سەر کەم هوشیاری، هەڵبەتە ئەم کەم هوشارییەش بە چەند خاڵێکی دیکەوە بەندە، کە نامانەوێ لێرەدا بچینە ناو ئەم بابەتە. مرۆ گەر کەم هوشیار بوو، رێی بکەوێتە شاری کوێران، ناچار دەبێ دەست بە چاوانییەوە بگرێت!!، کەم هوشیارییەکەی رێگەی ئەوەی نادات، نەک هەر ئامادە نەبێت خۆی کوێر بکات، بەڵکو هەوڵبدات چاوی کوێرەکانیش بکاتەوە.

هەڵبەتە لەناو شیعری ئەمڕۆی کوردیمان، زۆر نموونە شیعری جوانمان هەن، کە شایانی ئەوەن بخرێنە بەر چاوو لێکۆڵینەوە، بەڕای من لەناو ئەو شاعیرانەش کە لە گۆڤارو رۆژنامەکانا شیعریان بڵاوکردۆتەوە، دیارترینیان کاک (ئازاد دلزار)ی شاعیرە، کە هونەرمەندانە شیعر لە واقیعێکی ژەهراوی هەڵدەهێنجێو مرۆڤانە سەرنجی لێ وەردەگرێ.(١٣)
بەڵام بەداخەوە ئەویش نەی توانیوە بە گیانێکی هونەرییانەی هاوچەرخانە تەکنیکە شیعرییەکەی دابڕێژێ(١٤)، (کەریم دەشتی) هونەرییانەتر بەڵام بە جۆرە کەرەستەیەکی دیکەی کەمێک جیاواز لە هی ئازاد شیعری دەسکەنە کردووە.

**دەمەوێ بزانم کە مەلێ دێ دەخنکێ چی**
**بەسەردێ**
**کە باران دەبارێ چۆن چۆنی شاگەشکە**



**دەبێ**
**بۆوەی دەستم بە کەزی نهێنی بەخشی ئەم**
**سروشتە دابهێنم**
**دەبێ ورد ورد خۆم لە مەرگو شمشێر**
**رابهێنم(١٥)**

شاعیر هەست بە کارەساتو مەرگەساتە جەرگبڕەکانو هەروەها بە بەختیاری شەوی پەردەش دەکاتو ناشیەوێ بڵێت -ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە- چونکە ئەم دوو جۆرە رەشبەڵەکە، کە (خوێناویو سۆزانییە) لەبەردەمی قووت دەوەستنو ئەمیش ناتوانێ دەستەو ئەژنۆ لێی دابنیشێو کڵاوی بێنێتە سەریو تیلاکی لێ خوار بکات. بۆیە ناچار، دەبێ پەنابباتە بەر کتێبێک، کە فەرهەنگی ئەم دوو جۆرە رەشبەڵەکە (کە خوێناویو سۆزانییە)ی تێدا لە ئامێز گرتبێ! ئەم کتێبەش قورئان ئاسا پێچراوەو بەتەنها ئەوکەسانە دەوێرن لێی نزیک ببنەوە کە دەستنوێژیان هەیە، ئەگینا خەڵکی دی ناوێرن لە نزیکەوەش ئاوڕی لێ بدەنەوە، بەشێوەیەک خاوەن دەستنوێژەکەش بەترسێکی زۆرەوە دەستی بۆ دەباتو دەیکاتەوەو پەڕپەڕ بەخوێندنەوە ئاودیوی دەکات!، دیارە ئەم کتێبە پێچراوە بەسامە (مەرگو شمشێرە)و دەستنوێژەکەش مرۆڤێکی بوێرە...

**زۆر خەناوکەی مۆری ئێسقانی ئەو لەشەم**
**لە شاخی کەڵە کێوی ئەو بەرگیر بووە**
**زنجیری بیناییم پساوەو**



**ناوی زۆر راوچییان لە چاوم گیربووە(١٦)**

لەم کۆپلە شیعرەی سەرەوەشدا، شاعیر خۆی بە خاوەن ئەزموونێکی دوورو درێژ دەزانێت، بەڵام ئەزموونێکی پڕ لە مەرگو کارەساتو تەکان!، هەر بۆیە ئەو رەنجەی رابردووی بە شێوەیەک کاری تێ کردووە، هەنووکەشی لەگەڵدا بێت، ئارەقەی رەشی تەمەنی بەسەر هەندێک شاخی کەڵەکێوی داماوە، یا بەواتایەکی دی ئێستاکەش چەند دڵۆپە خوێنی خۆی بەسەر هەندێک شاخی کەڵەکێویدا لێ دیارەو دەیبینێ!، ئیتر چیبکا..؟!، ناچار -تأمل- دەکاتو تێ رادەمێنێو کزە لە جەرگی هەڵدەستێ، بەڵام نە تێرامانەکە دەبڕێتەوەو نە مەرگو تەکانەکەش کۆتایی پێ دێت، چونکە میراتگری مەرگو تەکانەکە زۆرن، بەڵام ئەو -شاعیر- تاقەتی نەماوەو، ناتوانێ چیتر بڕوانێو نەک هەر رەنجەکەی خۆیشی بەڵکو رەنجی سەرجەم خەڵکە پلیشاوەکانیش لەبەر چاوی رەشکەوپێشکە دەکەن. بەکورتی چاوەکانی بوونەتە مۆزەخانە -متحف- ی پلیشاوەکان، یاخود وەک خۆی دەڵێت راوچییەکان، بەڵام، ئەنجام هەر راوچییەک دەڕوا دەیانی تر دێنو خەنجەر لە هەسان دەسوون!!.

**رەشبەڵەکی ئاگرو ئێسقانم دەبینی**
**چۆن تێکەڵی یەکتر دەبوون**
**مەرگو رۆحی سپی فریشتەم دەبینی**
**سەرو کۆکلی یەکتریان دەرنیەوە**
**گرانە.. گرانە**

**وەک پایزو زریان‌وتۆف**
**سووکە وەک ئاڵتوونی خوێن‌و**
**مەرجانی ناو چاوی مرۆڤ(١٧).**

ڕەشبەڵەک هەر بۆ ئاسوودەیی‌و بەختیاری بەکار هاتووە، واتە هەڵپەڕکێی ئافرەت‌و پیاو، کەچی تێکەڵبوونی ئێسقان‌و ئاگر، وێنەی کارەساتێکی هاوچەرخانەیە، لێرەش کە دەڵێت ڕەشبەڵەکی ئاگرو ئێسقان، واتە سەمای ئاگرو ئێسقان، چونکە ئاگر کاتێ خۆراکی زۆر دەبێتەوە، بەرز دەبێتەوە، کاتی خۆراکیشی کەم دەبێ نزم دەبێتەوە، واتە هێور دەبێتەوە. ئیتر ئاگرەکە لە شێوەی سەما دەچێت.. کە دەشڵێت (مەرگو ڕۆحی سپی فریشتەم دەبینی) زیاتر مەبەستی تەئکید کردنە لەسەر (پاکی)یەکەو تەنها بە وتنی یەکێکیان دڵی داناسەکنێ، کاتێکیش مەرگو ڕۆحی سپی فریشتە سەرو کۆکلی یەکتری دەڕننەوە، کە ئاگرەکە خۆراکێکی زۆری هەبێت، کەواتە فرەگرانە... گرانە چونکە ڕەشبەڵەکەکە بوومەلەرزەیەکە بۆ خۆی. ئەو لێکچواندنەیشی (گرانە وەک پایزو..) هێزو تینێکی داوەتە شیعرەکە، لە شێوەی هەڵوەرینی گەڵای درەختەو زستانێکی ڕەش‌و تووشیشی بەدواوەیە، بەڵام لەو لێکچواندنانەدا ئەم ڕووتبوونەوەی درەختە سەدان کارەسات‌و مەرگەساتی جەرگبڕی لەگەڵدایە.. بۆیە گرانە.. زۆر گرانە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەقەد گرانیەکەش سووکە!! سووکە چونکە هەر تەنها بە فەرمانێکی یەک وشەیی بوومەلەرزەکە دونیا دەگرێتەوەو ڕەشبەڵەکێکی سەرتاسەری دروست دەبێت، توانای شاعیر لە ڕەشبەڵەکی ئاگرو ئێسقان، ئاڵتوونی



خوێن، مەرجانی ناوچاوی مرۆڤ، گرانی پایز، دەردەکەوێ، تۆ بڕوانە.
**سووکە وەک ئاڵتوونی خوێن‌و**
**مەرجانی ناو چاوی مرۆڤ**

خوێن گرانە، بەڵام ئەو شوێنانەی کە پڕن لە کارەسات‌و مەرگەسات، خوێنیش هیچ نرخو بەهایەکی بۆنییە، (مەرجانی ناو چاوی مرۆڤ)، بەڕای من شاعیر بە ئەنقەست‌و لەبەر مەجازو مەغزایەکە هاتووە مەرجانی بەکار هێناوە، چونکە مەرجان تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە لە جوانیدا، بەتایبەتی ئەمڕۆ وا خەریکە بخرێتە خانەی کەلەپوورەوە.

یاخود:

**من قەرەجی چۆڵ نشینی ئەم هەوارەم جوانترین گۆرانی‌و باڵۆرەی خۆم دەبێژم**
**جوانترین شیعری خۆم لە گۆڕی خەفەتی مێژوو دەنێژم**
**باسی مردنی خۆم دەکەم بۆ زیندووییم(١٨).**

شاعیرانی کورد، لە ئاو هەوایەکی زۆر پڕ کارەسات‌و مەرگەساتدا دەژین، ئاوو هەوایەکی پڕ لە تراژیدیای بێ وێنە... بۆیە پێویستە لەگەڵ گیانی نوێکردنەوەی شیعردا، هونەرو بابەت یا با بڵێین شێوەو ناوەڕۆک بەیەکەوە بایەخی پێ بدرێ، هیچ کامێکیان پێش ئەوی تریان نەکەوێ.

من قەرەجی چۆڵ نشینی ئەم هەوارەم جوانترین گۆرانی‌و باڵۆرەی خۆم دەبێژم

هەر قەرەجەکە بە تەنیا کۆڵێک گوزارشتی لێ دەکرێت، بەڵام ئێمە هەر بە تەنیا بەکابرایەکی ئاوارەو هیچ نەبوو (بێ ماڵ‌و سامان)ی لە



قەڵەم دەدەین، چۆڵ نشینەکەش، هێمای خاکێکی بێ وڵاتە، خاکێک لە سایەی شەڕی شۆڤێنیستانەی حوکمڕانەوە، ڕۆحی هەزاران هەزار مرۆڤی تێدا هەڵوەراندبێ، (ئەم هەوارەم) زیاتر تەئکید کردنە لەسەر قەرەجەکە کە خۆیەتی‌و هەروەها لەسەر خاکە بێ وڵاتەکە، کە قەرەجەکە ژیانێکی پڕ لە کولەمەرگی لێ دەباتە سەر. (جوانترین گۆرانی‌و باڵۆرە)کەش نیشانەی خوێناوی ترین‌و شۆڕشگێڕترین وشەیە کە لە زاری دێتەدەر، جا وشەکان هەندێ جار دەبنە گۆرانی، هەندێ جار سروود، دروشم، شۆڕش...هتد.

**جوانترین شیعری خۆم لە گۆڕی خەفەتی مێژوو دەنێژم**

لێرە لە پرمەی گریاندا دەیەوێ پێ بکەنێ، لە قووڵایی ناسۆری‌و خەفەتیدا بەختیاری بقۆزێتەوە، لە ناو ڕیزی چەوساوەکاندا شۆڕشێک بخولقێنێ... دەیەوێ جوانترین شیعری خۆی لە ناو کارەساتێکی جەرگبڕدا دروست بکات... کە دەشڵێت:

**باسی مردنی خۆم دەکەم بۆ زیندوویم**

پێوەندییەکی شەتەکدراوی بەم دێڕەو دێڕەکەی پێشووتری هەیە. چونکە لێرەدا لە گەرمەی ڕۆچوون‌و کەوتنیدا، باسی چنگەڕنێ‌و هەڵسانەوەو سەرکەوتن دەکات، لە کاتی مردنی یەکێکا، گوێی لە دەنگی لە دایکبوونی چەندین منداڵ دەبێت.. لە کەوتنا سوود وەردەگرێت‌و، دەبێتە ڕێنمایی کردنی بۆ سەرکەوتنی‌و هەرگیز بە هەتاوی زستانیش باوەڕناکات، کە دەشگاتە سەر پۆپەی چیایەک، ئەو ئارەقە ڕەشەی دەری داوە، تاپێی گەیشتووە، لە بیری ناکات‌و لەسەر



لوتکەکەوە، هەنگاوە وردو کاریگەرەکانی خۆی دێنەوە یادو بەرچاوو، دەزانێ بە چ دەردێک سەرکەوتووە.

لەم چەند نموونە شیعرییانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە شاعیر بە زمانێکی سادە، بەڵام هونەرمەندانە، بە ناخی شتەکاندا قووڵ بۆتەوەو بە دوای شتی تازەو نوێدا گەڕاوەو شیعری پێ خولقاندووە. تۆ بڕوانە (بەفر گری گرت) چەند ساکارو چەند هاوچەرخ‌و چەند پڕ لە مەرگە سات‌و چەندیش پڕ داهێنەرانەیە!! (بەفر گری گرت) خێرا وێنەی نیشتمانێکی یەکپارچە ئاگرو خۆڵەمێشت دێتە بەرچاو، یەکسەر دیمەنی هەڵقرچاوی کوردستان لە بەرچاوت خۆ دەنوێنێ.

***سەرچاوەو پەراوێزەکان:***

١- بڕوانە چەند پارچە شیعرێکی بڵاوکراوەی شاعیران (جەلالی میرزا کەریم، ئەنوەر شاکەلی) کە لە ساڵانی ١٩٧٠، ١٩٧١، ١٩٧٢دا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوکات بڵاویان کردۆتەوە.

٢- بەداخەوە، دامەزرێنەرانی ڕوانگەو خەڵکانی تریش نەیانتوانی ڕێچکەیەکی ئەدەبی دروست بکەن، واتە نەیانتوانی چەند بەیاننامەیەکی پوخت‌و بە هەندێ بەرهەمی تیئۆری نوێ نووسەران لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، ڕوانگە بە نەگەییوی‌و نەکوڵاوی کۆتایی پێ هات.

٣- شوێنی جەلالی میرزا کەریم، زەمینەیەکی فراوان‌و دیاری لەسەرەتای حەفتاکاندا هەبوو، بەڵام زوو کوژایەوە.

٤- دیارە مامۆستایان، محەمەدی مەلا کەریم، کەماڵ میراودەلی، فوئاد

مەجید میسری، فوئاد قەرەداخی، دیارترین ڕۆڵیان لەم بوارەدا هەبووە.

٥- هەرمێن -م- باوەکر- ١٩٨٥.

٦- گۆڤاری هاوەدەنگ تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچوو، یەکەمیان ساڵی ١٩٨٣ بوو، دووەمیشیان ساڵی ١٩٨٤ بوو.

٧- بڕوانە ئەم نموونە شیعرە:

نەء! مەڵێ ئەم کیژۆڵەیە کیژی شەوەو بەرەڵڵایە.
نەء! مەڵێ ئەم کیژۆڵە پێوەندو نەریت شکێنە
ئاوەڵیشی ڕەشەبایە،
هێندەی بەسە ئەویش ڕۆژێ دەبێتە داک
کۆرپەکەی پێی دەڵێ دایە!.

٨- بەیان -ژ ١٣٦.

٩- هاوکاری -ژ ٩٠٨.

١٠- ئەم جۆرە شێوازە شیعرییە پێویستی بە چەند بەیاننامەیەک دەکردو دەبوایە وەکو تەوژمێکی ئەدەبیی نوێ یاریچەیەکی تازەی شیعری کوردیی خۆی بنواندبا، نەبوونی بەیاننامەی گونجاوو سەرکەوتوو، وای کرد بە سلبی بەسەر خاوەنەکەی‌دا بکەوێتەوە.

١١- بڕوانە -الحداثە- نووسینی مالکم برادبری‌و جیمس ماکفارلن - وەرگێڕانی بۆ سەر عەرەبی مؤید حسن فوزی -بغداد- ١٩٨٧- ص ٢١٢.

١٢- پێم سەیرە، کاتی خۆی جمکەکان وەکو پارچە شیعرێکی بچووک لە هاوکاری ژ ٩٠٨دا بڵاوکرایەوە، کەچی دوایی بە شێوەیەکی دی‌و بە قەبارەیەکی زۆر گەورەتر لە ناملیکەیەکیدا بڵاوی کردەوە.



١٣- بڕوانە شیعری (نێرگز فرۆش، سێ پێکە شیعر، نان، بەهاری دۆڕاو...هتد).

١٤- شایانی وتنە تەکنیکی شیعری (بەهاری دۆڕاو) نەختێ سەرکەوتووترو هاوچەرخانەترە لە تەکنیکی شیعرەکانی دیکەی کاک ئازاد دڵزار، بەڵام ئەم بەردەوامییەی بە خۆیەوە نەگرتووە.

١٥- کەریم دەشتی -تەمە سپییەکانی ڕۆح- ١٩٨٨.

١٦- سەرچاوەی پێشوو.

١٧- سەرچاوەی پێشوو.

١٨- نووسەری کورد -ژ ٧- خولی سێهەم ئابی ١٩٨٩.



# وشەیەک لە ڕێگای ئەدەبو لەپێناوی تازە خوازیدا

لەبەر ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیمان ئێستاشی لەگەڵدابێ، ئەو قاڵبە زانستییە قووڵەی بەخۆوە نەگرتووەو نەیتوانیوە شاعیری.. چیرۆکنووسێ.. لەژێر تیروانینێکی قووڵی بابەتی و فەلسەفیدا بخاتە ژێر تیشکی هەڵسەنگاندنەوە، زۆرجار وا بووە شاعیرێک ئەوەندەشی لە باردا نەبووە، کەچی چەند کەسانێک بە حوکمی برادەرایەتی و ئاشنایەتی و بازرگانیش لەلایەکی دیکەوە، بێ بەزەییانە هاتوونە مۆمیا ئاسایان لێکردووە. شاعیری واشمان هەبووە بە ڕاستی داهێنەرو شایانی ئاوڕ لێدانەوەن، کەچی بەپێچەوانەوە هاتوونە بە وشەی نابەجێ دەرزی ئاژنیان کردووە. نموونەی لەم بابەتەمان زۆر هەنە.

ڕێزێکی زۆرم بۆ مامۆستا «کامەران»ی کۆچ کردوو هەیە، بەڵام نابێ ئەو ڕاستییەش بشارینەوە کە ئەگەر سەد ئەوەندەی تریان بەرز



بکردابایەوەو برەویان پێ بدابا.. ئەوا هەر(کامەران) دەبوو، نەدەبوو بە(گۆران). خۆ(گۆران)یش هەزار ئەوەندەی دیکە ساویلکەو نەفەس کورتەکان دژی وەستابان هەر ئەو(گۆران)ە دەبوو کە بە لووتکەی پێشەوای شیعری تازە ناو دەبردێ، بەڵام دەمو دەست حەقیقەت لای هەموو کەسێک نادرەوشێتەوە. هەندێک گوێیان گرانە.. هەندێک کەڕن.. هەندێک چاویان کزە.. هەندێک کوێرن. دەبێت دەست لە کەڕو کوێرەکە بشۆی جارێ. مایەوە گوێ گران و چاو کزەکە. ئەوەی گوێی گرانە دەبێ لە بن گوێی هاوار بکەی. چاو کزەکەش دەبێ بیهێنیە بەر چاوی، دەنا نایبینێ. لەبەر ئەوە کەڕو کوێرەکە جمهورێکی باشی ئەو تەرحە ئەدیبانەن!! مایەوە چاوکزو گوێ گرانەکە، ئەمانیش بەپینەو پەڕۆ ماوەیەکی کورت جمهوری ئەوانن، ڕاستە هەندێک لەو نووسەرانەی شاعیرێ مۆمیا دەکەن(مۆمیاکردن بۆ ئەو گیانلەبەرانەیە کە پاش مردن چەرمەکەیان بە تووکەکەیەوەو بە یەکپارچەیی لە لەشیان دەردەهێنن و دەچن«کا» یاخود شتێکی دیکەی لەم بابەتەی تێدەکەن، وەک بڵێی بیانەوێ بڵێن هێشتا هەر ماوە، هەر تەنها لە ڕواڵەتداو دوور بەدووری وا هەست دەکەی زیندووە. دەنا لێی نزیک بوویتەوە دەبینی هەمبانەیەکی پڕکایەو هیچی دیکە). واتە ئەو قەڵەمانەی لە مەیدانی ڕەخنەدان و لە حەقیقەتیش دوورە پەرێزن خێرا مەرگ ڕایاندەپێچێ چونکە بە ئیفلیجی لە دایک دەبن.

تا هەنووکە لێکۆڵەرو ڕەخنەگرانمان بەشێوەیەکی گشتی نەیانتوانیوە شاعیرێکی لێهاتوو بە خەڵکی بناسێنن. هەوڵی پڕ لە ماندووبوونی

هەندێ ڕەخنەگرانمان شایانی ڕێزو لەبیرنەکردنن، بەڵام ئەم ڕەخنەگرانە هێشتا لە پەنجەی دەستێک تێناپەڕن. سەرباری ئەمەش هەنووکە هەر یەکەی کەوتوونەتە کلاوێکەوە. سەردەمی ئەوانیش سەردەمی شەستەکان و حەفتاکان بوو ئێستا هەندێکیان بە تەواوی ناویان بزربووە هەندێکیشیان تا پێ لە ویژدانیان نەنرێ وەدەنگ نایێن!

ڕاستە سەردەم وەک چۆن شاعیری تازە دێنێتەکایەوە، ئاواش ڕەخنەگری تازە دێنێتە ئاراوە، بەڵام ئەو خاسیەتانەی لە شیعردا هەن لە ناو ڕەخنەدا نابێ شوێنیان بە شێوەی شیعرەکە بۆ بکرێتەوە هەنگاوێک بە زەحمەت تر شیعرەکە ڕووناکی دەبینێ، بەڵام ناشبێ کەمتەرخەمی ڕەخنەگرانی هەشتاکان لەبیر بکەین کە ئەگەر نەرمە ئاوڕێکیان لە شیعری تازە بدابایەوە، ئێستا ئەو هەموو دیوانە بێ سەروپایانە نەدەگەیشتنە ناو کتێبخانەی کوردیەوەو ساپ ساپانێ بە دیوانە شیعر نەدەکرا!! ئەو کات خەڵکیش سڵی لە نووسینی شیعر دەکردەوەو نەشدەوترا کورد هەموو شاعیرن. بەڵکو هەندێک دەبوون بە ئابووری زان، مێژوونووس، مامۆستای فەلسەفە، کۆمەڵناس، سیاسی، پارێزەری ویژدان زیندوو..، نەک وەک ئێستاکە مەزات بە شیعر دەکرێ. ئەوکات لەجیاتی ئەمانە شاعیرانی داهێنەر دەهاتنە گۆڕەپانی ئەدەب و ڕۆشنبیری، نرخی چاپەمەنیش وای بەسەر نەدەهات. ئەو کات ئەگەر شیعرێکی نەمر بە نەقوستانیش بڵاوبکرابایەوە خەڵکی نەیاندەتوانی شەیتان ئاسا رجومی بکەن. بەڵکو ڕێزیان لێدەگرت یان خۆیان لێ کڕ دەکرد. چونکە ڕەخنەگری پڕ چەک چەق وەستابوون.



ئیمڕۆ هەر بابایە شاعیرێک ڕجوم دەکرێ و شاعیرێکیش بۆ تاقی ئاسمان ڕەوانە دەکرێ، بێ ئەوەی هیچ کامێکیشیان لە شوێن خۆی بێ. لێرەوە دەمەوێ لە دەرگای باسەکەم بدەم.

خوێنەر ئەوە دەزانێ لە ناو ئەدەبی جیهاندا چەندین ڕێبازگەو قۆناخ و تەوژمی ئەدەبی هاتوونەتە ئاراوە، کلاسیک، ڕۆمانتیک، ڕیالیزم، دادابیزم، سوریالیزم، عەبەسیەت، موستەقبەلیەت..، هەر یەک لەم قۆناخانە چەند کەڵە نووسەری لێ کۆبۆتەوەو هاریکارییەکی گەرموگوڕ لە نێوانیاندا هەبووە. بۆ نموونە موستەقبەلیەتەکەی مایکۆفسکی.

دەبینین بەیاننامەی موستەقبەلیەتەکە(مایکۆفسکی) هاوشان لەگەڵ(خلیبنکوف و کرچونیخ و دێڤید برلیوک)و لە ساڵی ١٩١٢دا لەژێر، شەپازلەیەک لە ڕووی چێژی گشتییان دەرچواند. هەرچەندە مایکۆفسکی لە هەموان زیاتر ئارەقەی ڕشت.

سوریالیزم کە ئێمە بە(ئەندریە پریتۆن)ی دەناسین. کەچی(ئەراگۆن و ئیلوارو ئەبولینییرو..!) لێی بێبەش نەبوونە، (ئەبولینییر) یەکەم کەس بوو کە زاراوەی سوریالیزم(السریالیە)ی لە ساڵی ١٩١٧دا بەکارهێناوە.

ئەندریە پریتۆن خۆی دەڵێ«ڕامبۆ» پێغەمبەری سوریالیزمەکانە. ڕۆمانتیکەکەی خۆشمان لەلایەن شێخ نووری و گۆران و ئەوڕەحمان بەگی نفوس و پیرەمێردو..، هاتە کایەوە. ناتوانین بڵێین ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا بە تەنها لەسەر دەستی شێخ نووری یان گۆران هاتۆتەکایەوە. ئەرک و ڕۆڵی شاعیرەکانی دیکەش لەبیر ناکرێ.



بەڵام ئەمەش حەقیقەتێکە کە ڕۆڵی مامۆستا(گۆران) لە هەموان دیارترو مەزنترەو بە بارتەقای هەموانیش زیاتر لەم پێناوەدا خزمەتی کردووە.

«ڕوانگە»ش هەمدیسان تەنها شاعیرێک یا چیرۆکنووسێک بەخۆوە ناگرێ. بەڵکو کۆمەڵە ئەستێرەیەکن لە ئاسمانی ئەدەبی ڕوانگەماندا، بەڵام لێرەش هەندێکیان کزکزن، هەندێکیش گەش گەشن.

تاکە ڕێبازێک کە لەسەر دەستی تاکە شاعیرێک سەریهەڵدابێ(تەکانبەرایەتی)یە. بە تەنهاو لەسەر ئەرکی ئەنوەر مەسیفی شاعیردا دروست بووە. شیعری(جل و بەرگ) ڕەنگدانەوەیەکی دەقاودەقی ئەم ڕێبازەیە. هەتا ئێستاش پێشوازییەکەی هەڕەشە بووە- سێ کەس بە ئیجابی لەسەریان نووسیوە هەتا ئێستا، بەڵام هەتا ئیجابی وا هەبێ مرۆ پێویستی بە سەلبی نییە- تاکە شاعیرێکیش تا هەنووکە نەیتوانیوە بەشدارییەکی شێلگیرانە لەم ڕێبازە تازەیە بکا نەک لەبەر ئەوەی باوەڕیان پێ نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەورازەکی زۆر ڕکە، ئەمانەش- واتە ئەوانەی ئێستا لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان شیعر بڵاودەکەنەوە- ئەگەر نەشڵێم هەموویان ئەوا دەڵێم زۆربەی هەرە زۆریان بە تەنگە نەفەسی لە دایک بوونە، ناوێرن هەر بچنە ڕۆخیشی. هەر دوور بە دووری تێی ڕادەمێنن. بۆیە تازەخوازی مانای ئەوە نییە ئەو شتەی ئیمڕۆ نووسرا ئەوا تازەیەو تەواو. زۆربەی شیعری ئێستا بە مردوویێتی و ئیفلیجی لە دایک دەبن. زۆر شیعریش لەگەڵ ژیاندان. بابە تاهیر، جزیری، خانی، گۆران..، ،چەندانی تریش زیندوون، بەڵام لەبەر



مردووەکانی ئەمڕۆ بەحاڵ ڕێگامان بۆ دەبێتەوە.

لەم دواییەدا چاوم بە نووسنێکی کاک(ئازاد مەولود) کەوت کە لە ژ٦ی گۆڤاری- الثقافە-دا بە زمانی عەرەبی بڵاوی کردبووەوە کاک ئازاد کۆمەڵێک شاعیری خستۆتە ڕیزی ئەنوەرەوەو نەک هەر بە نوێکەرەوەی داناون بەڵکو بە(القفزات المتسارعە)ی شیعری ئیمڕۆی کوردی داناون، کەچی شاعیری زۆر پێویست تر هەبوون باسیان بکا. وەک خۆیشی لە کۆتایی نووسینەکەیدا دانی بەم ڕاستیە ناوە. ئەمانەی ئەو باسی کردوون- جگە لە ئەنوەر- نەک خاوەنی هیچ دەنگێک نین، بەڵکو هەر لە یەکەم ساتی تەمەنی شیعریان بەنەزانی سواری جۆرە بایسکلێک بوونە کە خەڵکی لە ماڵەوە بۆ وەرزش بەکاریان دەهێنێ واتە هەرچەندی پەیدانی لێ دەدا بایسکلەکە هەر لە شوێنی خۆیەتی. تایەکەی پێشی لە بۆشاییی دا خول دەدا. ئەمانە لە ڕیزی ئەنوەر دابنرێن مافێکە لە ئەنوەر دەسەنرێ.

ئەم جۆرە- بەناو تەلیعیانە- شیعری وا دەخەنە بەر دیدەی خوێنەر ئەگەر گەرەکیشیان بێ لاسایی ئەنوەر- وەک بە سەرنەکەوتوویی دەیکەنەوە- ئەوا هیچ هەنگاوێکیان پێ نەنراوە. چونکە ڕۆحیان لەبەردانییە ئەمانە قوتابییەکی تەمبەڵی ئەنوەرن. مەبەستیشم ئەوە نییە ئەنوەر بێ پەرەیەو کالای پڕ بەباڵایە. چونکە هەر هیچ نەبێ ڕەوتە شیعریەکەی دەستەوەستانیش ماوە لە ئاست چاری کێشەی گیروگرفتەکان دیارە ئەمەش بە کەلێبنێکی گەورە دادەنرێ لە ڕێبازە نوێیەکەی ئەنوەردا. ڕاستە شیعری(جل و بەرگ) بەشێکی کاریگەر لە

کارەساتەکان دەخاتەڕوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەک پەی بەچاری کارەساتەکان نەبردووە.

ئەو یاخی بوونەی لە تەکانبەرایەتییەکەی ئەنوەردا هەیە ئەو یاخی بوونە نییە کە ئازار کێشێ ڕۆژانە ئارەقەی بۆ دەڕێژێ و شەوانەش خەونی سەوزی پێوە دەبینێ.

ئەو یاخی بوونەش نییە کە لە دادایزم و سوریالیزم دا هەیە. بەکورتی یاخی بوونەکەی ئەنوەر لە نێوان هەردوو یاخی بوونەکەی سوریالیزم و ڕیالیزم دایە. ئەگەر ئایدیۆلۆژیایەکەی خۆی پێ بگەیەنێت و بە چاکی پەروەردەی بکا، ئەوا بەلای ڕیالیزمەکەدا دەشکێتەوە، ئەوسا هەنگاوێکی کاریگەر دەبێ لە تێکڕای شیعری کوردی تازەمان ئێستا تەنها وەکو وێنەگر«مصور»ێک بەڵام بە کامیرایەکی تازە وێنەی بەشێکی ئەم ژیانەی گرتووە.

بۆیە ئەگەر بەلای ڕیالیزمەکەدا بشکێتەوە ئەوا لە هەر هەموو لایەنەکانی دیکەی ئەم ژیانە جەنجاڵە دەدوێ کە ئێستا لە(جل و بەرگ)وە کەلێنی تێکەوتووە.

بەهەرحاڵ ئەنوەر هەنگاوێکی ناوە لە شیعری ئیمڕۆی کوردیداو شوێن پەنجەی خۆی کردۆتەوە، بەڵام ئایندە چۆنێتی و جۆرو شێوەی ئەو شوێن پەنجەیەمان بۆ دەستنیشان دەکات.



# لە نێوان ترسو لەخۆبایی بووندا -پووکانەوە!!-

لەم دواییەدا کورتیلە نووسینێکم بینی، لە دوو ناونیشان پێکهاتبوو!!، ناونیشانێکیان لەسەرەوە نووسرابوو (شیعرو ترس) ناونیشانی دووهەمیش بە گەورەیی‌و لەناوەڕاستی کورتە نووسینەکە نووسرابوو (کلاورۆژنەیەک) لەبەر ئەوەی هەردوو ناونیشانەکە زۆر سواو بوو، بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو -بەناو تەلیعیەک- نووسیبێتی! کەچی دوا بەدوای ئەم دوو ناونیشانە بۆ ئەو وتارە کورتیلۆکەیە ناوی کاکە (ئیسماعیل بەرزنجی)م کەوتە بەرچاو! لە خوێندنەوەیەکی سەرپێییمدا بۆم دەرکەوت، خۆی بەدەمڕاستی شیعری ئەمڕۆی کوردی داناوەو هەروەها بەنازوفیزو بەبێزەوە وەڵامی کەژاڵ ئەحمەدی دابۆوە بەرامبەر ئەو چاوپێکەوتنەی کاتی خۆی لەگەڵی سازدرا بوو.

پێشەکی دەمەوێ ئەوە بڵێم زۆر کورتە نووسینی عاجباتی هەن من





خۆمیان لێ دەپارێزم‌و دیزە بەدەرخۆنەی لێ دەکەم، وەلێ هەر هەموو جاریش ناتوانم بێدەنگی هەڵبژێرم، جارجارەش لە رووپەڕی ڕۆژنامەیەکا خۆم دەبینمەوە. ئەوەی زیاتریش منی هاندا ئەم چەند دێڕەم ڕووناکی ببینێ یەکەمیان کاک ئیسماعیل لە نووسینەکەیدا لە خۆبایی بوونێکی لێ دەبینرێ‌و هیچ ڕێزێکیشی بۆ شیعری قافیەدار نەهێشتۆتەوەو یەکسەر بە (قافیەی کلکداری)ی ناودەبا، بێ ئەوەی بە قۆناغ‌و سەردەمی ببەستێتەوە، هەروەها چاوپێکەوتنەکەی کەژاڵیش، کەژاڵ لە هیچ شوێنێکا ناوی کەسی نەهێناوەو نەی وتووەو فلانە تەلیعی! کەچی کاک ئیسماعیل بە ئارەزووی خۆی دەڵێ خەڵکینە منیش تەلیعیم، چۆن دەبێ قسە بە تەلیعیەت بووترێ.

هەروەها بەخۆ بەزل زانینەوەو بەلالووتیەوە دەڵێ کیژۆڵەیەک کە تازە فەریکە لە دونیای شیعرو.. لەلایەکی تریشەوە زۆر سەربەستانە باسی ئەزموونی نۆزدە ساڵەی خۆی دەکات بەرامبەر بەشیعر!! لە کاتێکدا هیچی دیار نییە!!

من قەت ناڵێم شیعری ئەوڕۆ دەبێ قافیەی هەبێ، بەڵام ئەو بۆچوونە تەسک بینەش پووچ دەکەمەوە، کە شیعرێ بەمردوو دابنرێ هەر لەبەر ئەوەی قافیەی هەیە!! ئەمە ئەگەر وابێ دەبێ هێڵێکی ڕاست‌و چەپ بەسەر دیوانی (تەمە سپییەکانی ڕۆح) دابهێنین! لەکاتێکدا بە یەکێک لە باشترین دیوانە شیعری ئەو دە (١٠) ساڵەی رابردوو دادەنرێت لە شیعری کوردیدا دەفەرموون ئەو نموونە شیعرەی خوارەوە قافیە داریشە.

دەتوانم دەیان نموونە شیعری شاکار بهێنمەوە کە لە ریزی پێشەوەی





شیعری کوردی هەشتاکانن، کەچی کەسانی واش هەن هێڵێکی ڕاست‌و چەپ بە شیعری قافیەدار دادەهێنن‌و بەکلکداری ناودەبەن کەچی بەرهەمەکانیان دەتوانی ناوی هەموو شتێکی لێ بنێی تەنها شیعر نەبێ.

**خودیکی پێی تێفرێدان‌و باسخوون بوو**
**مۆمیاییێک دەمی دەکوتێ**
**تاقمە تراشێکیش دەشوا**
**دەستەکانی لە عاردی دەخشاند**
**پرچم دارستان موگناتیس**
**لەناو لەرزەی ڕۆچووندا شەمەندەفەر**
**گوڵە بەرۆژەی مێژوو دەکرتێنێ**
**تۆزکاڵێک نەرم بباره**
**گەنجێتیم گەچەرۆ قۆریەییێکی قوڕینی چا**

«*نووسەری کورد* -ژ ٧- ١٩٨٩».

من لە کاک ئیسماعیل دەپرسم لە چ وڵاتێکاو لەیەک قۆناخی شیعریاندا کۆمەڵێک شاعیری تەلیعی هەبوونەو هەروەها کەی شتی وا رووی داوە بڕوانامەی تەلیعیەت هەر بەتەنها لەبن دەستی تاکە کەسێکەوە بێت‌و ئەوەی گوێ رایەڵی مامۆستاکە بێت ئەوا تەلیعییەو باقی دیکەش پێویستە دەست لە شیعر هەڵگرن!! لە کاتێکا هەر ئەو مامۆستایە کەسانی وای هێناوەتە ناو کۆڕی شیعر نووسین‌و کۆڕی بۆ سازداوەو بە تەلیعیشی لە قەڵەم داوە کە فڕی بەسەر شیعرەوە نییە، (ئەگەر کاک ئیسماعیل‌و مامۆستاکەی گومان بکەن ناچارم بە بەڵگەوە

ناوی کەسەکان دەهێنم!!).

کاکی برا تەلیعیەت (الطليعيه) بۆ کەسێکە ڕێبازێکی تایبەتو سەربەخۆو تازەی هەبێ، ڕێبازێک بێت بەلایەنی کەمەوە کەس پێشی ئەو، ئەو ڕچەیەی نەشکاندبێ، هەروەها لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە ئەو ڕێبازەی تیا لە دایک بووە پێویستە هاوکۆک بێت.. ئەمە تا ئێستا لە ماوەی ئەو (١٠) ساڵەی ڕابردوودا شاعیرێکمان نییە خاوەن ڕێبازێکی سەربەخۆ بێتو بە تەواوی خۆی لە چنگ تەوژمەکەی سەرەتای حەفتاکان ڕزگار کردبێت، بەڵکو هەر تەنها -محاولات- هەیە بۆ قوتاربوونو خۆڕاتەکاندن لە تەوژمە شیعریەکەی سەرەتای حەفتاکان.

دوایی کەژاڵ ئەحمەد هەر چەندە کاک ئیسماعیل گوتەنی تازە فەریکیشە، بەڵام مافێکی ڕەوای خۆی هەیە چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازبدرێو لەمیانی چاوپێکەوتنەکەشیدا تەنانەت (تنظیراتو تصریحات)یش بدا. هەر چەندە شتێکی فەلسەفیو تیئۆری باس نەکردبوو سەبارەت بە شیعر!! چونکە شیعری کوردی بۆ ئەوڕۆ پێویستیەکی فرەی بە تیئۆر هەیە.

ئینجاکاک ئیسماعیل دەڵێ کەژاڵ ئەحمەد دوو دێڕە شیعری (محمد ماغوط)ی شاعیری کردووە بە کوردیو کەچی ئاماژەی بۆ نەکردووە!، دوو دێڕەکەش ئەمەیە:

**لا شيء يربطني بهذا الارض**
**سوى حذائي**

واتە (شتێک نییە بەم زەوییەم ببەستێتەوە پێڵاوەکەم نەبێ)



بێگومان ماغوط بە گاڵتە پێکردنەوە وتوویەتی، بێ ئەوەی هیچ ڕێزو سۆزو میهرێکی بۆ خاک هێشتبێتەوە.. هەر چەندە باوەڕیش ناکەم ئەم کچە ئەو شیعرەی ماغوط-ی دیبێ (وەفیق خنسە)ش گوتەنی (ماغوط شاعیرێکی پێشکەوتنخواز نییە) لێرە ماوەم نییە تیشکی لێکۆڵینەوە بخەمە سەر (ماغوط) بەڵام بە کاک ئیسماعیل دەڵێم لەم شیعرەی خوارەوە وردبەرەوە کە زۆر زۆر لە شیعرەکەی (ماغوط) بەهێزترو هوشیارانەترو هاوچەرخانەترە خۆ ناشڵێن ئیلهامی لە (ماغوط) وەرگرتووە چونکە زۆرلە شیعرەکەی (ماغوط) زیندووترە، وەلێ لەبەر ئەوەی شاعیرەکە کورد زمانە بەلاتانەوە کارێکی شوورەییە بەداهێنەری لە قەڵەم بدەن. هەر چەندە باڵا بەرزو سەرنج ڕاکێشە، مردنیش ناتوانێ زەفەری پێ ببا.

**قاچی من بەزەوی نووساوە**
**ئەگینا ئاسمان بوو مەبەستم**
**سەریشم لە ئاسمان گیر بووە ئەگینا زەوی بوو**
**تاوگەیی هەڵدەڕژایە هەستم**

«تەمە سپییەکانی ڕۆح -کەریم دەشتی- ل٦٢»

لەسەر ئەو بۆچوونەم پێ دادەگرمو دەڵێم ئەو شیعرە ئەگەر شاعیرێکی بێگانە بیوتایە دەبووە شاکارێکی جیهانی!! «لەبیرتان نەچێ ئەم شاکارە قافیەشی لێ هەڵنەگیراوە!!!». تا هەنووکە لەسەرجەم شیعری تەلیعیەکان نموونە شیعرێکی وام نەدیوە.



دوا وتەم، کاک ئیسماعیل جارێکی تریش لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پەیامنێری هاوکاری دەڵێ شیعر مەسەلەیەکی ترسناکە.. من گومانم لەو مەترسییە نییە بەڵام دەبێ مەترسییەکە بۆ ئەوە بێت تا هەنگاوی کاریگەرترو بەگوڕتر بهاوێژێ.. نەک گلۆڵەت بکەوێتە لێژیو نەتوانی هیچ ببێژی!! کاک ئیسماعیل (١٩) ساڵە خەریکی شیعرەو هیچیشی دیار نییە.. دیارە ترسەکە وشکی کردۆتەوە!!! هەموو هونەرمەندێکی گەورەش بە قۆناغی فەریکیدا دەڕوا وەلێ ئەوەی گرنگە پێویستە بەردەوام لە هەنگاونان نەکەوێت و بێ پسانەوە شیعری باشتر لە دوای باشتر بخاتە بەر دیدەی خوێنەران! ئەو (گۆران)ەی کە هیچی لە نازم حیکمەتو کۆلریرجو وۆردس وێرسو شیلی کەمتر نییە ئەگەر زیاتریش نەبێ، سەرەتا شیعرێکی زۆر کلاسیکیو مردووی نووسیبوو کە بە بە (بێخود)ی نیشان دابوو کەچی تا هەنووکەش (گۆران)ێکمان لا دروست نەبووە!!!.



# منیش دوو ووشەم هەیە!

برای چیرۆکنووس کاک ڕەئوف بێگەرد لە ژ ١٠٦٧ی ڕۆژنامەی هاوکاری دا وتارێکی بەناونیشانی دیسان شیعری گەورەو شیعری پەشمەک. بڵاوکردبووەوەو باری سەرنجی تایبەتی خۆی بەرامبەر بە شیعری کلاسیکی و شیعری ئەمڕۆی کوردی تیادا دەربڕیوە، دیارە نووسین لە بابەت شیعری ئێستامانەوە لێدوانێکی زۆری گەرەکەو هەروا بەئاسانی ناتوانین حوکمی باشە یاخود خراپەی بەسەردا بدەین جگە لەمەش نووسینی لەم بابەتە پسپۆری تایبەتی خۆی گەرەکە. تا بتوانێ وشیارانە هەست بە کەلێن و ناتەواوییەکان بکات و لە هەمان کاتدا چارەیەکیش بۆ کەلێنەکە بدۆزێتەوە.چونکە با هەر کەلێنەکە دەستنیشان بکرێ.کە نەتوانرا چارەسەر بکرێ سوودی نییە. ئەو کات وەک ئەو نەخۆشەی لێ دێت بچێتە لای پزیشک و پزیشکەکە پێی بڵێ زگ یەشەتە، بەڵام پزیشکەکە دەرمانێکی بۆ نەدۆزێتەوە کە زگ یەشەکەی کۆتایی پێبهێنێ.. هەر ئەمەش بوو وای لە من کرد باری سەرنجی خۆم

بەرامبەر بەکاک ڕەئوف و تەواوی ئەو برایانە دەربڕم کە دەیان جار دووبارەی دەکەنەوە کە شیعری کوردی بەرەو هەڵدێرو رووچون و و..و دەڕوا کەچی هیچ کام لەمانەش باسی کێشە بنەڕەتیەکە ناکەن و کەس بە زاری دا نایێ بپرسێ هۆی چییە شیعری کوردی وای بەسەر هاتووە؟.

دەزانم ئەو کێشەیە هەروا بە ئاسانی و بەو چەند وشەیەی لێرەدا نووسیومە کۆتایی نایەو هەویرێکە ئاوێکی زۆری گەرەکە. بۆیە هەر لەمیانەی ئەم نووسینەما بە ئەرکی سەرشانی خۆم و بەپێویستی دەزانم بڵێم بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بە چاکی یەکالا بێتەوەو هەر لە شوێنی خۆمانەوە تانەو تەشەر نەگرینە شیعری کوردی و ئەگەر نەتوانین زەمینەیەکی لەباری بۆ بڕەخسێنین بۆ ئەوەی لەم گیژەنە دەربازی ببی با زیاتر لە قوڕی نەچەقێنین و زیاتر سەرەوژێری نەکەین پێویستە ئەو برا ئەدیبانەی کە پسپۆڕن لە شیعردا بەتایبەتی لە شیعری تازەو خاوەن رۆشنبیرییەکی چاکن چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی هاوچەرخانە بخەنەڕوو بەو مەبەستەی بتوانن خزمەتێکی رەسەنی شیعرو ئەدەب بکەن. کاک ڕەئوف شیعری ئێستای کوردی بەجارێک مایە پووچ هێناوەتە دەرو لە ڕیزی شیعری پەشمەکی داناوە بە باش و خراپیەوە.. ئەمەش وای بۆ دەچم لەبەر ئەوەیە کاک ڕەئوف زیاتر خەریکی چیرۆکنووسینە نەک لێکۆڵینەوەی شیعری نوێ. لام وایە هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کەلێنێکی فرە گەورە کەوتۆتە نێو نووسینەکەی ئەوەتا بەلای کاک ڕەئوف تەنیا شیعری رۆمانتیکی عاتیفی و نوزە نوزو لێکدابڕان و گرتنی کونجی گۆشەگیری دەبێ شیعر بێ ئەگینا ئەوانەی لە دەرەوەی



جوگرافیای ئەم جۆرە شیعرانە بن ئەوا شیعری پەشمەکن وەک خۆی دەڵێ: کوانێ ئەو شیعرە کوردییانەی نەمرنو بووینە گۆرانی و سۆزو لای لایەو تاسەو بۆ چرووکی سووتان و کۆچ و لێکدابران ئەم هەموو شیعرەو کەچی قات و قری سۆزو ئەندێشەیەو لێرەبە قسەی کاک ڕەئوف شیعری لەم بابەتەمان هەر نییە ئەدی ئەگەر هەمانە کوانو لە کوێن؟! کەچی بەداخەوە شیعری ئەمرۆی کوردی ناڵێم هەمووی، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو شیعرانەی لە گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکان دا بڵاودەکرێنەوە بەشێوەیەکی فرە روون و ئاشکرا دەسبەرداری لاوانەوەو نووزە نووزو رۆمانتیکی عاتیفیانەو هەر هەموو ئەو شتانەیە کەکاک ڕەئوفی چیرۆکنووس دەڵێ نیمانە. ئەگەر هەر سوورو بەردەوامیش بێ لەسەر بۆچوونەکەی خۆی ئەوا ناچارم ناوی دەیان بەناو شاعیرو ناوی دەیان دیوانی مردووی بۆ بهێنمەوە کە لەو سنوورەن.کەچی نازانم چۆن بەلای کاک(ڕەئوف)ەوە رۆمانتیکی نین و هەروا نازانم چۆن دوای ئەمەندە ساڵە تازە بە تازە ئیددیعای شیعری رۆمانتیکی و عاتیفی و لایەلایەمان بۆ دەکات لەکاتێکا هاوار هاوارمانە لە دەست ئەمجۆرە شیعرانەو ئەرکی پێویست ئەوەیە هەوڵبدرێ شیعری کوردی لەم قاوغە تەسکە دەربچێ کە بەر لە ٦٠- ٧٠ ساڵ لەلایەن پێشرەوانی شیعری نوێی کوردی یەوە(کە دیار ترینیان و مەزنتریان مامۆستا گۆرانە) سەری هەڵداوەو هەر لەلایەن ئەمانیشەوە- کە دیسانەوە هەر مەبەستم مامۆستا نەمری ناوبراوە، ڕچەکە شکێنرا بۆ ڕێبازی دیکەی پێشکەوتووانەتر چونکە ڕۆمانسیەت ئەگەرچی لە سەرەتاوە کارێکی فرە پیرۆزو کاریگەرو پێویست بوو دژ بە



ڕژێمی دەرەبەگی، بەڵام بۆ ئەمڕۆ بەردەوامیەکەی دەچێتە ڕیزی کۆنەخوازیەوە بە هەموو قەناعەتێکیشمەوە دەڵێم ئەوانەی ئەمڕۆ خۆیان دەسبەرداری رۆمانتیکییەت و نوزانەوەو..و..و دەکەن ئەوا زۆربەی هەرە زۆریان ئەگەر نەشڵێم هەموویان لەبەر دەسەڵات نەشکانیانە بەسەر پیرۆزی و گەورەیی شیعر. ئەمڕۆکە سەردەمی کۆمپیوتەرە لە دونیادا دەبێ شیعری کوردیش واز لەو دیاردە داتەپیوە بهێنێ کە لە سەرەتای حەفتاکان و نەختێک پێشتریش دەسبەرداری ئازیزەکەم و دڵدارەکەم و خۆشەویستەکەم و چاوەکەم و..و..و هتد بوو، شیعریش دەبێ لەگەڵ گیانی سەردەم بڕوات و خزمەتێکی دڵسۆزانە بکات و پێویستە(کە هەر دەبێ واشبی) بۆ وشیاربوونەوەی خەڵکە سادەو ساویلکەکە فەلسەفەیەکی نەمر هەڵبگریت تابتوانی بەرەنگاری ئەو کارەساتانە ببێتەوە کە رۆژانە ئازارکێشەکان تووشی دەبن. هەرچەندە بەداخەوە تا هەنووکە شیعری لەم بابەتەمان ئێجگار کەمەو بە دەگمەن ڕێ دەکەوی شیعرێک لەم بابەتە پیرۆزە بێ وەک لە سەرەوەش پەنجەم بۆ ڕاکێشا زۆربەی ئەوانەی شیعر دەنووسن لەبەر کەم هوشیاری پەنایان بردۆتە بەر سۆزو ئەندێشەو مردن و غوربەت و...تاد دیوانی لە غوربەتاو قەڵەمێکی ڕدین سپی دوو نموونەی گەش و زیندووی ئەم سۆزو غەریبی و پڕ ئەندێشەییەن.. لەکاتێکا ئەم دوو دیوانە لە هەر هەموو دیوانە ڕۆمانتیکی یەکانی دیکەی ئەم سەردەمەیان پڕ هونەریانەترن.. بەتایبەتیش دیوانی لە غوربەتا...

ئەمڕۆ کەلێنیکی زۆر گەورە کەوتۆتە نێو دونیای شیعری کوردیمانەوە



ئەویش ناوەڕۆکە. دونیای شێوەخوازی نەک هەر ئەوروپای گرتۆتەوە. وا خەریکە ئێمەش لە ئامێز دەگرێت.. ئەگەر خۆشمان لە واقیع و ڕاستی گێل نەکەین هەموومان ئەو راستییە بەچاکی دەزانین کەبە تەنها قوتابخانەی ریالیزمی سوشیالیستییە دەتوانی بەسەر هەموو ئەو کەموکورییانەدا زاڵ بێت کە ئەمڕۆ کەوتۆتە ناو شیعرەوە(واقیع ئەمەی دەرخستووە).

جا کاک رەئوف کە دەڵێ ئەم هەموو شیعرەو کەچی قات و قڕی کارەساتەکانی ئەم سەردەمە دەتوانم بڵێم شیعری ئەمڕۆ وەک لێ بێبەشبوون لێی بێبەش نەبووە. هەرچەندە بەپێی پێویست نییەو زۆری تری پێویستە. لە هەندێک شیعرا باسی کارەساتەکان کراوەو دەکرێ. بەڵام هەر شاعیرەو بەپێی بۆچوون و مەودای فیکری خۆی لێی دەدوێ لەبەر ئەوە زۆر جار دەبینین شاعیرەکە تەنگە نەفەسە.واتە هەناسەی کورتە. کەوابێ چۆن دەتوانێ بە شیعر تەعبیرێکی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی ئەمڕۆ بکات(ئەمە وەک ئەو کەسە وایە هەردوو چاوی کوێر بێ و ڕێگاش بە خەڵک نیشان بدا...) لەکاتێکدا بە تەنها یەک مەودای بیرکردنەوە هەیە کە بتوانی چارەسەرێکی بنەبر (حاسم) بۆ ئەم تەنگوچەلەمانە دابنێ. هەر بۆیەشە دەبینین شاعیرێک لە دیوانە شیعرێکیدا زۆربەی شیعرەکانی لەسەر کارەساتەکانی ژیانە، بەڵام بەلینگەو قووچ وەری گرتووە. دووربین نییە. بەحاڵ پێش خۆی دەبینێ کاک ڕەئوف دەبوایە دەروازەیەکی بۆ ئەم لایەنە بکردابایەوە.کە کارێکی فرە پێویستە بەڕای من ئەمانەن کلیلی کێشە سەرەکیەکەی شیعری

ئەمڕۆمان.

بۆ مەسەلەی موعاناتە ڕاستەقینەکەش دەڵێم ڕەنگە موعاناتی ڕاستەقینەی زاتی خۆیان بن، بەڵام قەت قەت ئەو موعاناتە نییە کە کرێکارێکی وشیار ئارەقەی ڕەش و شینی بۆ دەردەداو.. لە پێناوی زاڵبوون بەسەر ئەو موعاناتە دژوارە هەموو ئەرک و و تەقەلایەکی بۆ تەرخان کردووە.

چونکە ئەم جۆرە شاعیرانە. نازانن خۆر لە کام لاوە هەڵدێت،، لە کاتێکدا شاعیر دەبێ لە ڕیزی پێشەوەی خەڵکەکەوە بێت و ڕێی نووتەکیان بۆ ڕووناک بکاتەوەو نزمترین ناڵە لە هەر کوێیەک بێ دەبێ ئەوان زوو گوێیان لێبێت.

ئینجا کاک ڕەئوف دەڵێ. هەر لە گۆرانەوە هەتا سەرەتای حەفتاکانیش شیعری ناوازەو زایەڵەو سوی بەویژدانمان هەبووە. ئەو شیعرانە بە لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبەکەمانەوە ئەستێرەیەکی لە جریوە نەکەتوون، بەڵام لەوە بە دوا شیعر بەرەو هەڵدێری ساکاری و دەربڕینی ڕاستەوخۆ بەرەو ئینشائیەتی چوون. بە کورتی بوونە قسەی ڕووت و وشەی بێ گیان ڕیزکردن.

کاک ڕەئوف باسی ئەو هۆیە گرنگەی نەکردووە کە بۆتە هۆی ئەوەی شیعری کوردی تووشی هەڵدێری ساکاری و دەربڕینی ڕاستەوخۆ ببێ چونکە هیچ دیاردەیەک لە خۆیەوەو بەبێ هۆ سەرهەڵنادات هەروەک چۆن ڕوانگەش بە حوکمی بارودۆخەکەی ئەو کات دروست بوو..هەروەها لێرە خاڵێکی دیکە خۆی قوت دەکاتەوە ئەویش بۆچی کاک ڕەئوف هەر باسی



ئەم ساکاری یەی شیعر دەکات و ئاوڕێکی لابەلاییشی لەو شیعرە ئاڵۆزو بێ سەرنج کێشانە نەداوەتەوە.کە زۆر دڵنیام کاک ڕەئوف هیچیان لێ تێناگات و لەوەش زیاتر دەتوانم بڵێم ئەگەر هەندێ دێڕە شیعر لەخاوەن شیعرەکە بپرسی ناتوانی وەڵامت بداتەوە چونکە نەموعاناتەو نەهیچ تەنها ئەوە نەبێ چەند وشەیەکی هێناوەو کوێرانە لێکی گرێداون بەشێوەیەک هەرچەندی دەتەوێ بەزۆرەملی مانایەکی بۆ بدۆزیتەوە لێی دەرناچی.

جا با بێینەوە سەر ئەو نووسینەی کاک ڕەئوف کە دەڵێ هەندێک لەو شاعیرە دیارانەش کە لەحەفتاکاندا لەگەڵ کاروانی نوێخوازیی شیعری کوردیدا ئالاّ هەڵگربوون. ئێستا داویانەتە دواوەو تەنانەت بە شیعرە ناوازەکانی ئەو سایاندا ناگەنەوە. ڕەنگە لەو شاعیرانەدا هەبن تا ئێستایش خەڵەتاوی ئافەرین و چەپلەی بازاڕەکەی...هتد ئەمەیان زۆر زۆر ڕاستەو پێویستیش بەگومان و دوو دڵی ناکا بڵێی ڕەنگە وەک لێی دڵنیا نەبێت، بەڵام ئینکاری لەوەش ناکرێ کە سەرقافلەی کاروانی شیعری ئەمڕۆشمان هەر بەو شاعیرانەوە بەستراوە کە لە ڕوانگە باشترین ڕۆڵیان هەبوو واتە ئەو شاعیرانەی کە لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە ڕیزی پێشەوەبوون. ئێستاش هەر لەم ریزە ماون.

ئیتر دەڵێم ئەم جۆرە نووسینە زۆر نووسینی تر بەخۆوە دەگرێ و ئەرکی سەرشانی دڵسۆزانی شیعری کوردییە کە بەتەنگ ئەم کێشەوە بێن و پێویستە بەشێوەیەکی دڵسۆزانەو پێشکەوتووانە باری سەرنج و تێروانینی خۆیان بەرامبەر بەشیعری ئێستامان دەربڕنو ئەو کەلێنانەی



کە ئەمڕۆش شیعری کوردی تووشیان بووە دەستنیشان بکرێن و وشیارانەش چارەیەکییان بۆبدۆزیتەوە. هەروا پێویستە دەروازەیەکیش بۆ ئەو تەوژم(تیار)ە بکرێتەوەو زیرەکانە بۆ خەڵکە ساویلکەکان شی بکرێتەوە کە ئەم جۆرە تەوژمە ئەدەبییانە لە بەرژەوەندی کێن و هۆی چییە تازە بە تازە وا لەناو ئەدەبی کوردیماندا دەبیندرێن؟ لەکاتێکا دەیان ساڵە لە فەرەنساو تەواوی ئەوروپادا ئیفلیج بووە سەرنەکەوت و زوو داتەپی..



# گەشتێکی خێرا
# بەناو گەشتەکەی کاک ئازاددا

ئەگەر لەبەر تیشکی پرۆگرامێکی زانستانەدا بڕوانینە شیعری ئێستای کوردیمان، واتە دوا بەدوای ڕوانگە، کە لە ناوەڕاستی حەفتاکان بەدواوە تا هەنوکە بەخۆوە دەگرێت، دەبینین لەم ماوەیەدا تووشی زۆر گێژەن هاتووەو بای وەیشوومە زۆر جار بەمەلاو بەو لایدا بردووە. هەندێ تەوژم- تیار- ترنجاونەتە ناو دونیای شیعری ئیمڕۆی کوردیمانەوە لە کاتێکا زانستی سەردەم دەمێکە ئەو جۆرە ڕاوبۆچوونانەی مایە پووچ هێناوەتەدەر، بەڵام بەقەد ئەو تەوژمە وردە بۆرژواییانەش، سەردەم چەند شاعیرێکی داهێنەریش بەڵکو پێویستە بەردەوام و زیاتر لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەلیان لەسەر بکرێ و بەشێوەیەکی زانستانە لایەنە شاراوەکانیان وەدیار بخرێ و تیشکی لێکۆڵینەوەی بخرێتە سەر دیارە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەش لە شیعری جوان و داهێنەرانە پێویستی بە

لێکۆڵەرەوەی بە تواناو هوشیار هەیە. لێکۆڵەرەوەیەک بتوانێ زیرەکانە لایەنە باش و خراپەکەی بەرهەم بدۆزێتەوەو هوشیارانەش چاویلکەیەکی پێ بدا، کە لەگەڵ پلەی کزی چاوەکەدا هاوکۆک و گونجاو بێت.

هەروەها خەڵکیش هەیە کەتا هەنووکە ڕەخنەگران تیشکی ڕەخنەیان نەهاویشتۆتە سەر، بەشێوەیەکی زەقتر بڵێم پەییان پێ نەبردووەو دەرگایان بۆ والا کردووە. ئەویش ئەوەیە دوای ڕوانگە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەتا کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان- واتە ئەو پێنج شەش ساڵەی دوای ڕوانگە- شیعری کوردی لەلایەن ئەو شاعیرانەوە لەو ماوەیەدا هاتنە کایەوە هیچ هەنگاوو هێزو گوڕێکی بەخۆیەوە نەبینی و لاساییەکی بێ تامی ئەو چەند دیوانە شیعرانە دەکرانەوە کە لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەرچووبوون.

بەڵام، بەشێوەیەکی گشتی لە هەشتاکانەوە ئەو بەرگەی ڕوانگە وردە وردە بەرەو نەمان دەچوو. تا لەم دواییەدا لەلایەن چەند شاعیرێکی لێهاتووەوە ئەو بەرگەی ڕوانگەو زۆر بەرگی دیکەی کۆنی داڕزیو، کە بە زۆر خۆیان وەبەر شیعردا کردبوو جیڕبەجیڕ کران و بەرگێکی مۆدێل تازە کە لەگەڵ گیانی سەدەم بگونجێ و بە گیانی پیرۆزی شیعرکرا، کاک جەمال غەمبارو کەریم دەشتی ئەم گرەوەیان بردۆتەوەو دوابەدوای ئەمانەش کاکە حەمە عومەر عوسمان و کەژاڵ ئەحمەد و برای شاعیر قوبادی جەلی زادەو نەوزاد ڕەفعەت دێنە پێشەوە.

تاقمێکی دیکەیش هەن کە(بەناو تەلیعی) دەناسرێن. بەدوای ئەم بەرگە گەڕان و سووڕان، بەڵام بەرگەکە کتومت عەمبارە سۆتە!!



شێوەیەکی نوێ و ناوەرۆکێکی داتەپیوی هەیە!! ئەو شاعیرانەی لە سەرەوەش ناوم بردن وەنەبێت لەڕووی فەلسەفەی شیعریانەوە خاڵی بن لە کەم و کوڕی بەڵکو تەنها مەبەستم لەڕووی شێوازی هونەری و تەکنیکی شیعریانە زیاتر نەک فەلسەفەی شیعر. واتە تەکنیکەکانیان نە ئەو جۆرە تەکنیکەیە کەسانی ڕۆشنبیریش بۆیان لێک نەدرێتەوەو!! نە ئەو جۆرە تەکنیکەشە کە زۆر سواو و کۆن بێت و خەڵکی هیچ چێژی لێ وەرنەگرن. بۆ کێشەی لایەنە فەلسەفیەکەش ئەوا وتاری داهاتووم بەناونیشانی(شیعرو فەلسەفەی سەردەم)ە لەبەر ئەوە لەم وتارەمدا دیزە بە دەرخۆنەی لێ دەکەم.

بمانەوێ نەمانەوێ کاتێ باسی ڕەخنەگرانی هەشتاکان دەکەین لە شیعردا کاک ئازاد عبدالواحد دێتە ریزی پێشەوەو یەکێکە لە لاوە دیارەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کە خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی شیعر تەرخان کردوەو لە زۆربەی نووسینەکانیشیدا خۆماندووکردن و شەونخوونییەکی چاکی پێوە دەبیندرێ، بەڵام بەداخەوە لەوەتەی بەکاری ڕەخنەو ڕەخنەکاری یەوە خەریکە بابەتەکانی یان ئەوەتا تەنها ڕەخنەیەو ڕەخنەکەشی بریتییە لە هێرش و داشکاندنی نرخی شاعیرەکە، هەروەک چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەم کارە ڕەخنەییەی بەرامبەر بە کاک لەتیف هەڵمەت ئەنجام دا.. یانیش ئەوەتا تەنها مەدح و ئافەرین و..ە، وەک ئەو کتێبە قەبەو گەورەیەی دەربارەی شێخ نوری شێخ سالح پریکردەوە. هەروەها ئەو گەشتەی کە لەسەر دیوانی(لە غوربەتا)ی(حەمە عومەر عوسمان)یشی لە گۆڤاری بەیانی ژ٠١٥دا بڵاوکردەوە.



لێکۆڵەرەوە یاخود ڕەخنەگر مافی ئەوەی هەیە مەدحی یەکێک بکا، هەروەها ڕەخنەش لە یەکێکی دیکە بگرێ، بەڵام بەمەرجێ مەدح و ڕەخنەکە لە شوێنی خۆی دا بێت و ڕەخنەکە بتوانی زامەکە سارێژ بکا، نەک زیاتر بیخاتە ژێر نووکی نەشتەرەوە!.

ڕەخنەگری هاوچەرخ دەبێ زیرەکانە هەردوو لایەنەکە دەستنیشان بکا، واتە دەبێ وەک ئەو نۆژدارە وابێ کە یەکسەر پەنجە دەخاتە سەر شوێنی برینی نەخۆشەکەو ئینجا دەرمانێکی وای پێ بدا کە برینەکەی پێ چاک ببێتەوە. ئەو ڕەحنەگرەی چارەسەرێک بۆ لایەنە کەموکورتەکەی لە شیعرەکەدا هەیە نەدۆزێتەوە، وەک ئەو نۆژدارە وایە بزانێ تۆ ئەو جۆرە نەخۆشیەت هەیە، بەڵام نەزانێ بە چ دەرمانێک چارەسەر دەکرێت، ئیتر لێرەوە حەز دەکەم وردە وردە خۆم بخزێنمە ناو ئەو گەشتەی کاک ئازاد، کە لەسەر دیوانی لە غوربەتای کاکە حەمە عومەر عوسمانی بڵاوکردەوە.

لە خوێندنەوەی وتارەکەی کاک ئازاددا هەندێ سەرنجم لا گەڵاڵە بوون و وام بە باشتر زانی بییانخەمە ڕوو و دیزە بە دەرخۆنەی نەکەم، چونکە کاکە حەمە عومەر لە سەرەتای هەنگاونانی دایەو حەزم نەکرد ئەو خاڵانەی بەلای منەوە پیاهەڵگوتن(مبالغە)ی تێدایە لێیان بێ دەنگ بم. بەتایبەتی لەبارەی فەلسەفەو تێڕامان و بیرکردنەوە لە ڕۆژگاری ئیمرۆداو لەو ژیانە پڕ لە جەنجاڵەدا. لە کاتێکا تەنها یەک تاکە ڕێگا شک دەبردرێ بتوانێ کۆتایی بەم ژیانە پڕ لە جەنجاڵە بهێنی وناکۆکیەکان بنەبڕ بکا.

ئەم نووسینەی منیش ئەگەر کەلێنیشی تێکەوتبێ، خۆ دەرگای



لێکۆڵینەوەی لەسەرەخۆ دەخاتە سەرپشت،و لەم ڕێگایەشەوە، کە ڕێگای ڕادەربڕینە بە ئاسانی دەتوانین داوە ڕەش و سوورو سپییەکان لەیەک جیا بکەینەوەو هەر یەکەش مافی خۆی بدرێتێ بێ ئەوەی زیاتری بدرێتێ یان لێی بخورێ.

حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە من بەهیچ شێوەیەک مەبەستم بێ بایەخکردنی دیوانە شیعری(لە غوربەتا) نییە، بەڵام وەکو کاک ئازادیش نیم بەرهەمێک بەباش و خراپیەوە ڕەفزبکەمەوەو بەرهەمێکیش هەمدیسان بەباش خراپیەوە هەزار مەدح و ئافەرینی بۆ بکەم!! چونکە ڕەخنەی وا خاوەن بەرهەمەکەش لێی ڕازی نابێ، چونکە زامەکەی بەچاکی سارێژ نابێ.. بە قەناعەتەوە دەڵێم دیوانە شیعری ئەوتۆ خۆیان لکاندۆتە ناو کتێبخانەی کوردیەوە کە بەهیچ شێوەیەک سوودیان نییەو پڕاو پڕی وشەسواو و کۆنەکانی دەیان ساڵ لەمەوپێشن!! بەڵام دەبێ بەهێمنی ڕەخنەیان لێ بگیرێ و بەکارهێنانی مەبەستی تاکە کەسی- الغایە الشخصیە- لەناو ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا گوناهو تاوانە.

بەهەر حاڵ ئەگەر لەمیانەی ئەو وەڵامە خێرایەی کە بۆ کاک ئازاد تەرخان کراوە، تیشکی ڕەخنە بهاوێژرێتە سەر(لە غوربەتا) ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە من دیوانی لە غوربەتا بە هەموو لقەکانیەوە ڕەفز دەکەمەوە. هەرچەندە بیروبۆچوونی من لەگەڵ لە غوربەتا یان دەتوانم بڵێم نووزە نووزو بێهودەیی- عبث-و گۆشەگیری، ئاسمان و ڕێسمانە! بەڵام وەکو هونەرو تەکنیکی هێندێ شیعری لەم دیوانەیدا ڕێزی لێ دەگرم.

دەتوانم بلێیم ئەو نووسینەی کاک ئازاد بۆ دیوانی لە غوربەتای تەرخان کردووە، شایانی شیعرەکانی کاک جەمال غەمبار بوو.

چونکە ئەو شیعرانەی کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە نوقڵانەی دوا ڕۆژێکی پرشنگداری بۆ لێ دەدەن. تەکنیکە شیعرییەکەی لە تەکنیکە شیعرییەکەی کاکە حەمە عومەر پێ گەییوترەو لە ناوەرۆکیشدا هەمدیسان هەوڵی داوە وردە وردە سەرنج لەم ژیانە جەنجاڵە وەربگرێ و تازە لەسەردەمی کۆمپیوتەریشدا ڕێگای بێهودەیی و گۆشەگیری نەکردۆتە ماڵ بۆ خۆی و باوەڕیشی بە تەنیایی ژیان نییە.

بۆیە باسی کاک جەمالم کرد چونکە بەلای منەوە بە تواناترین شاعیرە لە سلێمانی لەناو لاوەکانداو لەسەردەمی ئێمڕۆداو وەکو سەرەتایەکی باشیش پێوەی دیارە کە خەریکی خۆ ڕاتەکاندنە لەو گێژاوە شیعرییە دەرچێ کە ئەمڕۆ زۆربەی شیعرنووسانی کورد تووشی بوونە! نەک(لە غوربەتا ) کە کاک ئازاد ئەم بە ئەو سەرەتایە دەزانێت و هیچ ئاوڕیشی لە کەسی تر نەداوەتەوە وەک ئەوەی سلێمانی بەتەنها کاکە حەمە عومەری شاعیری لێ ڕسکابێ و بەس!!

هەندێ چوارین لەناو لە غوربەتا دەکەونە بەرچاو دەتوانم بڵێیم هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لەلایەن باپیرە گەورەی شاعیران بابە تاهیری هەمەدانی یەوە بەشێوەیەکی قووڵتریش وتراون! کەچی کاک ئازاد دەڵێ(بۆیە من بەختیارم کە ئەو شیعرانە دەخوێنمەوە، بەختیاری ئەوەی خونچەیەکی شیعر خەریکی پشکووتنەو دەیەوێ، بۆن و بەرامەی خۆی هەبێ، بەڵام لە بۆن و بەرامەی ئەو گوڵ و خونچانە نەچێت کە پێشتر



هەبوون) بەڵام لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دیوانەدا ئەو قەناعەتەمان لا دروست دەبێ کە زۆربەی دیوانە ڕۆمانتیکیەیەکانی کوردی بەتایبەتی ئەوانی حەفتاکان شوێن کارتێکردنیان لەسەر ئەم دیوانە هەیە بەڵام کاک ئازاد بە هیچ شێوەیەک پەنجەی بۆ سەر مەسەلەی کارتێکردن نەبردووە ئینجا کاک ئازاد دەڵێ(لەم ڕۆژانەشدا زۆر کەم ڕێدەکەوێ شاعیرێک ببینین بەدوای دۆزینەوەی دەنگ و ڕەنگ و سیمای شیعری خۆیدا بگەڕێ) ئەمە زۆر ڕاستە، بەڵام کە دەڵێ زۆر کەم، واتە هەیە، ئەوەندەیە بەپێی پێویست نییە، کەچی بەهیچ شێوەیەک ئاوڕیی لەم زۆر کەمە نەداوەتەوە! لام وایە بۆیە باسیشی نەکردووە، چونکە لە شاری سلێمانی تەنها کاکە حەمە عومەر عوسمانی بەجێگرەوەی ڕوانگە داناوە!! لەبەر هەندێ ئەگەر باسی کەسی دیکەی کردبایە، ئەوکات ناکۆکی یەک لە نووسینەکانی دا دروست دەبوو.

کاک ئازاد بەردەوام دەبێ و دەڵێ(لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە لاوەشدا ئەگەر بەشێوەیەکی سەرەتاییش بێت هەوڵی ئەو سەرکێشی یەی- واتە سەرکێشیی داهێنان- داوە. بۆ نموونە(پایز) وەرزێکە هەموومان پێی ئاشناین، کەچی شاعیر چەندان وێنەی لەو (پایز)ە خولقاندووەو کە ئەو وێنانە بە ئێمە ئاشنان و ئاشناش نین. ئاشنان، لەبەر ئەوەی کەرەستەو دیاردە سروشتییەکانی لە ژیاندا دیومانن.. لەبەردەستماندا، کەچی نا ئاشنان بە ئێمە چونکە نەمانتوانیوە بەو شێوەیە بیبینین و بەیەکەوە کۆیان بکەینەوە).

ئەم قسەیەی کاک ئازاد ڕاستییەکی تێدایە کە هەنووکە شاعیرانمان



بەو شێوەیەی کاکە حەمە عومەر پایزیان نەکردۆتە کەرەستەی شیعرو دەیان ڕەمزی جۆراوجۆر، بەڵام دیسانەکە کاک ئازاد وای دەرخستووە کە لە هەموو شیعری کوردی دا یەکەمجارە شاعیرێک باسی پایز بکات.. بەڵام کاتێ چاوێک بە شاعیرە کلاسیکەکانی خۆماندا دەخشێنین دەبینین سەدان جار باسی(خەزان)یان کردووەو کردوویانەتە کەرەسەی شیعرەکانیان، هەروەها لەسەردەمی گۆران و دیلان و..و..و قۆناخی ڕوانگەش دا بەشێوەیەکی فراوانترو باشتر خۆی لەناو شیعردا سەقامگیر کردووە، بەڵام ڕاستە تائێستا جگە لە حەمە عومەر شاعیرێکمان نییە سەرتاپای دیوانێک بە پایزو مردن و غوربەت و گۆشەگیری پڕ بکاتەوە!!

ئەگەر کاک ئازاد پێویستی بە زیاتر ڕوونکردنەوە هەبوو، ئامادەم دەیان نموونەی لە شاعیرە کلاسیکەکان و ڕۆمانتیکیەکان بۆ بهێنمەوە!

دوایی کاک ئازاد پەنجەی بۆ سەر لایەنێکی تر بردووە ئەویش نیگەرانی -قلق-ەو وای لێک داوەتەوە کە هەر هەموو جۆرە نیگەرانییەک وا لە ئادەمیزاد دەکات کە بەردەوام بە دوای ئاسۆی فراوانتردا بگەڕێ.

لێرە کاک ئازاد دەبوایە باسی جۆرەکانی نیگەرانیی کردبایە، چونکە هەموو جۆرە نیگەرانییەک نەک هەر بەرەو ئاسۆیەکی فراوانت نابات بەڵکو جۆری وای هەیە تابن هەنگڵ دەتخاتە نووتەکەوە، هەندێ نیگەرانی دەبێتە مایەی سەرگەردانی و زیاتر هەست بە شپرزەییو دابڕان کردن، لەبەر ئەوە زۆر پێویست بوو کاک ئازاد بەچەند دێڕێک باسی نیگەرانی لە هەردوو فەلسەفە سەرەکییەکەی ژیاندا بکردایە، ئینجا



نیگەرانییەکەی کاکە حەمە عومەریشی ڕوون کردبایەوە کە کەوتۆتە ژێر کام فەلسەفەوە.

هەروەکو چۆن نیگەرانی لەلای کافکاو کامۆو ڕامبۆ شێوەیەکەو هەروەها لەلای ئەراگۆن و ئیتماتۆفیش بەشێوەیەکی ترە.

ڕامبۆ زۆر نیگەران بوو، بەڵام نیگەرانییەکەی نەک هەر نەیتوانی بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون و فراوانی ببا، بەڵکو زیاتر شپرزەی دەکردو ئارامی لێ هەڵدەگرت و سەری دونیای لا وێکدە هێنایەوە. ئەم کۆپلە شیعرە بخوێنەوە:

**ئای بۆنی گوڵە مێخەکی سەر سینگت چەند خۆشە**
**دەڵێی مزگێنی سبەینێیە**
**مەهێڵە، مەهێڵە لەناو ئامێزتا خەوم لێ بکەوێ**
**نەبادا خۆری سبەینێ هەڵبێ و من خەوتووبم**

*تا دەڵێ:*

**گوڵەکەم ئێستاکێ پێبکەنەو مەژاکێ**
**سەر بخە سەر قۆڵم، لەم برینە گەورانە سڵ مەکەوە**
**ئەوانە بەردەبازی تاریک و روونن**
**بۆ خۆری سبەینێ**

هەر ئەو شاعیرە دەڵێ:

**هەتا توانستی سووتانمان هەبێ.**
**تاریکستان نییەو نابێ**

(دیوانی سروودو درووود- ساڵی ١٩٨١)

دوابەدوای ئەمانە کاک ئازاد دەڵێت(زۆر کەم دەنووسێ و ئەگەر شیعرەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەسەر ساڵەکانی تەمەنی شیعریی دابەش بکەین، دەبینین لە ساڵێک دا دوو شیعر کەمتری بەردەکەوێ.

بۆ ئەمەیان دەڵێم شاعیری بەهرەمەندو بەتوانا زۆریش بنووسێ، دەتوانێ داهێنان بپارێزێ. ڕامبۆی شاعیر لە ماوەی چەند ساڵێکی زۆر کەم دا کە ناگەنە پەنجەی دەستێک، دەیان شیعری زیندووی نووسی و توانیشی ببێت بە شاعیرێکی گەورەی جیهانی، نموونەی لەم بابەتە ئێجگار زۆر هەنە. کەواتە شتەکە(نسبی)یەو بەتواناو لێهاتوویی شاعیرەکە خۆیەوە بەستراوە. بۆ شیعرەکانی کاکە حەمە عومەر عوسمانیش بەشێوەیەکی گشتی. بەلای منەوە نە ئەو شاعیرەیە بە تازەگەرترین شاعیری لە قەڵەم بدەین، نە ئەو شاعیرەشە تائێستا هیچی دیار نەبێ ئەوەش دەڵێم، کاکە حەمە عومەر وەک هەنگاوی یەکەمی داهاتوویەکی ڕوونی لێ چاوەڕوان دەکرێ، ئەگەر نەختێک ڕەشبینییەکەی کەمتر بکاتەوە چونکە لای ئینسانی واقیعی خەم دەبێ تینت پێ بدا.. نەک نەترەت پێ بەردا!!

لە پاشان کاک ئازاد دەڵێ(شاعیر کە توانی بە گەورەیی و ڕاستگۆیی تەعبیر لە خۆی بکات. زۆر چاکیش دەتوانێ ترپەی لێدانی دڵی سەردەمەکەشی بباتە ناو شیعرەکانییەوە). بۆ پاڵپشتی ئەم قسەیەشی نموونەیەکی لە قسەکانی مەکسیم گۆرکی هێناوەتەوە.

ئەم بۆچوونەی کاک ئازاد لە کاتێکا دەگونجا، ئەگەر شاعیرەکە زاتی خۆی لە ناو مەوزوعیەتەکەدا تاواندبایەوە. کە گۆرکیش وای گوتووە،



ئەوە بەپێی هەڵوێست و تێڕامانی خۆیەوە وای وتووە، بەرامبەر بەم ژیانە پڕ لە جەنجاڵەی کە لە وڵاتەکەی دا تەشەنەیان سەندبوو.. ئەگینا تۆ بڵێی ئەوانەی ئیمڕۆ گیرۆدەو هەڵخەڵەتاوی تەوژمی بونیەویەتن ئەمانە لەگەڵ ترپەی لێدانی دڵی سەردەمەکەیان بن؟! کەواتە مەسەلەکە بەستراوە بە بیرکردنەوەو هەڵوێست و کۆششی بەردەوامی ئەدەیبەکە خۆیەوەو لە ڕێگای ئەمانەشەوە دەتوانین حوکم بەسەر ئەدیبەکەدا بدەین.

ئیتر حەزم لە درێژدادڕی نییەو ئەو خاڵانەی کە ماون لێیان بدوێم و تیشکی ڕوونکردنەوەی بخەمە سەر، بەگشتی دەچنەوە سەر ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە لێیان دواوم. بۆ نموونە کاک ئازاد دێڕە شیعری.

**کوا شیعرێ ژانی من بگرێتە خۆی؟**

بە نموونە هێناوەتەوە دەڵێت: ژانی ئەویش ژانی هەموو خەڵقییەو..هتد. کەچی(گۆران)ی ئوستاد زەمانێکە فەرموویەتی:

**هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم**
**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم**

کاک ئازادیش بەهیچ شێوەیەک باسی ئەو کارتێکردنەی نەکردووە!

ئیتر زۆر نموونەی تر هەنە کە کاکە حەمە عومەری شاعیر سوودی لە شاعیرانی ڕابردووی خۆی وەرگرتووە تیایانداو کاک ئازادیش پەنجەی بۆ نەبردووە! بەهەر حاڵ ئەو نووسینەی کاک ئازاد خۆماندووکردن و شەونخوونی پێوەیە، کارێکی خراپ نییە، کاکە حەمە عومەر عوسمان و زۆر شاعیری تریش هەن پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوە هەیە.. بەڵام، بەداخەوە نووسینەکەی کاک ئازاد پیاهەڵگوتن- مبالغەی تیایەو بۆ



ئەوەی ئەو نووسینەی بەپێزتر بوایە، دەبوایە لەژێر فەلسەفەی سەردەمدا پێناسەیەکی ئەم ڕۆمانتیکی یە ڕەشبینییەی بکردایە، ئینجا ڕۆڵی کارتێکردنی ئەو شاعیرانەی دەستنیشان بکردایە کە کەم و زۆر بەسەر شیعرەکانی کاکە حەمە عومەرەوە دیارن. ئەمە جگە لەوەی ئاوڕیشی لەلایەنی مۆسیقای شیعری ئەم برایە نەداوەتەوە، لەکاتێکا شیعرەکانی کاکە حەمە عومەر زۆربەیان مۆسیقینە!

لە کۆتایی دا دەڵێم هەوڵم داوە بەپێی بیرکردنەوەو بۆچوونی خۆم نووسینەکەی کاک ئازاد هەڵبسەنگێنم، بێ ئەوەی مەبەستم بێبایەخکردنی هەم نووسینەکەی کاک ئازاد بێ و هەم لە غوربەتاش کاکە حەمە عومەر عوسمان بەسەرەتایەکی باش هاتۆتە ناو کۆڕی شیعرەوە پێویستی زیاتر بە ئاوڕ لێدانەوە هەیە، بەڵام ئاوڕێک بتوانێ هەردوو لایەنە باش و خراپەکەی ببینێ.

ئیتر بەهیوای دەرچوونی دیوانی دووەمی کاکە حەمە عومەر عوسمان، بەڵام دوور لە کونجی گۆشەگیری و(عبث)و باوەڕ قایمترو سورتر دەبێ واتە پاڵەپەستۆ هەرچەندە زیاتر بێت تەقینەوە بەهێزتر دەبێت!!!

## چاپکراوەکانی نووسەر

- هەنگاو: دیوانە شیعر

## ئەم بەرهەمانەش لە ژێر چاپدان:

**- دیموکراسیو ئیسلامی سیاسی/ لێکۆڵینەوە**

**- ئایین و دەوڵەت و پەیڕەوکردنی شەریعەت/ وەرگێڕان**

**- گەردەلوولی ئایدیۆلۆژیا/ لێکۆڵینەوەیەکی هزرییە.**

**هەر سێ کتێب ئەمساڵ دەکەوێتە دەست خوێنەرانی ئازیز چاوەڕوان بن.**

فوئاد سدیق